دکتۆر نوری تاڵەبانی

# سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوک

وەرگێڕانی

مەریوان حوسێن چیمەنی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی 2003

- د. نوری تاڵەبانی
- سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوک
- وەرگێڕانی: مەریوان حوسێن چیمەنی
- سلێمانی 2003
- پیتچنین: تاهیر شکور، رۆژگار مەعروف، هێمن نورەدین
- مۆنتێر: سازان عومەر
- زنجیرەی لێکۆڵینەوە (5)
- ژمارەی سپاردن (40)ی ساڵی 2003.
- بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)

# پێرست


پێشەکی‌یەك لەلایەن لۆرد ئێڤری‌یەوە ..... 5
پێشەکی ..... 7
بەشی یەکەم: کورتەیەك دەربارەی مێژوو و جوگرافیای
ناوچەی کەرکوك ..... 9
بەشی دووەم: دانیشتوانی دیکەی غەیرە رەگەزی کورد:
تورکمانەکان ..... 15
1-نەژادی تورکمانەکان ..... 18
2-خەملاندنی ژمارەی دانیشتوانی تورکمانەکان ..... 19
3- پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان ..... 24
4-لایەنی سیاسی تورکمانەکان ..... 26
بەشی سێیەم: سەرەتای هەوڵ و کۆششەکان بۆ بەعەرەب کردن ..... 29
1-ماوەی حوکمی پاشایەتی ..... 31
2-ماوەی نێوان ساڵانی 1958- 1968 ..... 36
3-ماوەی ساڵی 1968 تائێستا ..... 51
بەشی چوارەم: ئەنجامی بەعەرەب کردن و وێران کردن
لە پارێزگای کەرکوك ..... 87





پاشکۆکان ..... 97
پاشکۆی ژمارە 1 ..... 99
پاشکۆی ژمارە 2 ..... 100
پاشکۆی ژمارە 3 ..... 108
پاشکۆی ژمارە 4 ..... 113
پاشکۆی ژمارە 5 ..... 116

## پێشەکییەك لەلایەن لۆرد ئێڤرییەوە:

زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە بانگێشتکرام بۆ نووسینیئەم بەرایەیە بۆ پرۆفیسۆر نووری تاڵەبانی سەبارەت بەم توێژینەوە گرنگە دەربارەی ئەندازەی دیمۆگرافی ناوچەی کەرکوك.

بەپێی دوایین راپۆرتی پەیامنێری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەرعیراق (Max uan der stole)، عیراق هەتا ئێستاش لەپێشەوەی ئەو دەوڵەتانە دێت کە زۆرترین حاڵەتی بزربوونی تێدایە لەچاو دەوڵەتانی تر. ئەوەتا سەدان هەزار ئاوارەی عیراق والە ئێرانو سعودیەو تورکیان، زیاتر لەدەیان هەزار ئاوارەی عیراقی بەشێوەیەکی فیعلی لەئوردنن.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەی کەبێ سەروشوێنن یاخود هەڵهاتوون بۆ دەرەوەی عیراق، ژمارەیەکی زۆریش لەناوخۆدا ئاوارەو دەربەدەر بوونە. تەنها عەرەبی زۆنگەکانی باشوور نەبوونەتە قوربانی کارە دزێوەکانی (صدام)، هەروەك دکتۆر تاڵەبانی ئاماژەی پێکردووە. بەڵکو سیستمیگۆڕینو تێکەڵاوکردنی دانیشتوانی ناوچەی کەرکوکیش زۆر لەمێژە بەردەوامە.

ئەم سیاسەتە ڕاستەوخۆ لەدوای خۆسەپاندنی دەسەڵاتی بەعسییەکان لەڕێگەی کودەتاکەی ساڵی (1968)وە دەستی پێکرد.



لەم هەڵمەتەدا دەیان هەزار لەخێزانی کورد بەزۆرەملێ دەربەدەرو ئاوارەکراون. ئەم کارە دڕندانەیە لەخراپترین شێوازی کۆندا لەسەردەمی (جۆزیف ستالین)دا بەکارهات کە ئەوکات ڕۆژئاوا لەئیدانە کردنی بێ دەنگ نەبوون کەچی ئەمە ناوەڕۆکو دەلالەتێکی قوڵە بۆ هەردەسەڵاتێك کە لەدوای (صدام) بێت. ئایا هەموو ئەو بارمتانە دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەرماڵو خاکیان هەروەك جەختەکەین لەسەرئەو دۆخەی کە لەبۆسنە هەیە؟ یان سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی رێگە پێدراوە لەکاتێکدا زۆر بەبێ دەنگیو تەواویی ئەنجام دەدرێ. پرۆفیسۆر نووری تاڵەبانی گەورەترین خزمەتی کردووە بەجیهانی بۆ ئاشکراکردنو پەردەلادان لەسەر رووی تاوانەکانو پلانەکانی (صدام) دژ بەگەلی کورد لەناوچەی کەرکوك. بائەمەش بچێتە سەر لیستی تاوانەکانی دیکەی دژ بەمرۆڤایەتی کە رۆژێ دێ (إنشاءالله) باجەکەی ئەداتەوە.

**لۆرد ئێڤری**

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی بەریتانیا

ئەنجومەنی لۆردان 10ی نیسانی 1995 لەندەن

## پێشەکی

کەرکوك ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لەڕووی کێڵگەی نەوتیو زەویوزاری بەرفراوانی کشتوکاڵییەوە کە هەمیشە لەبەربەستە سەرەکییەکان بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لەعیراقدا[*]

لەڕووی جوگرافیاوە ناوچەکە زینی ڕێگای ستراتیجی بازرگانی نێوان ئێرانو عیراقو سوریاو تورکیاو ئەولاتریشە هەرچەندە دۆزینەوەی بڕێکی زۆری کێڵگەی نەوتی لەناوچەکەدا وای لەبەریتانیا کرد کە لەساڵی (1926)دا ناوچەی کەرکوكو ولایەتی (موسڵ)ی عوسمانی (کە ئەوکات کەرکوك بەشێك بوو لەم ولایەتە) ببەستێ بەدەوڵەتی تازە دروست کراوی عیراقەوە. ئەم دەوڵەتە تازەیە لەساڵی (1921) دروست کراو لەژێر

[*] ئەم کتێبە سەرەتا لەساڵی (1995)دا بەزمانی عەرەبی بڵاوبووەتەوە لەوڵاتی سویدو کوردستانی خۆمانیش. وەچاپی دووەمیش لەساڵی 1999 لە لەندەن بڵاوبووەتەوە لەساڵی 1998دا لەوڵاتی سوید وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی وە لەساڵی (2000)دا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.



ئینتدابی بەریتانیادا بوو، هەموو ئەم هۆکارانە، بەتایبەتی لەساڵی (1963) بەدواوە، بوونە مایەی هەوڵدانی بەردەوامی حکومەتی ناوەندی عیراق بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەی ستراتیجی کەرکوك. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەهۆکارەکانی ئەم سیاسەتە باسەرەتا تیڕوانینە لایەنی جیۆپۆلەتیکسو مێژوو ودیمۆگرافی ناوچەی کەرکوك، پاشانیش لەبارودۆخەکە دەکۆڵینەوە چ لەپێشو چ لەپاش ئەوهەوڵو کۆششانە.

**بەشی یەکەم**

## کورتەیەك دەربارەی مێژوو وجوگرافیای ناوچەی کەرکوك

**ناوچەی کەرکوکی زێڕین کـە دەکەوێتـە نێـوان چیاکانی زاگـرۆس لـەباکووری ڕۆژهــەلاتو زێی بچـوکو رووبـاری دیجلـە لـەباکوری ڕۆژئـاواو زنجیرە چـیای حـەمرین لەباشـووری ڕۆژئـاواو زێی سـیروان (دیالە) لەباشووری ڕۆژهەلات.**

**ئـەم ناوچـەیە پێشـتر لەلایـەن شارسـتانی‌یە کۆنەکانـەوە[1] بەئـەرەفا یاخود بە (کەرخا دی بێت سیلۆخ) کە دەکاتە ئێستای ناوی کـەرکوك ناسرابوو هەمان ناوچە لەسەردەمی دەسەلاتداریێتی ساسـانیەکاندا بـە (گەرمەکان) ناسـرابوو. لەلایـەن نووسـەرەکانی چـەرخی ناوەڕاسـتەوە بەگەرمیـان[2] ناسرابوو ئەم ناوە مێژوویەیە هەتاکو ئێسـتاش زینـدووەو بەکاردێت لەلایەن خەلکی ئەم ناوچـەیە، بـەلام نـاوی کـەرکوك تـەنها بەشارەکە ئەوترێ.**

**ڕێگـای سـەرەکی بازرگـانی بـەم ناوچـەیەدا یـاخود بەسـنوورەکەیدا تـێ ئەپەڕێ.**

[1] (گاد S.H. Gadd) و (سدنی سمیس Sidney smith). دەلێن ئەم ناوچەیە لەسەردەمی بابلیو ئاشووری‌یەکاندا هەمیشـە دووچـاری هێرشـی خەلکـە شـاخاوی‌یەکان بوونەتـەوە کـە لەباکوری ڕۆژئاوادا نیشتەجێ بوون.

[2] لەسەرچاوە مێژووینەکانی ئارامیو سریانیدا ئەم نـاوە بـە (**بیـث** گـەرمایی) کـە کـورت کراوەتەوە بۆ (باگەرمی). وە لەسەردەمی ئیسلامدا ئەم ناوەو ناوە، ئیداری‌یـە ساسـانی‌یەکە تەعریب کرا بۆ (**باجرمی**) و (جرمکان).



**ئـەم ناوچـەیە چـەندین چـیای لـەخۆگرتووە، لەوانـە دەربەنـدی بازیـانو سەگرمە، هەروەها لەهەمان ناوچە کۆتاییان پێ دێ[1]. هەربۆیە ئەم ناوچـەیە بایەخێکی ستراتیجی هەیە بۆ ئەو هێزە داگیرکەرانەی کە بەدرێـژایی مێـژوو دەیـان ویسـت ئـەم ناوچـەیە داگـیر بکـەن بـۆ پاراسـتنی ئـەم بازرگانی‌یـەو ستراتیجی‌یەتی ئەم هاتووچـۆیە. ڕژێـم چـەندین مۆلگـەی سـەربازی لـەنزیك شارۆچکەی کفریو دووزخورماتوو داقوقو پردی (ئـالتوون کـۆپری)، جگـە لـەخودی شـاری کـەرکوکیش دروسـت کـرد. ئـەم مۆلگـە سـەربازیيانە وەك قەلایەکی سەربازی بـەکاردەهێنران هـەم وەك بنکەیـەکی گـومرگی بـۆ بـاج وەرگرتن لەو کاروانە بازرگانیانەو هەم بۆ پاراستنیان.**

**بازرگانەکانو گەشتیارەکان لەشارە بازرگانی‌یـەکانی ڕۆژئـاوای ئێرانـەوە وەك سنە (سندج)و کرمانشاەو هەمەدان ڕوویان تێ دەکرد کەبەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆلو عـیراقو لیڤانـت دەڕۆیشـتن. شـاری کـەرکوکیش هـەر لەسـەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە وەك ناوەندێکی سەرەکی بازرگانی بوو بۆ ناوچەکە.**

**دانەری ئینسایکلۆپیدای عوسمانی (شمس الـدین سـامی) لـە (قـاموس ئیعلام)دا لەکۆتای سەدەی نۆزدەهەم دا بەم شێوەیە باس لەلایەنی دیمۆگرافی شاری کەرکوك دەکات ((سێ بەشی دانیشتوانەکەی کوردنو ئەوی تر بریتین لـەتورکمانو عـەرەبو چـەند کەمایەتی‌یـەکی تـر. (760) جـوو (460) کلدانیش لەم شارەدا دەژین.[2]**

[1] تۆفیـق وەهبـی: گەشـتێك لەدەربەنـدی بازیـان بـۆ ملـەی تاسـلۆجە (بەغـدا: چـاپخانەی ئەلمـەعارف، 1965)، ل 60" تۆفیـق وەهبـی، ((نـاوی کـەرکوك)) گۆڤـاری ئـەلکاتب، حوزەیران، 1958، بەغدا.

[2] شمس الدین سامی، ((قـاموس الاعـلام))، ئیسـتانبول چـاپخانەی مـەهران، 1315 ك/ 1896 ز بـەم شـێوەیە بـاس لەکـەرکوك دەکـات: ((دەکەوێتـە ولایـەتی موسـلەوە کەسـەر بەکوردستانەو لـەدووری (160)کم لەباشـوری ڕۆژهـەلاتی شـاری موسـلەوەیە بەهاوتـەریب لەنێوان چەند گردێکدایەو لەتەنیشت دۆلێکی بـەرفراوان کـەپێی دەلـێن دۆلـی ئەدهـەم کـە

چەند ساڵێك لەمەوپێش ئەندازیاری رووسی (جۆزێف چرینك) كە بەمەبەستی لێكۆڵینەوە كردن لەسەر ئەگەری دەریاوانی لەهەردوو رووباری دیجلەو فورات‌و لقەكانیدا، هاتبووە كوردستان‌و لە ( The Jornal of the (Royal Russian Geographi Cal Society/ Caucasian Department لێكۆڵینەوەیەكی بڵاوكردەوە. پاش ئەوەی سەردانی شاری كەركوكی‌كردو ژمارەی دانیشتوانەكەی بە (12-15) هەزاركەس خەملاند كە هەموویان كوردن، جگە لە (40) خێزانی ئەرمەنی. ناوبراو باس لەیەكەكانی سوپای عوسمانی نەكردووە هەروەك خەڵكی ئەم ناوچەیە نەبن‌و زۆربەیان دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەكانی خۆیان دوای تەواوكردنی خزمەتی سەربازیان.

لەماوەی ساڵانی ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی شیعەی سەفەوی‌و ئیمپراتۆریەتی سوونی عوسمانی‌دا، كوردستان بەگشتی‌و كەركوكیش بەتایبەتی ببووە شەڕگەیەكی بەردەوامی نێوانیان. جەنگی وێرانكەر ببووە مایەی زیاتر كاول كاری لەماوەی حوكمی شای سەفەوی وەك تەهماسابی یەكەم‌و عەباسی یەكەم‌و سافی یەكەم‌و دوای ئەو ئەفشارد پاشا (نادر) دژبە سوڵتانەكانی عوسمانی وەك سالم‌و سولەیمان‌و مورادی چوارەم.

ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی سەنجەقی شارەزوورە. وژمارەی دانیشتوانەكەی دەگاتە (30000) سی هەزار، یەك قەڵاو (36) مزگەوت‌و (7) قوتابخانەو (15) تەكیەو (12) خان‌و (1282) دوكان‌و (8) حەمامی گشتی لێیە. هەروەها بڕوانە هەڵكەوت حەكیم، كەركوك: ((شاری ئاگرو رووناكی))، گۆڤاری چریكە، ژمارە (3) لەندەن ئابی 1984، ل 41.

د. جەبار قادر، كەركوك: ((سەدەونیوێك لەبەتورك كردن‌و عەرەب كردن)) ( Iraqi file Jornal) ژمارە 99، ئاداری 2000، ل 42، لەندەن.

محەمەد ئەمین زەكی ((كورتەیەك لەمێژووی كوردو كوردستان)) وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی عەرەبی لەلایەن (**محمد علي عوني**)، بەغدا، 1961، چاپی دووەم، ل 164.



پێگەی ستراتیجی كەركوك بووە مایەی ئەوەی چەندین جار ئەم دەست‌و ئەودەستی دوژمنان بكات لەماوەی ئەم شەڕانەداو تووشی ئازارو ماڵ وێرانی بێن لەم پرۆسەیەدا.

(C. J. Edmonds) بەم شێوەیە باس لەئیدارەی ناوچەی كەركوك دەكات لەماوەی دوا فەیسی تەمەنی دەسەڵاتی عوسمانیدا: لەسەدەی هەژدەهەمدا كەركوك شارێكی سەرەكی ئیالەی شارەزوور بوو كە لەلیوای كەركوك‌و لیوای هەولێرو لیوای سلێمانی پێك هاتبوو. لەگەڵ چاكسازی‌یەكانی مەدحەت پاشادا كەوالی بەغدابوو (1869-1872) ناوی شارەزووریان نا لەسەنجەقی كەركوك كە دەكاتە ئێستای لیوای كەركوك‌و هەولێر، بەڵام شارەزووری مێژوویی لەدەرەوەی سەنجەقەی تازەی سلێمانی مایەوە.

ولایەتی موسڵ لەساڵی (1879) پێكهێنرا، لەگەڵ مانەوەی گرنگی سەربازی كەركوك.

بۆجارێكی ترو لەژێر چاودێری راستەوخۆی فەرمان رەوای عوسمانی ولایەتی موسڵ دابەشكرا بۆ سێ پارێزگا (كە بەتوركی پێیان ئەوت سەنجەق‌و بەعەرەبیش ئەیان ووت لیوا) كە بریتی بوون لەپارێزگای موسڵ‌و پارێزگای كەركوك‌و پارێزگای سلێمانی. دوابەدوای داڕووخانی دەسەڵاتی عوسمانی لەساڵی 1918دا سێ قەزا لەباكوری زێی بچووك لەكەركوك جیاكرایەوە تاكو پارێزگای هەولێری لێ پێك بهێنرێ. لەساڵی (1925)و لەژێر چاودێری ئیدارەی عیراق‌دا كەركوك بووە پارێزگا كە لەچوار قەزا پێك هاتبوو، قەزای ناوەندی كەركوك‌و كفری‌و چەمچەماڵ‌و گل. لەڕووی مێژووی سیاسی ناوچەكەوە ئینسایكلۆپیدا ناسی سەدەی حەڤدەهەم، حاجی خەلیفە

هەمان سەرچاوە، ل 166.

C. J. Edmonds, kurds, turks and Arabs: Politics. Travel and Research in North- eastern Iraq, 1919-1925, Oxford, 1957, 265- 6.

دەڵێ، سەرەڕای دەسەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی بەسـەر قـەزاکانی دەوروبـەری کەرکوکدا کەچی فەرمانڕەوای راستەقینە لـەم ناوچـانەدا بەدەسـتی کـوردی ناوخۆی ناوچەی دەسەڵاتدارێتی ئەردەڵان بوو. هەرچەندە پـاش ماوەیـەکی کورت عوسمانی‌یەکان توانیان دەسەڵاتی خۆیـان بسـەپێنن بـەهۆی چـالاکی پاشایانی میرنشینی (ئیالەی) شـارەزوورو ئـەم ناوچـە ئیداری‌یـە لـە (32) سـەنجەق پێکهـاتبوو کـە کـەرکوك یـەکێك بـوو لـەو ئیالاتانـەی کـە سـەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو. کـەرکوك بـووە جێگـای میرنشـینی شـارەزور دوای ئـەوەی ئـەو قەڵایـەی کـە بـەناوی ئـەم شـارەوە بـوو لەلایـەن شـاە عـەباسـی سەفەوی‌یەوە وێران کرا.

لەساڵی (1732)دا نادرشاە شاری کەرکوکی گەمارۆداو لەساڵی پاشتر شەڕێکی گەورە رویدا کە عوسمانی‌یەکان بەتێکشکاوی لەم شەڕەدا دۆڕان.

لەسـاڵی (1743)دا جـارێکی تـر کـەرکوك کەوتـەوە ژێـر دەسـتی سـەفەوی‌یەکانەوە. پاشـان بـەپێی رێککەوتننامـەی ئاشـتی سـاڵی 1746 درایـەوە دەسـتی تورکـەکان، بـەم شـێوەیە کـەرکوك لـەژێر دەسـتی ئیمپراتۆری‌یەی عوسمانی‌دا مایەوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی.

کاتێ هێزەکانی بەریتانی لەئایاری ساڵی (1918)دا داگیریان کرد.

پاش کۆتایی‌ی جەنگی جیهانی یەکەم پاشماوەی عوسمانی‌یەکان لەسنووری ولایەتی موسڵدا هەوڵو کۆششی خۆیـان خسـتە گـەڕ بـۆ پەیوەنـدی کـردن

---

حـاجی خەلیفـە، موسـتەفا بـن عـەبـدولا خـەتاب چـەلەبی، جەهەنـەما (لـە 1058/ 1648 کۆتایی هات، سەرەتا لـە 1145/ 1732 بڵاوبـووەوە) وەرگێـڕانو بڵاوکردنـەوەی لەلایەن

Norberg as Gihan Numa: Geographia Orientalis, Speculm Mundi (Lund/ London, 1818), 445.

ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی بەشی پێنجەم ((کەرکوك)) ل. 147.

حاجی خەلیفە، 445.

هەمان سەرچاوە.



لەگەڵ کوردەکانو فەرماندە تورکمانەکان لەناوچەکەدا بۆ گەڕانەوەی ولایەتی موسڵو دەسەڵاتی خۆیان، بۆیە زۆرترین ژمارەیان کۆکردەوە لەو ئەفسەرانەی کەپێشتر لە لەشکری عوسمانی کاریان دەکردو دانیشتووی کوردستان بوونو بەئەسڵ کوردبوون وەکو نوێنەرایەتیـەك بـۆلای شـێخ مـەحمودی حەفیـد کـە حوکمڕانی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردسـتانی باشـوری دەکـرد لەوکاتـەدا، بۆلای پیاو ماقوڵو ناودارانی تورکمان لەکەرکوك. ئەمـەو بۆئـەوەی رازیـان بکەن تاکو لەسنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌دا بمێننەوە.

هەرلەم ماوەیەدا کورد هەوڵی رازی کردنی وڵاتە رۆژئاوای‌یەکانی دەدا بۆ بڕیاردان لەسـەر جێبـەجێ کردنـی بەنـدەکانی پەیماننامـەی سـیڤەر کـە لـە (10)ی ئـابی (1920)دا بڕیـاری لەسـەردرابوو کـە تێـدا هـاتووەو بـاس لەدامەزراندنی کیانێکی کـوردی دەکـات لەکوردسـتانی عوسمـانی‌دا بـەدوو قۆناغ. کورد جەنەڕاڵ شـەریف پاشـایان وەکـو نوێنـەر نـارد بـۆ پـاریس بـۆ پەیوەندی کـردنو بەشـداری کـردن لەکۆنفرانسـی (ڤرسـای) کـە لـەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەسترا.

هەرلەوکاتـەدا سیاسـەتی بـەریتانیا لەناوچـەکەدا گۆڕانکاری‌یـەکی بەسـەرداهات، چـونکە بـەریتانیا زۆر بەجـدی هـەوڵی بەسـتنەوەی ولایـەتی (موسڵ)ی دەدا بەعیراقەوە، کە لـەژێر ئینتـدابی بـەریتانیادابوو، کـە هـەتا ئـەوکات بریتی‌بـوو تـەنها لەولایـەتی بەغـداو بەسـرا. دەسـەڵاتی ئینتـدابی بـەریتانی کـە بـەرپرس بـوو لـەعیراقو کوردسـتان، لەسـاڵی (1921)دا ریفرانـدۆمێکی سـازدا بەبۆنـەی دانـانی ئـەمیر فەیسـەڵ بـن حوسـێن وەك پاشـایەك بـۆ دەوڵـەتی تـازەی عـیراق. هەربۆیـە زۆری دانیشـتوانی ناوچـەی کەرکوك، کە راستەوخۆ لەلایەن ئەفسەرە سیاسی‌یەکانی بـەریتانیاوە بـەڕێوە دەبرا، ئەم ریفراندۆمەیان رەت کردەوەو رازی نەبوون. هەندێ ناوچـەی تـریش وەك سلێمانی هەر ئامادەنەبوون کە بەشداری بکەن لەم ریفراندۆمە.

کەرکوك پاشان بووە بەشـێك لەدەوڵـەتی پادشـایەتی عـیراق کاتێـك کـە کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) بەبڕیاری (37)ی کۆمەڵە لە (16)ی ئابی (1924) لەجنێڤ، بڕیاری‌دا کەهەموو ئەو شوێنانە کـە دەکەونـە خـوارووی

هێڵی (برۆکسل)ەوە (سنووری ئێستای نێوان عیراق‌و تورکیا) پێویستە بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی پادشایەتی عیراق. ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای ڕێنمایی‌یەکانی لیژنەی نێردراوی کۆمەڵەی گەلان درا، کە ناردرابوو بۆ گێڕانەوەی ڕاستی‌یەکان.

## بەشی دووەم:

## دانیشتوانی دیکەی غەیرە ڕەگەزی کوردی: تورکمانەکان

پاش ئەوەی عوسمانی‌یەکان سێ بەشی خاکی کوردستانیان داگیرکردو دوابەدوای پەیماننامەی زەهاب کە لەگەڵ فارسەکاندا لەساڵی (1639ز)دا مۆرکرا سوڵتانەکانی عوسمانی درکیان بەگرنگی هێڵی سەرەکی گەیاندن‌و بازرگانی کرد کە بەتەواوی ناوچەکەدا تێ دەپەڕیی، هەروەك چۆن سەفەویەکان پێشتر درکیان بەم گرنگی‌یە کردبوو.

بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە، عوسمانی‌یەکان هانی پیاوانی دارودەستەی سەربازی خۆیان دەدا تاکو لەو شارو شارۆچکانەی کە لەدەوروبەری هێڵی بازرگانی بوون لەولایەتی موسڵ نیشتەجێ بن. ئەم هێڵە لەباکورەوە لەتەلعەفەرو موسڵەوە دەست پێ دەکات بەهەولێرو پردی (ئاڵتون کۆپری)و کەرکوك‌و داقوق‌و کفری تێ دەپەڕێ پێش ئەوەی بگاتە بەغدا. ئەمە لەلایەك، شارەکانی خانەقین‌و مەندەلی لەسەر سنووری ئێستای عیراق‌و

ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی، چاپی دووم، بەشی پێنجەم، ((کەرکوك)).
ئینسایکلۆپیدیەی تورکی (بەزمانی تورکی Turk Ansiklo Pedisi) لەئەنقەرە چاپ کراوە لەساڵی 1972 لەبەشی (20)داو لە ل 495- 499.



ئێران لەلایەکی ترەوە. ئەم هێڵە لەلای زۆربەی مێژوونووسان بەهێڵی سوڵتانی ناودەبرێ.

مێژوونووسی عیراقی عەبدول ڕەزاق ئەلحەسەنی دەڵێ: تورکمانی ئەم ناوچەیە بریتین لە ((بەشێك لەهێزی سوڵتان مورادی چوارەم کە عیراقی لەدەست سەفەوی‌یەکان سەندەوە لەساڵی (1638ز) ئەوانەش لەم ناوچەیە مانەوە بۆ پاراستنی ئەو هێڵەی لەنێوان باشورو باکوری ولایەتی عوسمانی‌دا بوو، پێشتر دەسەڵاتی ئەم ناوچانە بەدەستی ئەو سەربازانەوە بوو کە هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەدانیشتوانە ڕاستەقینەکەیەوە نەبوو کەکوردن، ئەمە تورکمانەکان دەگرێتەوە. هەندێ لەوکارمەندە سەربازیانەی کە بەیەکجاری لەناوچەکەدا نیشتەجێ ببوون دەستیان کرد بەبازرگانی‌کردن‌و مامەڵە کردن. ئەو دەسەڵاتە سەربازییەی کە هەیان بوو بووە ڕێگە خۆشکەرێك بۆ زیاتر نیشتەجێ بوون‌و بازرگانی‌کردن‌و بەدەست هێنانی ناوچەیەکی زۆری زەوی‌وزاری کشتوکاڵی. نیشتەجێ بوونیان لەم ناوچەیەدا بووە مایەی تێکەڵاو بوون لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەداو دەرئەنجامیش بووە مایەی ئاڵوگۆڕینی داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بووە مایەی هاندانی تێکەڵاوی لەڕێی ژن‌و ژنخوازی‌یەوە.

چەند مێژوونووسێك نەژادی تورکمانی عیراق دەبەنەوە سەر پاشماوەی ئەو سەربازە تورکمانانەی کە خزمەتی ناوچەکەیان دەکرد لەژێر ئاڵای خەلیفەی عەباسی‌و پاشان ئەتابکی‌یەکان‌و هەروەها عوسمانی‌یەکان.

عبدالرزاق الحسني، العراق قديما وحديثا، صيدا، 1956.
شاکر خصباك، ((عیراقی باکور))، بەغدا، چاپخانەی شەفیق، 1973، ل 211“
موحەمەد مەجید عارف، ((ئێشنۆگرافیاو هەرێمە شارستانی‌یەکان، بەغدا، 1985، ل 119.

بەپێی بۆچوونی خودی تورکمانەکان مێژووی دابەزینیان بۆ عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەی ئەمەوی‌و عەباسی تاکو تواناو بەهرەی سەربازی خۆیان بەکاربهێنن بۆ خزمەتی بنەماڵەی دەسەڵاتدار.

هەرچەندە خۆیان دانیان بەوەداناوە کەماوەی ئەو دابەزینە وەك خۆناساندنێك بوو لەگەڵ عێراق نەك نیشتەجێ بوون. بۆیە تورکمانی ئەوماوەیە ئاوێتەبوون بەدانیشتوانەکەی‌و بزربوون .

ئەوان باوەڕیان وایە کە نیشتەجێ‌کردنی راستەقینەی تورکمان لەعێراقدا لەسەردەمی سەلجوقی‌یەکانەوە، پاشان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەسەردەمی عوسمانی‌یەکانەوە دەست پێ دەکات.

ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی دەربارەی تورکمانی ناوچەی کەرکوك دەڵی: ((کوردو عەرەب‌و تورکمانی ئەم شارە موسڵمانی سونە مەزهەبن بەڵام تورکمانی هەندێ لەو گوندانە، سەربە مەزهەبی داهێنراو شارەزای (البدعي والباطني)ی قزڵباشین.

بوونی تورکمان وەك کەمە نەتەوەیەك لەنێو کوردا کە زۆرینەی شاری کەرکوك پێك دێنن دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی پێشتر لەداگیرکردنی شارەکە لەلایەن سوڵتانەکانی عوسمانی‌یەوە دەتوانین نەژادیان ببینین لەو سەربازگە تورکی‌یەی کە خەلیفەکان لەم شارە دروستیان کردبوو. لەسەدەی نۆزدەهەمدا یاخود لەکاتی کۆچ کردنی سەلجوقی‌یەکان‌و بەگتی‌یەکان یان ئەتابگی‌یەکاندا لەهەولێر. هاتنی تورکمان بۆئەم ناوچەیە هەرچی چۆنێك بێت‌و بەهەرشێوەیەك بێت هەمیشە یارمەتی دەرێکی باش بوونە بۆ

شاکر صابر الضابط، ((کورتە مێژووی تورکمان))، بەغدا، 1962، ل 38. هەروەها زکی ولیدی **طوغان**، ((سەرەتایەك بۆ مێژووی گشتی تورك، ئیستانبوڵ، 1946، بەرگی یەکەم، 146" ئەرشەد عەلی هورمزی، ((تورکمانی عێراق))، ئەنقەرە، پارتی نیشتمانی تورکمان/ عێراق، 1994، ل 22 بەزمانی عەرەبی‌و تورکی.



ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چ وەك کەلتورێك وچ وەك سەرچاوەیەك بۆ پێشکەش کردنی فەرمانبەر .

تورکمانەکان لەناوچەی کەرکوکدا هەبوون هەرلەوکاتەی کە لەلایەن سەفەوی‌یەکان‌و عوسمانی‌یەکانەوە نیشتەجێ کران کە هەریەکێ لەمانە مەرامی خۆیان هەبوو بۆ داگیرکردنی شارەکانی دەوروبەری هێڵی بازرگانی ستراتیجی‌و سەربازی نێوان ئەنادۆڵ‌و عیراق‌و ئێران. لەڕاستی‌دا هیچ جۆرە کۆبوونەوەیەکی تورکمانی نابینین لەدەرەوەی ئەم شارانە کە پشتگیری لەم بۆچوونە بکات ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن نووسەرە تورکمانی‌یە هاوچەرخەکانەوە کراوە کە ((ئەو ناوچانەی دەکەوێتە نێوان تەلعەفەرو مەندەلی‌یەوە، تورکمانی لێ نیشتەجێ بووە پێش چەندین سەدە لەوەپێشتر)). هۆکاری نیشتەجێ بوونیان لەم شوێنانە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردەی خۆیان . بۆیە هیچ بنچینەیەکی مێژوویی نیە وە هەروەها ئەوەش رەوانیە بڵێین کە دانیشتوانی کوردی ناوچەکە وازیان لەم شوێنانە هێناوە بۆ پاشماوەی سەلجوقی‌یەکان ((چونکە لەگەڵ ویستەکانیاندا دەگونجێ)). هەروەها لای هەموان ئاشکرایە کە تورکمان لەخاکێکدا نیشتەجێ دەبێ کە ئاوی لێ بێت . لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی نەژادی تورکمان لەناوچەکەدا ئەمانەمان بۆ روون دەکاتەوە.

### 1-نەژادی تورکمانەکان:

دەتوانین نەژادی ئەو تورکمانانەی کە لەشارەکانی دەوروبەری هێڵی ستراتیجی سوڵتاندا دەژین، بەچاو خشانێکی خێرا بەسەر سروشت‌و پێگەی

هەمان سەرچاوە.
ئەرشەد ئەلهورمزی، ل. 34.
هەمان سەرچاوە.

جوگرافی شێوەی کۆبوونەوەی دانیشتوانی تورکمان بخەملێنین. نزیکەی نیوەی ئەو تورکمانانەی کە لەو شارۆچکانەدا دەژین سەربە مەزهەبی قزلّباشین‌و ئیسلامی شیعەن کەئەمە مەزهەبی سەفەوی‌یەکان بوو، ئەوانی تر سەر بەمەزهەبی سونی حەنەفی ئیسلامین کە مەزهەبی رەسمی فەرمان رەوایانی عوسمانی‌یە (هەتاوەکو ئێستاش ئەم مەزهەبە لەتورکیادا زاڵە) زۆربەی کوردی ئەم ناوچانە لەسەر مەزهەبی سوننین (شافعی).

تورکمانی شیعە (قزلّباشی) داب‌و نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە کە جیاوازە لەگەڵ داب‌و نەریتی تورکمانی سونە یاخود تەنانەت لەبیروباوەڕی عەرەبی شیعەی عیراقین. هەردوو مەزهەبی نێو تورکمانەکان شێوە دیالێکتێکی جیاوازیان هەیە. دیالێکتی تورکمانی شیعە زۆر نزیکە لەدیالێکتی تورکمانی ئازەری‌یەوە (ئازەربێجان). ئا لێرەدا پێویستە ئەوە رەچاوبکرێ کە سەرچاوە تورکی‌یەکان ناوی چەواشەکراوی (تورك) یان زیاتر بەکارهێناوە بۆ دانیشتوانی ئەو شوێنانە وەك لەناوی (تورکمان) هەروەك لەلایەن خودی دانیشتوانەکەیەوەو لەسەرتاسەری عیراقیشدا بەکاردێت. بەمەش ئەنقەرە بەشێوەیەکی ئەنقەست جیاوازی ناسنامەی رەگەزی تورکمانەکان تێکەڵ دەکات بۆیە دەست هێنانی دەستکەوتێکی جیۆپۆلێتیکانە بەبلاوکردنەوەی دەستەواژەی چەوت کە رەگەزی تورکمانەکان وەکو هەمان رەگەزی تورکەکانی تورکیاو، وادیارە، فەرمانڕەوای ئەنقەرە کە هەوڵدەدا کاریگەری‌یەکی بەرچاو بخاتە سەر پارتە سیاسی‌یەکانی تورکمانی بەتایبەتی سونی‌یەکان.

**2-خەملاّندنی ژمارەی دانیشتوانی تورکمانەکان:**

---

ئینسایکلۆپیدیەی تورکی، ئەنقەرە، 1972، بەرگی بیستەم، ل. 495- 499.



بەپێی هەموو ئەمانە، دەتوانین ئەم تێبینیانەی لای خوارەوە بخەینە روو سەبارەت بەتورکمانی- هەردوو مەزهەبی سونی‌و شیعە- کە لەناوچەکەدا دەژین:

ئەو خەملاّندنە ئاشکرایانەی بۆ ژمارەی دانیشتوانی تورکمانەکان لەماوەی بیستەکان‌و سی‌یەکاندا وا دادەنرێ لەنێوان 2.1٪ - 2.4٪ لەکۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی عیراق بن. لەسەرژمێری رەسمی ساڵی (1957)دا کە، هەتاوەکو ئێستاش، بەتاکە سەرژمێری ساغ دادەنرێ، ئەم رێژە تەقریبی‌یە بەشێوەیەکی سەرەکی جارێکی‌تر تەئکیدکرایەوە دەرئەنجامەکەی دەرکەوت کە تورکمانەکان 2.16٪ لەکۆی گشی ژمارەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

---

**طه الهاشمي**، ((جوگرافیای عیراق بۆ قوتابخانە دواناوەندی‌یەکان))، بەغدا، 1938. و مەحمود فەهمی دەروێش، ئینسایکلۆپیدیای رەسمی عیراقی، بەغدا 1936. و (**فاضل الانصاري**)، ((دانیشتوانی عیراق))، چاپخانەی ئەلئەدیب، دیمەشق، 1970، ل 24، لەتوێژینەوەی (د. خلیل اسماعیل)وە وەری گرتووە لەژێرناونیشانی ((دابەش بوونی جوگرافیای تورکمانەکان لەعیراق))، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارەی (8) هەولێر، 1993، ل 22.

هەندێ لەسیاسەت مەدارانی تورکمان لافی ئەوە لێ دەدەن کە تورکمانەکان کەمترنین لە (دە) لە (سەدای) کۆی گشتی دانیشتوانی عیراق، بەبێ پشت بەستن بەهیچ سەرژمێرێك یاخود بەڵگەنامەیەك. لافی زیاتر لێ دەدەن‌و دەڵێن کە ژمارەیان لەدوو ملیۆن کەمترنیە. کە ئەم ژمارەیە زۆر موبالەغەی تێدایە. کۆی گشتی راستەقینەیان کەمترە لەسێ‌یەکی ئەو ژمارەیە، (نزیکەی 265.000) کە دەتوانرێت ئەم ژمارەیە وردبین بکرێت بە سەرژمێری رەسمی ساڵی (1957). و بۆ پاساو هێنانەوەی ئەم ئیدیعایە دەڵێن کە تورکمانەکان نیشتەجێی ئەو هێڵە درێژبووەی کە لەقەزای تەلعەفەرەوە دەس پێ دەکات تا دەگاتە قەزای خانەقین‌و مەندەلی، بەبێ ئەوەی باسی ئەو بکەن کەبوونیان بەدرێژایی ئەم هێڵە لەچەند شارۆچکەیەکی دیاری‌کراودایەو رێژەیەکی کەمی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن. بۆنمونە هیچ گوندێك یاخود شارۆچکەیەك یان شارێکی تورکمانی نیە یان تورکمانی لێ نیشتەجێ بێت لەنێوان شاری موسڵ‌و کەرکوکدا کە دووری‌یەکەی زیاتر لە (160)کم، جگە لەبوونی کەمایەتی تورکمان لەنێو شاری هەولێردا کە رێژەکەی (5٪) تێپەڕناکات لەکۆی گشتی

هەرچەندە ئەم ڕێژەیە کەم بووەوە لەسەرژمێری دوایدا چونکە حکومەت بەئەنقەست لایەنی ڕەگەزیی تورکمانی پشت گوێ خستو زۆربەیانی بەعەرەب تۆمارکرد هەروەها ڕێژەی گەشەکردنی سروشتی تورکمانەکان کەمتربوو لەڕێژەی گشتی دانیشتوانی عیراق.

هەرلەکاتی سەرژمێری ساڵی (1977)دا بەشی تورکمانەکان لەژمارەی دانیشتوانی عیراقدا بە 1.15٪ لەکۆی گشتی دانیشتوانی دەوڵەتدا تۆمارکرا. ئەم شێوە دابەزینە لەڕێژەی دانیشتوانی تورکمانی کەرکوکیشدا تۆمارکرا، هەروەك چۆن لەپارێزگاکانی تردا کە تورکمانی لێ نیشتەجێن بەهەمان شێوە تۆمارکرابوو بەتایبەتی لەپارێزگای موسڵ (نەینەوا).

دانیشتوانی هەولێر هەروەها چەند هەزار تورکمانێکیش لەنێو قەزای پردێدا (ئاڵتون کۆپری) دەژین، کە دانیشتوانەکەی لەکوردو تورکمان پێکهاتووەو کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە (3.855) کەس بەپێی سەرژمێری ساڵی 1957. لەپارێزگای کەرکوکیش، ڕێژەی تورکمان گەیشتە (21.4٪) لەکۆی گشتی دانیشتوانەکەی وبەپێی سەرژمێری گشتی ساڵی 1957و بەڕێژەیەکی کەمتر لەسەرژمێرەکانی دواتردا. وەئێستا بەدەیان هەزار تورکمان بە بەردەوامی لەشاری بەغدادا دەژین هەروەك چۆن زیاتر لەنیو ملیۆن کورد لەبەغدادا دەژین. هەروەها ڕێژەیەکی کەمی ئاشوریش لەبەغدادا دەژین. زۆربەی ئەو کوردو تورکمانو ئاشورییانە لەکۆتایی ساڵانی پەنجاکانەوە کۆچیان کردووە بەرەو پایتەخت (بەغدا) بەهۆی شەڕی نیمچە بەردەوام لەکوردستاندا هەر لەوکاتەوە، لەبەر هۆکاری ئابووریو پیشەیی.

((دابەش بوونی ئاینی دانیشتوانی عیراق))، ئامادەکردنی سەنتەری سەرژمێرو گەشەپێدانی ڕۆشنبیری لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (**مدیریة الامن العامة**)- دابەش بوونی دیاریکراو-. پشت بەستن ئەنجامەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عیراق لەساڵی 1977. ئەم بەڵگەنامە نهێنییە لەنێو چەندین بەڵگەنامەی نهێنی دابوو کە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە دەستی بەسەراگیرا پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی 1991 لەکوردستانی عیراقدا.



بەم شێوەیە، چۆن کێشی دیمۆگرافی تورکمانەکان لەکەرکوك لە (21.4٪) لە سەرژمێری ساڵی (1957) دابەزی بۆ (16.75٪) لەسەرژمێری ساڵی 1977، بەهەمان شێوە لەپارێزگای موسڵیش کە لە (4.8٪) لەسەرژمێری ساڵی (1957) دابەزی بۆ نزیکەی (0.99٪) لەسەرژمێری ساڵی (1977). ئەم هەوڵە پوکێنەرە بەشێکە لەسیاسەتی بەعەرەب کردن کە لەلایەن حکومەتە جۆراوجۆرەکانی عیراقەوە بەرامبەر بەکوردو تورکمان پەرەی پێدراوە.

زۆربەی تورکمانی سونە لەشاری کەرکوك دەژین، بەڵام تورکمانی شیعە لەزۆربەی شارۆچکەو ناحیەکانی دیکە دەژین یان لەچەند گوندێکی نزیك بەوشارۆچکانە. لە هەولێریش، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عیراقە تورکمانی سونی ڕێژەیەکی کەم لەدانیشتوانەکەی پێکدەهێنن. لەسەرژمێری ساڵی (1957)دا بەڕێژەی نزیکەی 5٪ لەدانیشتوانی شارەکە سەرژمێرکران. ئەم ڕێژەیە بەنەگۆڕی لەسەرژمێرەکانی دوایدا مایەوە، بەرەبەرە زیادیکرد بۆ 6٪ لەساڵی (1965)دا بۆ (6.5) لەساڵی

هەمان سەرچاوە، خشتەی ژمارە 4، ل 25.

دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، ((دابەش بوونی جوگرافی تورکمانەکانی عیراق))، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارەی 8، هەولێر، 1993، ل 22، ((دابەش بوونی ئاینی دانیشتوانی عیراق))، هەمان سەرچاوە.

بڕوانە نەخشەی ژمارە (16) تایبەتە بە تەصنیف کردنی دانیشتوانی بەپێی ڕەگەزو زمانی دایك لەلیوای کەرکوك، لەنێو کۆمەڵەی سەر ژمێرەکانی تۆماری ساڵی 1957 تۆمارکراوە، کۆماری عیراق، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناسنامە، هەمان سەرچاوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1)، بەراوردیکە بەڕێژەی سەدی بەپێی سەرژمێری ساڵی 1977 کە ڕێژەی 16.75٪ لەکۆی گشتی دانیشتوانی لیوای کەرکوك پێکدەهێنن. بڕوانە دکتۆر خەلیل ئیسماعیل سەرچاوەی پێشو، نەخشەی ژمارە (7)، ل 29، نامیلکەی نهێنی، لەلایەن (**مدیریة امن العامة**)وە بڵاوکراوەتەوە بەپێی ئەنجامەکانی سەرژمێری ساڵی 1977، هەمان سەرچاوە.

(1977)دا. هەروەها تورکمانی سوونی لەشارۆچکەی پردێ (ئاڵتون کۆپری)و شارۆچکەی کفریش بەرچاو دەکەون کە هەردوو شارۆچکەی ناوبراو سەربە پارێزگای کەرکوکن.

هەمان پرۆسەی ئاماریی تۆمارکرا لەشارۆچکەی کفری کە ڕێژەکە لە (7.7٪)و بەپێی سەرژمێری ساڵی (1965) کەمی‌کرد بۆ (5.7٪) لەساڵی 1977[1] . لەشارۆچکەی ئاڵتون کۆپری- کەناوەندی ناحییەو سەربە قەزای ناوەندی کەرکوکە- تورکمانی سوونە کەمایەتی ئەم ناحییە پێکدەهێنن، هەرچەندە زۆرینەی گوندی (بلاوە) پێکدەهێنن کە ئەم گوندە زۆرنزیکە لەشاری کەرکوکەوە، هەربۆیەش لەساڵانی دوایدا ڕژێمی عیراقی لەڕووی ئیدارییەوە خستیە سەرشارەوانی کەرکوك. زۆربەی تورکمانی شیعە لەناوەندی قەزاو ناحییەکانی سەربە پارێزگای کەرکوك‌و لەچەند گوندێکی کەم وەك گوندی تسن (کە تەعریب کراوە بۆ التسعين کە زۆرنزیکە لەشاری کەرکوکەوە) دەژین. لەشارۆچکەی لەیلان کە (20کم) دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە. لەشارۆچکەی تازە خورماتوو (ئێستا ناوەندی ناحییەو (10)کم دەکەوێتە باشووری کەرکوکەوە لەسەرڕێگای سەرەکی کەرکوك- بەغدا). هەروەها لەچەند گوندێکی تەرداو سەربەهەمان ناحیە بلاوبوونەتەوە. تەنها لەشارۆچکەی تاووغ (داقوق) نەبێ تورکمانی شیعە زۆرینەی شارۆچکەکە پێکدەهێنن. شارۆچکەی ناوبراو (30)کم دەکەوێتە باشووری کەرکوکەوە، کۆی ژمارەیان بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957) دەگاتە (1926) کەس تورکمانی شیعە ئێستا نزیکەی سێ-یەکی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی دووزخورماتوو پێکدەهێنن، ئەم شارۆچکەیە بووە ناوەندی قەزاو خرایە سەر پارێزگای سەلاحەدین (تکریت) لەساڵی

[1] د. خلیل اسماعیل، سەرچاوەی پێشو.



(1976)، سەرەڕای دووری پێگەی جوگرافیاکەی لەسەلاحەدینەوە. ئەمەش هەوڵێکی دیکەیە بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد لەپارێزگای کەرکوك بە بەستنەوەیان بەپارێزگاکانی دیکەوە بەتایبەتی عەرەبی‌یەکان، وەك پارێزگای تازە پێکهێنراوی سەلاحەدین (تکریت). هەردوو ناحییەی (سلێمان بەگ‌و ئامرلی) لەقەزای دووزخورماتوو پێکهێنراون‌و تورکمانی عەشیرەتی (بەیات) لەگوندەکانی ئەم ناوچەیەدا دەژین. زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە زمانی ڕەسەنی خۆیان لەدەرئەنجامی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی کە لەباشوری زنجیرەی حەمرین دەژین لەدەستداوە. هەروەها هەندێ لەتورکمانی شیعە لەشارۆچکەی (قەرەتەپە) دەژین، کە ناوەندی ناحییەکانی سەربەقەزای کفریە، بەژمارەیەك لەگوندی کوردو عەرەب دەورەدراون.

زۆربەی تورکمانە شیعەکان جووتیارن، چ ئەوانەی دانیشتوی گوندن یان شار کە سەرقاڵی کاری دەستی‌و بازرگانی‌و کڕین‌و فرۆشتنی دیکەن. سەرانی عوسمانی بایەخێکی کەمیان بەم بەشەی کۆمەڵەی تورکمانی دەدا، کە چاپووکانە نەهاتنە مەیدانی خزمەتی شارستانی‌یەوە، هەربۆیە بواری گوزەرانیان نزمترو کەمتربوو لەبواری گوزەرانی تورکمانە سوونی‌یەکان. لەوەدا وەکو کورد مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە (سەرەڕای ئەوەی کە کورد سوونی‌یە) بەپێچەوانەی تورکمانە سوونی‌یەکان کە هەمیشە لەخۆش گوزەرانیدان.

### 3-پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان:

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان تورکمانی سونەو تورکمانی شیعە تاکو کۆتایی پەنجاکان بەساردی مایەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی داب‌و نەریتی تایبەت هەریەك بەخۆیان جگە لەجیاوازی زمانەوانی تورکمانی نێوانیان. بەڵام جیاوازی مەزهەبی نێوانیان بووەتە هۆکاری سەرەکی ناکۆکی‌یەکانیان. هەرئەم هۆکارەش بووەتە مایەی تێکەڵ نەبوونیان لەڕووی ژن‌و ژنخوازی‌یەوە بۆنموونە وەك کوردەکانی ئەهلی حەق‌و تورکمانە شیعە قزلباشی‌یەکان پیاوەکانیان (ئێستا زیاتر پیرەکانیان) شواربیان ناتاشن

یاخود قرتی ناکەن. هەروەها تورکمانە شیعەکان ئیمـامی (علـي بـن أبـي طالب) بەچاوی پـیرۆزیو پەرسـتنەوە تەماشـای ئەکـەن. لەڕاسـتیدا هـەتاکو پەیوەندی نێوان تورکمانە شیعەکانو شیعەکانی دیکەی شاری نەجەفی پیرۆز (کە گۆڕی ئیمامی عەلی لێیە) لەناوەڕاستی عیراق، لەسستیدا بوو هەتاکو سەرەتای پەنجاکانیش کاتێ کە پیاوانی ئاینی لەنەجەفـەوە سـەردانیان کـردو ئامۆژگاری ئاینیان لە بۆنەکانی شیعەدا پێشکەش کرد.

هەمان دیاردە لەنێوهەندێ خێزانی عەرەبدا رویـدا کـە روویـان کردبـووە کەرکوك بـۆ گـەڕان بەشـوێن ئیشوکـاردا، بەتایبـەتی لـەکۆمپانیای نـەوتی عیراقی (IPC). کە لەشارە عەرەبییەکانی وەك تکریتو موسڵەوە هـاتبون، زۆربەیان فێری زمانی تورکمانی بوونو کردیان بەزمانی خۆیانو پاشـانیش رۆڵی بەرچاویان بینی لەهەوڵـەکانی رژێمـی عیراقـی بـۆ بەعـەرەب کردنـی کەرکوك. پاشانیش نەوەکانیان پەیوەندیان کردبە حزبی بەعسـەوەو بـەجێگاو پلەی حەساسەوە لەم شارەدا پاداشت درانەوە. (مظهر التكريتي) یەکەم کەس بوو کە بەنەژاد عەرەبی بێتو پۆستی سەرۆکی شـارەوانی کـەرکوك لەسـاڵی (1969)دا بگرێتە دەست. لەوکاتەوە ئەمە یەکەم پۆسـت بـوو کـە لەلایـەن تورکمانەوە داگیر بکرێت.

هەربەهەمان شێوە، پـاش ئـەوەی حزبـی بـەعس دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت لەعیراقدا، بەچەندان لەکوردو هەروەها تورکمانیش بەپێویسـتیان زانـی کـە خۆیان بەعەرەب تۆماربکەن لەترسی راگواستنەوەی کاروباری ئیـداریان بـۆ پارێزگاکانی دیکەی عیراق یان لـەپێناوی پاراسـتنی پـرۆژەو بەرژەوەندییـە بازرگانییەکانیان لەکەرکوك.

هەروەك رێگەخۆشکەرێك بۆ سەرهەڵدانو سەپاندنی تورکمـان لەسـاڵانی دواتەمــەنی دەســەڵاتی عوسمــانیدا، مــافی دەرهێنــانی کێڵگــەی نــەوتی

ئـەوکات سـەرۆکی شـارەوانی هەڵنـەدە بـژێردرا، بـەڵکو لەلایـەن وەزارەتـی نـاوخۆی عیراقەوە دادەنرا.



بابـەگوڕگوڕ کەنزیکـە لەشـارەکەوە، فرۆشـتنی بەدانیشـتوانی ناوچـەکە (استهلاك محلي)، درا بەبنەماڵـەی (نەفتچـی زادە) سـەرەڕای ئەمانـەش عوسمانییەکان هەڵنەسـان بـەدەرکردنی کـورد لـەم شـارەو نکۆڵیـان نـەکرد لەپێکهاتەی رەگەزی کورد لەشاری کەرکوك کـە شـارێکە زۆرینـەی کـوردەو لەگـەڵ تورکمـانو کەمەنەتـەوەکانی دیکـەدا ژیـان بەسـەردەبەن. هەربۆیـە هـەمووکات کـورد یـاخود تورکمانیـان تـەرخان ئـەکرد بـۆ سـەرۆکایەتی شـارەوانی کـە پۆسـتێکی حەساسـەو ئـەدرا بەونەتەوانـەی کـە زۆرینـەیان پێکـدەهێنا. سسـتمی پادشـایەتی عیراقـیش هـەمان سیاسـەتی گشـتی بـەکارهێنا، بـەڵام زۆربـەی جـار- نـەك بەشـێوەیەکی تایبـەت- شـوێنە گرنگـەکانی وەکـو پارێزگـار یـاخود موتەسـەڕیفو فەرمانـدەی سـەربازی فەرماندەیی فیرقەی دوو کە بارەگاکەی لەکەرکوك بوو دەدرا بەعەرەب.

لـەو کوردانـەی کـەبوون بـەپارێزگاری کـەرکوك، سـەعید قـەزازو رەشـید نەجیبو موستەفا قەرەداغی. ئەو کوردانەی کە گەیشـتنە پلـەی فەرمانـدەی فیرقەی دووی سەربازی کە بارەگاکەی لەکـەرکوك بـوو لەوانـە (الفریـق بکـر صدقي) کـە فەرمانـدەی کودەتاکـەی سـاڵی 1936 بـوو لـەعیراق وە لیـوا (صالح زکي توفیق) بوون. هەندێ لەتورکمانەکانیش وەك (مجید یعقوبي) کە کرا بەپارێزگار، بەڵام لیوا (مصطفی راغب) کرابە فەرماندەی فیرقـەی دوو. ئەمەو لەلایەکی ترەوە پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی کە نەدەدرا بەعـەرەب، زۆربەی جار ئـەدرا بـەکوردو هەنـدێ جـاریش بـە تورکمـان. بەشـێوەیەکی

(د. جبـار قـادر)، (OP. Cit.) دەڵـێ تەنانـەت ئـەم خێزانـە بەنـەژاد کـوردن‌و، بـەڵام نکۆڵیان لەرەگەزی رەسەنی خۆیان کردووە لەپێناوی بەدەست هێنانی پلەوپایەدا.

بۆنمونـە، لەسـەردەمی عوسمـانیو پادشـایەتیدا لـەعیراق، پلـەی سـەرۆکی شـارەوانی کەرکوك بەدەست چەند ژمارەیەك لەئەندامانی بنەماڵـەی تاڵەبانییـەکان بـوو. لەسـەردەمی عوسمانییەکاندا شێخ رەئووف تاڵەبانی یەکێ بوو لەوانەی کەئەم پۆسـتەی بەدەسـت بـوو. وە

**گشتیو، لەگەڵ ئەمانەشدا زۆربەی کابینە حکومی‌یەکان لەسەردەمی پاشایەتی عیراقدا هانی عەرەبیان دەدا بۆ کۆچ کردن بەرەو کەرکوكو نیشتەجێ بوون لەم شارەدا. بۆنمونە کابینەی وەزارەتی (یاسین الهاشمي) لەسالّی 1935داو لەسەردەمی مەلیك غازیدا پلانی ئەوەی دارِشت کە عەشیرەتی (العبید)ی عەرەبی، لەحەویجە نیشتەجێ بکات هەروەك لەداهاتودا ئاماژەی بۆ دەکەین.**

## 4-لایەنی سیاسی تورکمانەکان:

**تورکمانەکان ژمارەیەك لەڕێکخراوی سیاسیان هەیە. تورکمانە سونی‌یەکان منداڵەکانیان دەنارد بۆ تورکیا بۆ تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ، کە لەوێدا وەردەگیران بەبێ گوێدان بەئاستی خوێندنیان. حکومەتی تورکی خەرجی‌یەکی زۆرباشی لەم لاوە تورکمانە عیراقیانەدا خەرج دەکرد. ئەم دەرچوانەی زانکۆکانی تورکی بەبیروباوەڕی (تورکیزم) دەگەڕانەوە کە پاشان چالاکانە ئەم بیروباوەڕەیان بڵاودەکردەوە. بێگومان زۆربەی لەو دەرچوانە بوون (ئێستاش هەن) بەسەرۆکی هەندێ لەوپارتە سیاسیانەی تایبەت بەڕەگەزی تورکمان.**

---

لەسەردەمی پادشایەتی‌داو بۆماوەی نزیکەی (15) ساڵ هەمان پۆست بەدەستی شێخ حەبیب تاڵەبانی برایەوە بوو.

پارێزەر فازڵ تاڵەبانی ئەم پۆستەی گرتە دەست تا دەرکردنی لەدوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی (14)ی تەمموزی ساڵی 1958. نووری تاڵەبانی ((دەربارەی فیدرالیزم))، ڕۆژنامەی (المنار) کە بەزمانی عەرەبی دەردەچێ لە لەندەن، ژمارە (15)ی (13)ی تەمموزی 1994.

لەنێو تورکمانەکانیشدا ئەوانەی پۆستی سەرۆك شارەوانی کەرکوکیان پێ راسپێردرا عبدالرحمن پیریادی (کە بەڕەگەز کوردە) لەساڵی (1920)دا کاتێ شاری کەرکوك لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی سوپای بەریتانیادا بوو، وە شامیل یەعقوبی لەسەرەتای پەنجاکاندا (1950)کان.



**بەشێوەیەکی گشتی تورکمانە سونی‌یەکان لەبیروباوەڕی سیاسیدا پارێزگارن (موحافزکارن)، لەلایەکەوە لافی پێکەوە ژیانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەندی کە دەهاتە سەرتەخت لەبەغدا لێ دەدا" لەلایەکی ترەوە لەگەڵ تورکمانە شیعەکان کەچەپ ڕەوبوون. هەربۆیە ئەم شتە لەماوەی دەسەڵاتی پادشایەتی‌دا بواری بۆ حزبی شیوعی رەخساندو توانی ئۆرگانی حزبی لەنێویاندا دروست بکات، بەتایبەتی لەهەردوو شارۆچکەی (قەرەتەپەو دووزخورماتوو).**

**بەکورتی، دەتوانین بڵێین کە تورکمانی سونە سۆزیان بەلای تورکیاو سەردەمی عوسمانی کۆندا دێو بەڵام تورکمانی شیعە بەلای ئێراندا. هەرلەسەرەتای ساڵی (1979) کە پیاوانی ئاینی دەوڵەتی شایان رووخاندو دەسەڵاتیان گرتە دەست.**

**لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا هەموو ئەوپارتە تورکمانیانە بیروباوەڕی نەتەوەییان هەڵگرتووە. سەرکردەکانیان کە تائێستا هەندێکیان لەناوچە ئازادکراوەکانی**

---

لەماوەی جەنگی هەشت ساڵەی عیراق- ئێراندا، چەکە دژە ئاسمانی‌یەکانی عیراق توانیان چەندین فڕۆکەی جەنگی ئێرانی بخەنە خوارەوە لەئاسمانی شاری‌کەرکوك، فڕۆکەوانەکان بە پەڕەشووت خۆیان خستە خوارەوەو توانیان دەربازبن بەبێ ئەوەی دەزگاکانی ئەمنی‌و سەربازی عیراقی بتوانن دەست بەسەریانا بگرن. وە تورکمانی شیعەی ناوچەکە تاوانبارکران بەوەی کە شاردویانەتەوەو پاشان گەیاندویانەتە نێو سنووری ئێران. لەئەنجامی ئەمەدا چەندین لاوی تورکمانی کەوتنە بەرشاڵاوی گرتن‌و ئەشکەنجەو بووە مایەی ئەوەی کە چەندین لەولاوانە پەنابەرنە بەرئێران‌و داوای مافی پەنابەری بکەن لەئێران, هەندێ جار، هەندێ لەوانە یاوەریی گروپە چەکدارە ئێرانی‌یەکانیان دەکردلەکاتی هێرش کردنە سەر چەند مۆڵگەیەکی عیراقی نزیك لەسنوورەکە. پاشانیش وە زۆربەیان چوونە نێو پارتە ئیسلامی‌یە عیراقی‌یەکانەوە. پاشانیش هەندێکیان پارتی سیاسیان پێکهێنا بەناوی یەکێتی ئیسلامی تورکمانەکان کە پەیوەندی‌یەکی توندوتۆڵیان هەبوو لەگەڵ پارتی (الدوال- ئیسلامیان)ی شیعە.

کوردستاندا دەژین یان لەدەرەوەی عیراق بەتایبەتی لەتورکیا کە یارمەتی‌یەکی باشی لێ وەردەگرن. تورکمانە شیعەکانیش هەتاوەکو ئێستاش بەلای ئێراندا دەشکێنەوەو ڕێکخراوی سیاسی خۆیان هەیە.

سیاسەتی سەپاندنی تورکمانە سونی‌یەکان بەسەر شیعەو کوردەوە لەلایەن عوسمانی‌یەکانەوە جۆرێك لەڕق‌وکینەی لەلای کوردو تورکمانە شیعەکان دروست کردووە. سەرەڕای ئەمانەش مێژوو هیچ جۆرە شەڕێکی خوێناوی تۆمارنەکردووە لەنێوانیاندا، تەنها ئەو ئاژاوە خوێناوی‌یە نەبێ کە لەساڵی (1959)دا لەکەرکوك روویدا لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یەکەم ساڵیادی شۆڕشی تەمموزی ساڵی (1958)وە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە سێ). ئەم کارەساتە زۆر کاریگەر تربوو کاتێ کەسەرانی هەردوولا ئەم ئاژاوەیەیان وورووژاند لەپێناوی بەدەست هێنانی مەرامی سیاسی خۆیان.

بەشی سێیەم



## سەرەتای هەوڵ و کۆششەکان بۆ بەعەرەب کردن

لە (31)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (1918)دا بەریتانیا چووە ناوشاری کەرکوکەوە دوای ئەو هودنەیەی کەبۆیان دانرابوو کە بەهودنەی (مۆدرۆس MUDROS) ناسرابوو. پێشتر بەریتانیا لە (17)ی ئایاری ساڵی (1918)دا ئەم شارەی داگیرکردبوو بەفەرماندەیی جەنەڕاڵ (مارشال MARSHAL)، لە (27)ی هەمان مانگدا بەجێی هێشت تاکو جارێکی تر پاش ئیمزاکردنی هودنەی مۆدرۆس بگەڕێتەوەو داگیری بکات. بمانەوێو نەمانەوێ بەریتانیا ویستی لەکەرکوکدا بمێنێتەوە. دۆزینەوەی بڕێکی زۆری نەوت بووە مایەی گۆڕینی بنەڕەتی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکێشەی کورد بەگشتیو بەرامبەر بەکەرکوك بەتایبەتی.

لەم دەڤەرەدا یەکەم جار خواستێك هەبوو لەنێو ئەفسەرانی بەریتانیادا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەباکوری دەریاچەی (وان)ەوە دەست پێ دەکات، یاخود نزیکەی (155)کم لەباکوری سنووری ئێستای عیراق.

ئەم خواستە سەرەتا لەلایەن کاپتن (نوئێل)وە پێشنیارکرا کە ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانی بوو وناوچەکانی کوردستان گەڕابوو. پاشان سیاسەتەکە

نووری تاڵەبانی، ((کێشەی کەرکوكو یاسای جیهانی))، کوردستانی باشور کێشراوە لەکۆنتێکستێکی هەرێمگەریو سەروی هەرێمگەرێتی، لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی لەئەڵمانیا لەساڵی 1999 دەرچووە، ل 35.

**گۆڕا بۆ کارکردن بەشێوەیەکی پراکتیکی بۆ بەستنەوەی ولایەتی موسڵ (کوردستانی عیراق) بەڕژێمی پادشایەتی عیراقەوە[*] .**

**حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق هەریەکەو بەڕادەیەك لەتوندی، هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی داوە لەناوچەی کەرکوك. ئەمەش بەدامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی دەستی پێکرد کە لەژێر ئیدارەی بەریتانیادا کاری دەکرد لەساڵی (1925)دا.**

**کۆمپانیاکە دەستیکرد بەهێنانی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری شارەزا لەعەرەبو ئاشوریو ئەرمەنی لەپارێزگاکانی تری عیراقەوە. لەڕاستیدا هەرلە کودەتاکەی ساڵی (1963)وە پرۆسەی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی لەکەرکوكو هەموو ناوچە کوردییەکانی تربووە سیاسەتێکی نەگۆڕی هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق.**

**ئەم شتەش توندوتۆڵترکراو بووە بنەمایەکی سیاسەتی دەوڵەت لەدوای کودەتای دووەمی بەعسییەکان لەتەمموزی (1968)وە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم هەڵمەتەو قۆناغە جۆربەجۆرەکانی پرۆسەی بەعەرەب کردنی ناوچەی کەرکوك بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێ: أ- ماوەی**

---

[*] لەبروسکەیەکدا، بەژمارەی (543)ی بەرواری 1923/10/1دا، مەندووبی سامی بەریتانی لەبەغدا کە ئاڕاستەی وەزارەتی موستەعمەوراتی بەریتانی کردبوو دەڵێ: بەبۆچوونی من گفتوگۆی سنووری زۆر ئاسانتر دەبێ ئەگەر سەرەتا گرینتییەکی رەسمی بدەین بەتورکیا ئەویش بەهۆی گۆڕینی بارودۆخەکەوە، بیرۆکەی پێدانی ئۆتۆنۆمی بەکوردەکان بەپێی پەیماننامەی سیڤەر هەڵدەوەشێنینەوە. درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ: ئامانجمان ئەوەیە، کە بەهەموو توانایەکمانەوە، هەموو ناوچە کوردییەکانی سەربە ولایەتی موسڵ ببەستین بەئیدارەی عیراقەوە، وەك ئەنجامی گفتوگۆیەکان. نووری تالەبانی، لەپێناوی گفتوگۆیەکی عەرەبی- کوردی راشکاو، گەیشتن بەچارەسەرێکی دیموکراتیانە، ((رۆژنامەی ئەلحەیات، ژمارە 11150 لە 24ی ئابی 1993دا.



**حوکمی پادشایەتی. ب- ماوەی حوکمی کۆماری یەکەم 1958-1968. ج- ماوەی حوکمی کۆماری دووەم 1968- تائێستا.**

**1-ماوەی حوکمی پادشایەتی:-**

**لەکۆتایی ساڵی (1925)دا ولایەتی موسڵی عوسمانی کە ناوچەی کەرکوك بەشێکی سەرەکی ئەم ولایەتەی پێکهێنابوو خرایە سەر حکومەتی پاشایەتی عیراق. لەکانونی یەکەمی (1924)دا پاش سەردانی موسڵ، مەلیك فەیسەڵ سەردانی کەرکوکی کرد بەمەبەستی هاندانی جەماوەر تاوەکو داوای ئەوە بکەن کە پەیوەندی بکەن بەدەوڵەتی تازەی عیراقەوە. سەردانی ناوبراو کرابە بۆنەیەك بۆ بەرزکردنەوەی ئالای عیراقی لەسەر باڵەخانە حکومییەکانی شارەکە.**

**لەوکاتەدا ئیدارەی ئەم ولایەتە بەدەست ئەفسەرانی سیاسی بەریتانیاوە بوو بەهاوکاری لەگەڵ فەرمانبەرانی ناوخۆیی کە زۆربەیان تورکمانی سونە بوون. لەشوێنەکانی خۆیان مانەوە تا دوای بەستنەوەی ولایەت بەحکومەتی پادشایەتی عیراقەوە.**

**بەڵام دوای ئەمە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراق شوێنە سەرەکییەکانی وەك پارێزگارو فەرماندەی فیرقەی دووی سوپای عیراقی کە بارەگاکەی لەکەرکوك بوو ئەدا بەعەرەب. هەرلە سەرەتاوە حکومەتی عیراقی بەهاوکاری کۆمپانیای نەوتی بەریتانی کە لەکەرکوك کاری دەکرد ژمارەیەکی زۆری کرێکاری لەشوێنەکانی دیکەی عیراقەوە دەهێنا بۆ کارکردن لەم کۆمپانیایە پاشانیش نیشتەجێ کردنیان لەشارەکە.**

### رۆڵی کۆمپانیای نەوت لەگۆڕینی باری نەتەوەیی لەکەرکوك

**دۆزینەوەی بڕێکی زۆری نەوت لەناوچەی کەرکوك هۆکارێك بوو بۆ بەستنەوەی وەك بەشێك لەولایەتی موسڵ بەدەوڵەتی تازەی عیراقەوە. بوونی نەوت لەناوچەی بابەگوڕگوڕ لەنزیك کەرکوك کە لەکۆنەوە ناسراوە، لەساڵی**

(1939)وە سوپای عوسمانی بەشێوەیەکی سەرەتای نەوتی لەم ناوچەیە دەرئەهێنا بۆ مەبەستی پێویستی ناوخۆی. هەرچەندە بەرهەم هێنانی نەوت بەشێوەیەکی داڕێژراو لەکێڵگە نەوتی‌یەکانی کەرکوك لەئاداری (1925)وە دەست پێ دەکات کاتێ کە کۆمپانیای نەوتی تورکی (TPC) لەساڵی (1914)دا لەئستانبوڵ بەهاوکاری ئەڵمانیا دامەزراوەو مافی بەرهەم هێنانی کێڵگە نەوتی‌یەکانی موسڵو بەغدای‌دا بەدەوڵەتی عوسمانی.

پێش کۆتایی ساڵی (1925) کۆمپانیاکە کەبەریتانیا بەشێکی باشی تێدا هەبوو دەستی کردبە توێژینەوەی جیۆلۆجی‌و راکێشانی رێگاوبانی‌و باڵەخانەی پێویست. لەسەرەتادا کۆمپانیاکە (150) سەدوپەنجا بەریتانی‌و (2500) دووهەزارو پێنج سەد عیراقی بەکاردەهێنا، کارکردن لەناوچەی (نەوجول)ەوە دەستی پێ‌کرد کە دەکەوێتە باشوری کەرکوکەوە. پرۆژەی کردنەوەی هەڵکەندنی بیرەنەوتەکان بەمەراسیمی هاتنی مەلیك فەیسەڵ کرایەوە لەیەکی نیسانی ساڵی 1927[1].

لە (27)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (1927) بۆیەکەم جار لەکێڵگەی نەوتی بابەگوڕگوڕەوە نەوت هاتە دەرەوە. لەماوەی ساڵانی نێوان (1927-1931) کۆمپانیاکە دەستی‌کرد بەهەڵکەندنی بیرە نەوتو توێژینەوەی جیۆلۆجی‌و دروستکردنی خانووبەرە بۆ کرێکارانی کۆمپانیاکە بەتایبەتی بۆ بیانی‌یەکان[2].

پاشان ناوی کۆمپانیاکە گۆڕا بۆ کۆمپانیای نەوتی عیراقی (IPC) بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە لەدووزخورماتووەوە گوازرایەوە بۆ کەرکوك

---

[1] ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی، ((کەرکوك))، ل 148.

[2] ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی، ((کەرکوك))، ل 148.



بەیەکجاری. لەساڵی 1931دا توانی هەموو ئەم شوێنانەی کەوتوونەتە باکوری رۆژهەڵاتی عیراقەوە بەرهەم بهێنێ.

لەکۆتایی ساڵی (1934)وە کۆمپانیاکە دەستی کردبە ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو. لەساڵی (1935)دا جووت هێڵی بۆری نەوت کرایەوە بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو لەکەرکوکەوە بۆ هەردوو بەندەری (حەیفا) و (تەرابلس) لەسەرکەناری دەریای سپی ناوەڕاست.

بەرهەمی ساڵانەی ساڵی (1935) گەیشتە چوارملیۆن تەن کە عیراقی بەرزکردەوە بۆ پلەی هەشتەم لەنێو دەوڵەتانی بەرهەم هێنەری نەوت.

پاشان بڕی بەرهەم هێنانی نەوت رووی لەزیادبوون کردو زۆربەی نەوتی عیراقی تاوەکو ئەمڕۆش لەکەرکوك دەردەهێنرێ.

دروست کردنی ئەم پیشەسازی‌یە نەوتیانە لەکەرکوك بووە مایەی گۆڕانێکی گەورە لەبواری کۆمەڵایەتی‌و باری نەتەوەیی‌دا لەم شارە.

خەڵکێکی زۆر کە زۆربەیان هی دەرەوەی ناوچەکە بوون گوازرانەوە بۆ شارەکە لەماوەیەکی کورتدا چەندین گەڕەکی تازە لەنێو گەڕەکە کۆنەکاندا دروست کران. ئەو گەڕەکە تازانەی کە لەنزیك کۆمپانیای نەوت دروست کران بۆ ئاشووری‌و ئەرمەنی‌و عەرەب. کۆمپانیای ناوبراو کرێکاری کوردی زۆر بەکەمی بەکاردەهێنا، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تردا. لەسەرەتای پەنجاکاندا بەسەدان یەکەی خانووبەرە دروستکران بەناوی (عرفە) یاخود کەرکوکی تازە. کە بەزۆری ئاشوری‌و ئەرمەنی‌و تورکمانو عەرەبی لێ نیشتەجێ کران، بۆیە کورد هەرلەسەرەتاوە هەستیان بەبێزاری کرد سەرەڕای زۆرینەی کورد لەشارەکەو لەپارێزگاکەدا، چونکە ژمارەیەکی زۆرکەمیان لەکۆمپانیای نەوت وەرگیرابوون بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی کوردی شارەکە.

هێنانی ئەو ژمارە زۆرەی لەکرێکارانی پارێزگاکانی دیکە بۆ شارەکە بووە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی بەعەرەب کردنی ناوچەکە.

حکومەتی پاشایەتی هەمان تاکتیکی بەکارهێنا بۆ نیشتەجێ کردنی هەزاران خێزانی عەشیرەتە عەرەبییەکان لەناوچەی کەرکوك لەگەڵ دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری حەویجە.

## دروست کردنی پرۆژەی ئاودێری حەویجە بۆ نیشتەجێ کردنی عەشیرەتە عەرەبییەکان:

لەماوەی فەرمان رەوایی مەلیك غازیو کابینەی حکومەتی (یاسین الهاشمي)دا دەست کرا بە نیشتەجێکردنی عەرەب لەباشوری پێدەشتی حەویجە کە دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی کەرکوکەوە. ئەم ناوچەیە بەتەواوی پشتیان بەبارانی زستان ئەبەست تاکە جۆری کشتوکاڵی کە لەم ناوچەیەدا دەکرا دانەوێڵە بوو وەك گەنمو جۆ. بۆیە پێداویستی ئامێری کشتوکاڵی کۆسپێکی گەورەبوو لەبەردەم جوتیارانی کوردا، بۆیە ئەم ناوچەیە هەروەك لەوەڕگەیەك بەکاردەهێنرا لەلایەن کوردو هەندێ لەعەرەبە کۆچەرییەکان وەك (العبید)و (الجبور) کە هەموو بەهارانێك لەباشوری ناوچەکەوە دەهاتن بۆئەم شوێنە.

لەناوەڕاستی سییەکاندا حکومەت بڕیاری دروستکردنی پرۆژەیەکیدا بۆ حەسانەوەی دانیشتوانە تازەکەیو راکێشانی کەناڵێکی گەورە تاکو ئاو لەڕووباری زێی بچووکەوە بۆیان بهێنێ. تەواکردنی ئەم پرۆژەیە (10) دە ساڵی خایاند کە لەشانی بەندیخانەی ناوەندی کەرکوکەوە دروست کرا.

پاشان زەوییەکان بەشێوەی یەکەی بەرهەم هێنان دابەشکرا بەسەر ژمارەیەك عەشیرەتی (العبید) کە زۆربەیان لەپارێزگای (دیالی) کە لەهاوشانی کەرکوکەوە هێنرابوون کە بە بەردەوامی لەگەڵ عەشیرەتی (الفره)دا لەناکۆکیدا بوون. لەبەرئەوەی ئەمانە عەرەبی کۆچەری بوون،



پێشتر هیچ شارەزاییەکیان نەبوو دەربارەی کشتوکاڵ کردن، بۆیە حکومەت ناچاربوو کە رێنمایکاری کشتوکاڵیان بۆ بهێنێ تاکو فێری پیشەی کشتوکاڵیان بکەن. تائێستا بستێك لەزەوی کشتوکاڵی بەسەر کوردا دابەش نەکراوە کە پشتاوپشت خەریکی کشتوکاڵی کردن بووە. ئەمە یەکەم شوێنە کە عەرەبی لێ نیشتەجێ کرابێ لەناوچەی کەرکوك کە بەوردی پلانی بۆ داڕێژراو لەلایەن حکومەتی پادشایەتییەوە جێبەجێ کرا.

هەروەها پێدەشتەکانی قەراج کەدەکەوێتە باشوری پارێزگای هەولێرەوە، پێدەشتەکانی قەرەتەپە لەباشوری قەزای کفری بەهەمان شێوە عەرەبی لێ نیشتەجێ کرا. بەپشتیوانیی حکومەت چەند گروپێك لەعەرەبە کۆچەرییەکانی عەشیرەتی (کرێوی)و (لهێب) لەباشوری پێدەشتەکانی قەرەتەپە نیشتەجێ بوون. هەروەها ئەوانی دیکەش تێکەڵ بەعەشیرەتی (البیات) بوون کەپێشتر لەپێدەشتی نێوان قەزای کفریو دووزخورماتوو تارووباری ئاوەسپی (ئاق صو)دا بوون. هەروەها گروپێك لەعەشیرەتی (طي) و(الجبور) لەباشوری پێدەشتی قەراج کەدەکەوێتە باشوری قەزای مەخمورەوە لەپارێزگای هەولێر، لەنێوان زێی بچووكو زێی گەورەدا، نیشتەجێ کران. بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957)و پاش تێ پەڕبوونی دەساڵ ژمارەی نەوەکانی عەشیرەتی (العبید) کە لەپێدەشتەکانی حەویجەدا نیشتەجێ کرابوون گەیشتە (11000) یازدە هەزار کەس لەسەر رووبەری نزیکەی (1000) هەزار کم$^2$. ژمارەی نەوەکانی عەشیرەتی (الجبور) بەپێی هەمان سەرژمێر گەیشتە (12595) دوازدە هەزارو پێنج سەدو نەودو پێنج کەس کە لەسەر رووبەری (900) نۆسەد کم$^2$ نیشتەجێ کران لەو ناوچەیەی کەدەکەوێتە نێوان رووباری زێی بچووكو بەشی رۆژئاوای پرۆژەی ئاودێری حەویجە. بەڵام نەوەکانی عەشیرەتی (البوحمدان) کەژمارەیان (2140) دووهەزارو سەدو چل کەس لە(14) چواردە گوندداا کە لەسەر رووبەری

**(100) سەد کم² لەناوچەی نێوان رووبـاری زێی بچـووك‌و رێگـای گشـتی نێوان حەویجەو کەرکوك دا نیشتەجێ کران.**

**عەرەبی شارۆچکەی (تکریت)و (دوز) لەناوەندی قەزای حەویجەو لـەپێنج گوندی دیکە لەمبەرو ئەو بەری (حفر القبل) لەسەر رووبەری (100) سـەد کم² نیشتەجێ کران. کەواتـە بـەپێی سـەرژمێر سـاڵی 1957 (27705) بیست‌و حەوت هەزارو حەوت سەدو پێنج عەرەب لەقەزای حەویجە نیشـتەجێ کران. رژێم ئەم ناوچـەیەی کـردە ناحییـە بـەناوی ناحییـەی حەویجـە/ مەلحـە لەرووی ئیدارییەوە سەر بەکەرکوك بوو. لەساڵی (1963) دا رژێمی بەعس کردی بەقەزاو بەناوی حەویجە کەیەك ناحیەی هەبوو ئەویش (الریاض) پاشان ناحییەی (العباسیە)شی بۆ زیاد کرد.**

**بەداخـەوە ئـەو عەشـیرەتە عەرەبییانـەی کـە لەپێدەشـتەکانی حەویجـەدا نیشتەجێ کران, تەنها چەند سەرۆك عەشـیرەتێك نـەبێ لەوانـە شـێخ (نـاظم العاصـي)و شـێخ (مظهـر العاصـي) بـرای نـەبێ ئـیتر ئـەوانی تـر هـەموو هاوکـاری سـوپای عیراقیـان کـرد لـەو هێرشـانەی کەکرایـە سـەر گونـدە کوردییەکان لەساڵی 1963و بەسەرەوە. رژێم چەند یەکەیـەکی ملیشـیاتی لێیان دروست کرد بوو بەناوی سوارەکانی (خالد بن الولید) کەلەگەڵ کوردە بەکرێ گیراوەکان کە بەسوارەی (صلاح الدین) ناسرابوون بەکاریانی هێنا بۆ هێـرش کردنـە سـەر گونـدە کوردییـەکان بـەبیانووی بـوونی پێشـمەرگە لەناوچەکەیاندا یاخود بەبیانووی هاوکاری کردنی پێشمەرگە. ,**

---

بڕوانـە خشـتەی تایبـەت بەعەشـیرەتە جێنیشـین کراوەکـان لـەلیوای کـەرکوك کـە لەسەرژمێری رەسمی ساڵی (1957)ی حکومەتی عیراقدا هاتووە.

لـەنێو ئـەو ووتـە میللییانـەی کـە لەسـەر زاری عەرەبـەکانی عەشـیرەتی (العبیـد)و (الجبور)دا, لەکاتی هێرش کردنیاندا لەگەڵ یەکە سەربازییەکانی سـوپای عیراقیـدا لەسـاڵی (1963) بۆ سەر گوندە کوردنیشینەکانی نزیك شاری کەرکوك هـەروەك دەیـان وت "احنـا



## **ماوەی نێوان ساڵانی (1958- 1968):**

**دوابـەدوای کودەتاکـەی (14)ی تـەمموزی سـاڵی (1958)و گـۆڕینی دەسەڵاتی پادشـایەتی لـەعیراق, سـوپا بەسـەرکردایەتی چـەند ئەفسـەرێکی سـەربازی دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت. سـەرۆك عەبـدول کـەریم قاسـم کەسەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران‌و وەزارەتـی بـەرگری ئـەکرد بەیارمـەتی عەقید عەبدولسەلام عارف کەجێگری سەرۆك وەزیران‌و وەزیری ناوخۆ بـوو, بەرزترین دەسەڵاتی عیراقیان گرتە دەست کەبریتی بوون لەهەردوو دەسەڵاتی تەنفیزی‌و تەشریعی. بۆ ماوەیـەکی کـورت لـەدوای سـەرکەوتنی کودەتاکـە, زەعیم (ناظم الطبقجلي) بەفەرماندەی فیرقەی دوو کەبارەگاکەی لەکەرکوك بـوو دامـەزرێنرا. فەرمانـدەیی ئـەم فیرقەیـە سەرپەرشـتی هـەموو یەکـە سەربازییەکانی ناوچەی باکوری عیراقی دەکرد هەر لەموسـڵەوە تاسـلێمانی سەرەڕای ئەوەی کەچەند پارێزگارێکی تازەی عەرەب لەپارێزگاکانی باکوردا دامـەزرێنرا, بـەڵام دەسـەڵاتی راسـتەقینە لەدەسـتی سـوپاو فەرمانـدە سـەربازییەکانی فیرقـەی دووی کـەرکوك دا بـوو. (الطبقجلـي) سـەر بەخێزانێکی عەرەبی بوو کە لەبەغـدا دائەنیشـت (بەئەسـڵ خـەڵکی سـوریا بوو). ناوبراو هەر وەکو عەقید عەبدولسـەلام عـارف بەنیشـتمان پـەروەر ناسرابوو, بەتایبەتی بەبۆچوونی قەومی- ئیسـلامی. ژنەکـەی (الطبقجلـي) تورکمان بوو خەڵکی تەلعەفەر بوو, کەدەکەوێتە باکوری رۆژئاوای موسڵەوە.**

---

العرب أهل الغیرة, نطرد الاکراد من هال الدیرة" واتـە ئێمـەی عـەرەبی خـاوەن غیرەت کورد دەردەکەین لەم خاکە.

Hanna Batatu, The old social Classes and the Revolutionary Movement in Iraq, princeton University press, Princeton, New Jersey, P. 810, Table 42- 1.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد تورکمانی سونی کەرکوك‌و شوێنەکانی تر کەلێی دەژیان زۆربەیان مەیلی موحافزکاری‌و راست رەوییان هەبوو پەیوەندیشیان لەگەڵ رژێمدا باش بوو بەدرێژایی ماوەی پاشایەتی. بۆیە ئەوەی کەپیشەیەکی حکومی هەبوو لەماوەی حوکمی عوسمانی‌داو لەماوەی حوکمی پادشایەتیشدا لەدەستی نەداو لەجێی خۆی مایەوە. فەرماندەی تازەی فیرقەی دوو کەهەمان بیرو بۆچوونی موحافزکارانەی هەبوو, بۆیە نزیك بوونەوەیەکی خێرا لەنێوان فەرماندەی تازەو تورکمانە ناودارەکانی‌و کۆمەڵگەی تورکمانی بەگشتی لەکەرکوك روویدا. (الطبقجلي) زۆربەی بانگیشتەکانیانی پەسەند ئەکردو بەشداری ئێوارە خوانەکانیانی ئەکردو بە بەردەوامی چاوی پێیان دەکەوت, بۆیە بارودۆخی شارەکە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. ناوبراو داوای لەوەزارەتی ناوخۆ کرد کەسەرۆکی شارەوانی (فازل تالەبانی) کەپارێزەرێکی کورد بوو, خانەنشین بکرێت‌و (نورالدين واعظ) کەپارێزەرێکی تورکمان بوو لەجێی دابنرێ, هەر چەندە (نورالدين واعظ) بەرەچەڵەك کورد بوو و یەکێك بوو لەبرایانی موسڵمان (اخوان المسلمين), ژمارەیەك لەو نوسراوە رەسمیانەی کە بەئیمزای (الطبقجلي) دەرچووە بۆ لایەنە پەیوەندی دارەکان لەوەزارەتی بەرگری کەلەو کاتەدا تاکە دەسەڵات بوو لەوڵاتدا" لەپاشکۆی ژمارە (3)ی ئەم توێژینەوەیەدا بەرچاو دەکەون[1]. ئەو نوسراوە رەسمیانە زنجیرەی بیرو بۆچون‌و هەڵویستی (الطبقجلي) مان بۆ دەرئەخات بەرامبەر بەکوردو تورکمان. هەروەها زانیاری نارێك‌و ناڕاستی تێدایە کەبۆ شێواندنی کورد دارێژرابوو کەبەبۆچونی ئەوان کورد داوای کۆماری کوردستان دەکات‌و ئەمەش دەبێتە کاکڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان. ئەم بۆچوونانە تەنها لەخەیاڵی

[1] بڕوانە پاشکۆی ژمارە دوو.



فەرماندەکانی فیرقەی دوو و ئەفسەرە قەومی‌یەکان کەستافی فەرماندەی یەکی پێکهێنابوو. تێیاندا هەبوو کەدژ بەسادەترین داخوازی‌یەکانی گەلی کوردبوون کەبریتین لەبەکارهێنانی زمانی کوردی وەك میدیایەك بۆ فێرکردن لەقوتابخانەکاندا, گرنگی دان بەرۆشنبیری کوردی‌و دامەزراندنی زانکۆیەك لەکوردستانداو دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردنی خوێندنی کوردی لەناوچەکەدا. هەموو ئەم پێشنیارانە لەو ماوەیەدا خرانە بەردەست‌و باسکران لەچەندین نوسراودا کە بەشێوەیەکی رەسمی پێشکەش بەسەرۆك وەزیران‌و وەزیری پەروەردە کرا. پاشان هەندێ لەوانە جێبەجێ کران, بەڵام ئەمانە بەنسبەت فەرماندەی فیرقەی دووەوە هەوڵێك بوون بۆ زیندوکردنەوەی بیرۆکەی هەرێمی کوردستان یاخود دروست کردنی کۆماری کوردستان کەزۆربەی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەدەکەوێتە رۆژهەڵاتی رووباری دەجلە تادەگاتە کەنداوی بەسرە. لەو ماوەیە کە(الطبقجلي) فەرماندەی فیرقەی دوو بوو هیچ شتێکی ئەنجام نەدا کەبووبێتە مایەی گۆڕانی ئیداری لەکەرکوك یاخود لەکوردستان بەگشتی. بەپێچەوانەوە دام‌و دەزگا ئەمنیەکانی ناوچەکە بەردەوام بوون لەڕاوە دوونانی ئەو خەڵکانەی کەپێشتر راوە دوو دەنران بەهەمان تۆمەت.

ئەم بارودۆخە تاسەرەتای مانگی ئاداری ساڵی (1959) بەردەوام بوو کاتێ لەموسڵ هەوڵی کودەتایەك درا لەلایەن عەقید (الشواف) فەرماندەی سەرەکی ناوچەکەو بەهاریکاری چەند ئەفسەرێکی قەومی لەموسڵ‌و کەرکوك‌و بەغدا.

وەکودەتاکە سەری نەگرت‌و عەرەبە قەومی‌یەکان‌و لایەنە ئیسلامی‌یەکانیش تاوانبارکران بەپێشتیوانی کردنی ئەم کودەتایە. هەروەها بەرپرسانی حکومەتی سوریش (ئەوکاتە سوریا بەشێك بوو لەیەکێتی کۆماری عەرەبی) بەوە تاونبارکرا کەئیزگەیەکی رادیۆیان داوە بەئەفسەرانی

کودەتاکە لەموسڵ. بەیاننامەی کودەتاکە لەهەردوو ئیزگەی دیمەشق‌و قاهیرەوە بڵاوبووەوە پێش ئەوەی لەئیزگە ناوخۆیەکەی موسڵ بڵاوبێتەوە. واپێدەچوو کەسەرانی تورکمانیش لەکەرکوك پەیوەندی‌یەکیان هەبووبێ بەوکودەتایەوە. سەرنەگرتنی ئەم کودەتایەبووە مایەی تێکدانی ئەوە پەیوەندی‌یە توندوتۆڵەی نێوان سەرانی تورکمان‌و رژێمی عیراقی کەبووە مایەی دەرکردنی زەعیم (ناظم الطبقجلي)و ستافی ئەفسەرانی لەفیرقەی دوو. پاشان هەموویان دەستتتگیرکران‌و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێك هێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا.

پاشان زەعیم (داوود الجنابی) کرا بەفەرماندەی فیرقەی دوو لەکەرکوك کەناوبراو بەچەپ رەو ناسرابوو. پاش گەیشتن یەکسەر لیژنەیەکی دیکە بەسەرۆکایەتی عەقید (کمال مجید) پێك هێنرا. ئەرکی ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو دەربارەی لایەنگرانی (الطبقجلي)و ئەوانەی کە لەنزیکەوە پەیوەندیان لەگەڵ هەبوو لەنێویاندا چەندین ناوداری تورکمانی تێدا بوو. لیژنەی ناوبراو فەرمانی گرتنی ژمارەیەکی زۆری لەخەڵکی‌دا لەنەتەوەی جۆراوجۆر لەکوردو تورکمان‌و عەرەب‌و ئەوانی تر. چونکە لیژنەکە سنووری کارەکانی فراوان کردەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ هەر کەسێك کەگومانیان لێ بکردایە ئەکرد کەنەیاری رژێمی کۆماری تازە بوایە, چەندین دەستتت درێژی روویدا لەلایەن هەندێ لەئەندامانی لیژنەوە لەکاتی لێکۆڵینەوە دا لەگەڵ هەندێ تاوانبار بەتایبەتی (ملازم فخري کریم) کەفەرماندەی بازگەی سەربازی فیرقە بوو, کەشیوعی‌یەکی عەرەبی بەغدایی بوو- هەروەها چەندین جووتیارو خاوەن زەوی لەپارێزگا کوردی‌یەکانی تر دەستتت گیرکران بەبیانووی ئەوەی کەلایەنگری دەستتەڵاتی پاشایەتی‌و نەیاری رژێمی تازەن.

لەسەر داواکاری لیژنەی لێکۆڵینەوە, فەرمانەدەی گشتی سەربازی لەوەزارەتی بەرگری‌یەوە فەرمانی گواستنەوەی هەندێ لەو گیراوانەی‌دا بۆ



بەغدا, ناردنی ئەوانی تر بەرەو شارەکانی باشوری عیراق کە لەنێویاندا هەندێ فەرمانبەری تورکمانیشی تێدا بوو. راستە ئەگەر بڵێین ئەو ماوە کورتەی لەئادارەوە تاحوزەیرانی (1959) ماوەیەکی ناخۆش بوو بەنسبەت سەرانی تورکمانەوە چونکە یەکەم جار بوو کەتووشی چەوسانەوەو گرتن‌و دوورخستنەوە بێن لەلایەن دەستتەڵاتەوە.

هەر لەو ماوەیەدا, لایەنگرانی حزبی شیوعی توانیان کۆنترۆڵی رێکخراوی لاوان‌و رێکخراوە پیشەیی‌و سەندیکا بازرگانی‌یەکان‌و رێکخراوی چەکداری ناسراو بەهێزی بەرگری گەل (المقاومه الشعبیه) بکەن. هەروەها بەهاوکاری فەرماندەی فیرقەی دوو (داوود الجنابی) توانیان بخزێنە نێو ریزەکانی هێزی سەربازی‌یەوە. ئەم بارودۆخەش تەنها تایبەت نەبوو بەشاری کەرکوکەوە, بەڵکو هەموو عیراقی گرتبۆوە.

زیادبوونی کاریگەری حزبی شیوعی, زیادبوونی پێشێل کاری‌یەکانی لەزۆر شوێنی عیراقدا لەو کاتەدا, هۆکاری دیاری کراو بوو بۆ گۆڕینی سیاسەتەکەی عەبدولکەریم قاسم. ئەو کەپێشتر پشتی بەگروپە چەپڕەوەکانی عیراق ئەبەست بۆ لێدانی دژەکانی وەك عەرەبە قەومی‌یەکان‌و بەعسی‌یەکان‌و ئیسلامی‌یەکان. بەڵام لە(11)ی حوزەیرانی (1959)دا بڕیاری لێ خۆش بوونی بۆ هەندێ لەو دوورخراوو گیراوە سیاسیانەی کەتورکمانیشی لەنێودا بوو دەرکرد. لەناوەڕاستی هەمان مانگدا, عەبدولکەریم قاسم لەنووسینگەی تایبەتی خۆی لەوەزارەتی بەرگری چاوی کەوت بەسەرانی تورکمان کەتازە ئازادی کردبوون هاوکاری خۆی بۆیان

حنا بەتاتۆ, سەرچاوەی پێشو. هەروەها بڕوانە:
Uriel Dann, “Iraq Under Qasim, Apolitical history, 1958- 1963,” Rube shiloah Research centre, Jerusalem, 1969, P. 223.

دووپات کردەوە. هەروەها فەرمانیدا کەهەموو فەرمانبەرە راگوێزراوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی پێشوویان لەکەرکوك. هەروەها لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی (1959)دا (داوود الجنابي) دەرکردو زۆربەی یاوەرانی گواستەوە بۆ یەکەکانی تر لەدەرەوەی فیرقەی دوو. عەقید (محمد عبدالرزاق)ی فەرماندەی لیوای سێی هەمان فیرقە بەوەکالەت کردە فەرماندەی فیرقەی دوو. عەقید (محمد عبدالرزاق) بەیەکێ لەعەرەبە قەومی‌یەکان دەناسرا سەرەڕای خۆ دەرخستنی وەك وەفادارێك بۆ عەبدولکەریم قاسم.

ئەم گۆڕانکارییانەی کە بەسەر فەرماندەی فیرقەی دوودا هات تەواو بەرپرسن بەرامبەر بەتێکچوونی بارودۆخەکەی کەرکوك پێش ساڵ یادی شۆڕشی تەمموزی 1958, ئەمیش دەرئەنجامی زیادبوونی ئەو ململانێیەی نێوان کوردو چەپڕەوەکان لەلایەك, لەلایەکی تر تورکمانەکانو ناوەندە موحافزکارەکان, لەوانە هەندێ لەو کوردانەی کەفەرماندەی نوێی فیرقەو دامو دەزگا ئەمنی‌یەکانو هەروەها هەندێ لەبەرپرسانی وەزارەتی بەرگری لەبەغدا.

سەرانی تورکمان, ئەوانەی کەتازە لەبەندینخانەکان یان تازە لەدوورخراوەیی گەڕابوونەوە بەرقو کینەیەکی پەنگ خواردووەوە دەیان روانی‌یە شیوعی‌یەکان کەپێشتر ببوونە مایەی گرتنو دوورخستنەوەیان. لەبەرامبەریشدا شیوعی‌یەکانو ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان, کەهەتا ئێستاش زاڵن بەسەر هەندێ لەو رێکخراو شەقامانەدا. هەردوولا

عەقید (محمد عبدالزراق) لەماوەی حکومەتی عەبدولسەلام عارفدا پارێزگاری سلێمانی بوو. رۆڵێکی سەرەکی بینی لەو رێککەوتنامەی نێوان عەبدولسەلام عارفو خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی‌دا لەساڵی (1964). کەهۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەو دوو بەرەکی‌یەی کەوتە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.



دڵخۆش نەبوون بەو پێشکەوتنە تازانە. هەروەك هەردوولا چاوەڕێی رووداوێك بن رووبداو هەریەکە هێزو جەماوەرو پاڵپشتی دەسەڵات بۆ یەکتر نیشانبدەن. ساڵیادی شۆڕشی تەمموزی (1958) کەرووداوێك بوو کۆتایی پێ هاتو ئاکامیشی لێ کەوتەوە, ئەم هەلەی رەخساند بۆ ئەم ململانێیە.

ئەو ئاکامانەی کە لەئەنجامی رووداوی مەراسیمی ساڵیادەکەدا روویدا لەپاشکۆی ژمارە سێدا بەگرنگی باسی لەسەرکراوە.

لەدوای ئەو توندوتیژو ئاژاوەیە کە بەبۆنەی مەراسیمەکەوە روویدا, هێمنی‌یەکی کاتی باڵی بەسەر شاری کەرکوکدا کێشا. بەڵام لەئێوارەی (15)ی تەمووزی (1959) چەند یەکەیەکی سەربازی لەبەغداوە گەیشتە جێ. ئەو کردە یەك لەدوای‌یەکانەی کەئەو یەکە سەربازییانە ئەنجامیان دا ئاکامی ترسناکی لێ کەوتەوە لەشارەکەو, بێ گومان, باقی ناوچەکەش کەهەتاوەکو ئێستاش کاردانەوەی ماوە. وەزارەتی بەرگری بڕیاری گواستنەوەی یەکەی تەواو لەفیرقەی دووی دا بۆ ناوچەکانی باشوری عیراق کەلیوای چوار یەکێ بوو لەوانە کەزۆربەی زۆریان کوردبوون. هەر لەو رۆژەوە کەشو هەوایەکی پر لەتیرۆرو تۆقاندن دژ بەکورد دروست بوو.

دوای ئەو رووداوانە بەفەرمانی فەرماندەی گشتی سەربازی لیژنەیەکی تایبەتی لێکۆڵینەوە کەپێك هاتبوو لەئەفسەرانی قەومی عەرەبو بەسەرۆکایەتی ئەفسەرێکی تورکمان بەناوی عەمید (عبدالله عبدالرحمن)

لەنووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوکدا هاتووە, کەبۆ پارێزگا دەرچووە, کە لەلایەن (حنا بەتاتۆ) ئاماژەی پێکراوە, سەرچاوەی پێشو, ل 913, دەڵێ: "زۆربەی کوردەکان پەیوەندییان کردبوو بەسەندیکای کرێکارانو رێکخراوی لاوانەوە. بەڵام تورکمانەکان لەژێر کاریگەری ئەندامانی تورکمانە قەومی‌یە توندڕەوەکاندا مانەوە.

بڕوانە پاشکۆی ژمارە سێ.

بۆ لێکۆڵینـەوە لـەو رووداوە. هـەر لەگـەڵ گەیشـتنی لیژنەکـە بـۆ شـاری کەرکوك جۆرە پەیوەندی‌یەك‌و هاوکاری‌یەك دروست بوو لـەنێوان ئەنـدامانی لیژنـەو هەنـدێ پـارێزەری تورکمـان‌و چـەند بەرپرسـێکی تـر لـەپارێزگا بەمەبەسـتی درێـژکردنی پەنجـەی تـاوان بـۆ چـەند کەسـێکی دیـاری کـراو بەتایبـەتی سـەرانی سـەندیکاو رێکخـراوە پیشـەی‌یەکان. ژمارەیـەکی زۆری خەڵکیان گرت‌و رەوانەکردنی هەندێکی تر بۆ دادوەری عورفی لەبەغـدا بـۆ دادگـایی کردنیـان بـەتاوانی هێرشـکردن‌و هانـدانی کوشـتن. دوابـەدوای کودەتاکەی (8)ی شوباتی (1963) دادگای ناوبراو بڕیاری لەسێدارەدانی بـۆ (27) کـوردو یـەك تورکمـان دەرکـرد کـە بەئاشـکرا لەشـەقامێکی کەرکوکدا لەسێدارەدران. چەندینی تر کەزۆربەیان سەر بەحزبی شیوعی بوون یان سەر بـەپارتی دیموکراتی کوردسـتان بـوون بڕیـاری زینـدانی قورسـیان بەسەرا درا.

بـاس کردنـی ئـەم رووداوەو دیـاری کردنـی هۆکـارو چـۆنێتی رووداوی رووداوەکـە گرنگـە, چـونکە نووسـەرانی پێشـتر سـەرکەوتوو نـەبوون لـەباس کردنیدا. بێ‌گومان, ئەو نووسەرانە کتێبەکانیان لەعیراقـدا بڵاوکردووەتـەوە پاش ئەوەی کەحزبی بەعس دەسەڵاتی لەعیراقـدا گرتـە دەسـت. هـەر چـەندە ژمارەیەك لەشارەزایان لەوانە دکتۆر (حنا بەتاتۆ) کە بەشـێوەیەکی بابـەتی تەواو دیراسەی کردوو. پرۆفیسۆر بەتاتۆ کەزانایەکی فەلەستینی‌یەو بەرەگەز ئەمریکی‌یە, لەناوەڕاستی شەستەکاندا سەردانی عیراقی کردبوو لەکاتێکـدا

عەقیـد (عبـدالله عبـدالرحمن), لەناوەڕاسـتی حەفتاکانـدا لەگـەڵ ژمارەیـەکی تـر لەتورکمان, لەلایەن رژێمی عیراقەوە لەسـێدارە درا بەتۆمـەتی ئـەوەی کەپەیوەنـدییان هەیـە بەبێگانەوە.



دەیتوانی کەدیراسەی چەندین بەڵگەنامەی نەهێنی بکات لەدەزگای ئەمنی‌و سەرچاوەکانی تر لەبەغداو کەرکوك , .

ئەو رۆژنامە قەومییانەی کەعەبدولکـەریم قاسـم رێگـەی دەرچـوونی پـێ دابوو لەو ماوەیەدا هەڵمەتێکی راگەیاندنی توندیان کردە سەر چەپڕەوەکانی عیراق, کەئەمە هاندەرێك بـوو بـۆ دەزگاکـانی راگەیانـدنی چـەند وڵاتێکـی عـەرەبی‌و تورکیـایی بـۆ ووروژانـدنی هەڵمـەتی چەواشـەکردن‌و زیـاد رەوی لەرووداوەکاندا.

لـە(19)ی تـەمموزی (1959)داو پـێش ئـەوەی لیژنەکـە دەسـت بەلێکۆڵینەوەکانی بکات, عەبدولکەریم قاسم ووتەیەکی لەکەنیسـەی (مـار یوسـف) لەبەغـدا پێشـکەش کـرد کەتێـدا چـەپ رەوەکـانی عیراقـی بـەوە تاوانبارکرد کە لەپشتی ئەو رووداوانەوەن. ئەم ووتەیە کاری کردە سەر لیژنەی لێکۆڵینەوەکان. پاشان عەبدولکـەریم قاسـم لەتۆمـەتی نـاوبراو پاشـگەز بووەوە کاتێ کەڕاستی‌یەکانی بۆ دەرکەوت.

حنا بەتاتۆ, سەرچاوەی پێشو.

برادەرێك کەئێستا لەئەمریکا نیشتەجێ‌یە, چەند سـالێك لەمەوبـەر چـاوی بـە بـەتاتۆ کـەوتبوو و پرسـیاری لێ کـرد بـوو, ئایـا لـەکاتی سـەردانەکەی‌دا چـاوی بـەهیچ یـەکێ لەشـیوعی‌یەکان یـاخود کوردەکـان کـەوتووە, تـاوەکو بزانـێ بۆچـوونیان چـی‌یە. لەوەڵامـدا وتبووی نەخێر چونکە رژێمی عیراق رێ‌ی پێ نەدا بوو ئەو کارە ئەنجامدا.

لەنێو ئەو شێوازە ناوازانەی کەحکومەتی عەبدولکەریم قاسم پیادەی دەکرد, ئـەوە بـوو کـەتاوانبارە چـەپڕەوە کوردەکـانی رەوانـەی دادگـا عورفی‌یـەکان دەکـرد کـەپێك هـاتبوو لەئەفسـەرە عەرەبـە قەومی‌یـەکان, ئەوانـەی کـەدژ بەچـەپڕەوو دژ بـەکورد بـوون. لەهـەمان کاتیشدا تاوانبارە عەرەبە قەومی‌و ئیسلامی‌یەکان رەوانەی دادگای باڵای سـەربازی تایبـەت کەعەقید (فاضل المهداوي) سەرۆکی بوو دەکـرد. تاونبـاران بەزینـدانی دوورودرێـژ یـان بەحوکمی لەسێدارەدان لەم دادگایانەدا دەردەچوون. ئەگەر هەریەکێ لەو تاونبارانـە رەوانـەی دادگایەکی تر جگە لەو دادگایەی کـەبۆی نێردرابـوو بکرایـە, بـێ تـاوان دەردەچـوون لەهـەر تاوانێك کەئاراستەیان کرابوو.

ئەمەش یەکێك بوو لـەو هۆکارانـەی کـەبڕیاری لەسـێدارەدانی تاونبـاران جێبەجێ نەکرێ, هەتا دوای لەسێدارەدانی خۆی لەلایەن بەعسی‌یەکانەوە .

هەموو ئەو ڕووداوانە ئەنجامێکی خراپـی لێ کەوتـەوە کەسـەرانی کـوردو تورکمان درکیان بەو ترسە نەکرد تـا پـاش ئـەوەی ڕژێـم کـەرکوكو تـەواوی ناوچـەکەی تـەعریب کـرد. سـەرەتا لەلایـەنی بـەهێزەوە دەسـتی پێکـرد (کـەکورد)ە پاشـانیش تورکمـان. بـۆ مـاوەی بیسـت سـاڵ ڕژێـم چـەندین تورکمانی بەکار هێنا وەك ماشەیەك لەبۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەم سیاسـەتە, پێش ئەوەی لەسەرەتای هەشتاکاندا تورکمانەکان خۆیان بگرێتەوە.

ڕەنگدانەوەیەکی ترسناکی تر دەربارەی ڕووداوەکانی کەرکوك کە تائێستا کەس ئاماژەی بـۆ نـەکردووە, ئـەویش دروسـت کردنـی ڕێکخـراوی نهێنـی‌و تیرۆرسـتی تورکمـانی کەبـەهاوکاری لەگـەڵ هەنـدێ لەبەرپرسـانی ئـەمنی پارێزگا وەك بەڕێوەبەری ئەمن نووری خـەیات, کـەکاری تیرۆرسـتیان ئـەنجام دەدا دژ بـەکوردە ناسـراوەکان. وەیەکـەم کـورد کـەبووە قوربـانی ئـەم کـارە تیرۆرستی‌یە ئەویش (محەمەد ئەمین)ی شەربەتچی تەمەن (50) ساڵە بوو کە

---

لەنێو ئەو توێژەرانەی تـر کەباسـیان لـەڕووداوەکانی کـەرکوك کـردووە, دکتـۆر جـەمال نەبـەز لـە(کوردسـتان‌و شۆڕشـەکەی) کەبـەزمانی ئـەڵمانی بـڵاو بووەتـەوە, پاشـان لەسـاڵی 1985دا وەرگێردراوەتـە سـەرزمانی کـوردی. لەلاپـەڕەی (196)دا دەڵـێ: نـەیارانی عەبدولکـەریم قاسـم کەرەخنـەیان لێ دەگـرت بـەهۆی ئـەوەی کەپشـتیوانی لەشـیوعی‌یەکان دەکـرد, توانیـان کەکاربکەنـە سـەری بـەهاوکاری لەگـەڵ تورکمانـە موتەتەڕیفـەکان (پـان تورکیزم)و بەکرێگیراوانی کۆمپانیای نەوتی عیراقی (IPC) لەکەرکوك ئەو ئاژاوەیە دروست بکەن‌و پاشان شیوعی‌یەکانی پێ تاوانباربکەن. پاشانیش زانیـاری ناڕاسـتیان دا بەقاسـم کـە لەئێوارەی (19)ی تەمموزی (1959) لەکردنەوەی کەنیسەی (مار یوسـف)داو لەووتارێکـدا بەتوندی هێرشی کردە سەر شـیوعی‌یەکان‌و بەئاژاوەچـی ناویـانی بـرد, بـەڵام, پاشـان قاسـم پاشگەزبووە لەو تاوانـەی کەئاراسـتەی شـیوعی‌یەکانی کردبـوو لەچاوپێکەوتنێکی‌دا لەگـەڵ ڕۆژنامەی (الایام)ی عەرەبی‌دا, ژمارەی (59)ی تـەمموزی سـاڵی 1962. هـەروەها بڕوانـە Uriel Dann, سەرچاوەی پێشوو, ل 223- بەدواوە.



لەدەرەوەی دووکانەکـەی خویـدا تیرۆرکـرا. نـاوبراو ئەنـدامی هـیچ حزبێکـی سیاسـی یـاخود سـەندیکایەکی کرێکـاری یـان ڕێکخراوێـك نـەبوو. لەگـەڵ بەردەوام بوونی ئەم کوشـتنانە, چـەندین خێزانـی کـورد کـەرکوکیان بـەجێ هێشت‌و هەڵهاتن.

هـەر لـەو ماوەیـەدا چـەند ڕێکخراوێکـی تیرۆرسـتی لەبەغـداو چـەند شوێنێکی تر دروست بوو کەزۆربەیان لەئەندامانی حزبی بەعس پێك هاتبو, ئامانجیان هەڕەشە لێکردن بوولەو خێزانانەی کـە بەچـەپڕەو ناسـرابوو تـاکو ناچاریان بکەن چەند شوێنێکی شـارەکە بـەجێ بهـێڵن‌و بیکـات بەگـەڕەکی داخراو کەپاشان بووە ناوەندێك بـۆ کۆکردنـەوەی چـەك‌و خۆئامـادەکردن بـۆ بەکارهێنانی دژ بـەرژێمی عەبدولکـەریم قاسـم. هـەروەها هـەمان بـارودۆخ کەرکوکیشـی گرتـەوە کـەڕێکخراوە تورکمانی‌یـە نهێنی‌یـەکان ئەوانـەی کەپەیوەنـدیان بـەڕێکخراوەکانی بەغـداو موسـڵەوە هـەبوو کـەدژی ڕژێمـی عەبدولکـەریم قاسـم کاریـان دەکـرد بەهەڕەشـەکردن لەچـەندین گـەڕەك لەکەرکوك بەمەبەستی دروست کردنی گەڕەکی داخراو لەوێدا.

لەپێیناوی گەیشتن بەئامانجەکانیان پەنایان بـردە بەرکوشـتن‌و سـوتاندنی مـاڵ‌و دوکـان‌و شـوێنە بازرگانی‌یـەکان‌و تەنانـەت پێـداکردنی تێـزاب بەسەروچاوی هەندێکیان کەبوونە قوربانی ئەم کارانە.

ئەم جۆرە تەعداکردنە داڕێژراوانـە بونـە مایـەی ئـەوەی کەچـەندین کـورد شارەکە بۆ دواجار بەجێ بهێڵن یاخود ماڵەکانیان لەو گەڕەکانە بەجێ بهێڵن بەبێ ئەوەی ماوەی ئەوەیان هەبێ بیفرۆشن ئیتر گرنگ نیە ئەگەر نرخەکەشی کەم بێ.

لەدەرئـەنجامی ڕووداوەکـانی تـەمموزی سـاڵی (1959)دا لەکـەرکوك, ژمارەیەکی زۆری کورد کەزیاتر لەژمارەی تورکمانەکان کەوتنەبـەر پـەلامار یاخود تیرۆرکردن.

ئەم توندوتیژی‌یە بووە مایەی ئەوەی کەژمارەیەکی زۆر لەفەرمانبەرانی کورد ناچار بکات بگوازنەوە بۆ شارەکانی تر. هەندێکی تر, کە لەنێویاندا مامۆستای سەرەتایی‌و دواناوەندیشی تێدا بوو, لەلایەن حکومەتەوە گوازرانەوە بۆ شارەکانی تر لەناوەڕاست‌و باشوری عیراق, هەر چەندە کەخۆیان ئەمەیان داوانەکرد بوو. لەڕاستیدا, هاوکاری کردنی هەندێ لەبەرپرسانی دام‌و دەزگاکانی ئەمنی پارێزگاو لەگەڵ بەرپرسانی ئەو رێکخراوە تورکمانیانە کەبەرپرسبوون لەو کوشتن‌و تەعدا کردنانە بەشێوەیەکی تایبەت, دەرکەوت کاتێ کەکەسیان نەدەگرت‌و تاوانباران بەنادیاری دەهێشتەوە یاخود ئاشکرانەکردنی ناسنامەی تاوانباران بووە هاندەرێك بۆ تاوانی زیاتر دژ بەکورد.

دام‌و دەزگاکانی ئەمنی پارێزگا فشاریان خستبووە سەر ئەندامانی حزبی شیوعی‌و ئەندام‌و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و ئەو کوردانەی کەتەنانەت پەیوەندییان بەسیاسەتیشەوە نەبوو.

ئەم تەعداکردننانە بۆ سەر خەڵکی مەدەنی بەردەوام بوو تاوەکو کودەتاکەی ساڵی (1963). لەپاش کودەتاکە چەوسانەوەی کورد زۆر زیاتر بوو زۆر بەناشیرینی دەجولانەوە بەرامبەر بەوانەی کەپەیوەندییان بەسیاسەتەوە هەبوو. کەتووشی شالاوێکی توندوتیژی‌و تۆقاندنی بەردەوام بوون لەگەڵ رەشبگیری هەزارانی ترو دەرکردنی خەڵکێکی یەکجار زۆر لەسەر ماڵ‌و حاڵی خۆیان. کوردی کەرکوك تووشی نەهامەتی‌یەکی تەواو بوو لەلایەن بەشداربووانی کودەتاکەو پیاوانی گاردی کۆماری کەزۆربەیان لەتورکمانە موتەتەریفەکان پێك هاتبوون‌و کۆنترۆڵیان کردبوو کەئێستا هەندێ لەو موتەتەریفانە سەرکردەی پارتە سیاسی‌یەکانی تورکمانن. یەکەم شت کەپیاوانی گاردی کۆماری بەهاوکاری لەگەڵ دام‌و دەزگاکانی ئەمنی شارەکە ئەنجامیاندا, وێران کردنی گەڕەکی کۆماری بوو کەهەژارانی کوردی لێ



نیشتەجێ بوون. لەژێر چاودێری ئەواندا, هەموو ئامێرەکانی شارەوانی بەکارهێنران بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کاول کاری‌یە.

هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەکوردستاندا لەحوزەیرانی ساڵی (1963), هێمایەك بوو بۆ رژێم, لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی زۆربەی تورکمانەکان بوو, بۆ توندکردنی هەڵمەتی تۆڵە سەندنەوە لەکوردی کەرکوك‌و شارۆچکەکانی سەر بەپارێزگا.

سوپا بەهاوکاری لەگەڵ گاردی کۆماری‌و بەکرێ گیراوانی هەڵمەتێکی دوژمنانەیان کردە سەر کورد بەتەنها رێژەیەکی کەم نەبێ کەهاوکاری رژێمیان دەکرد.

ئەو کارانەی کەکودەتاچی‌یەکانی شوباتی ساڵی 1963 پێی هەستان لەپێناوی بەعەرەب کردنی پارێزگای کەرکوکدا.

لەوکردەوانەی کە کودەتاچی‌یەکانی شوباتی 1963 پێی هەستان ئەمانەن:

1- ڕووخاندنی ئەو گوندە کوردنیشینانەی نزیك شاری کەرکوك بەتایبەتی ئەوانەی نزیك بوون لە کێڵگە نەوتی‌یەکانەوە, کەژمارەیان (13) سێزدە گوند بوون لەوانە گوندی سۆنەگۆلی‌و یاروەلی‌و پەنجا عەلی‌و پاشاو قزلقایەو چیمەنی گەورەو چیمەنی بچووك‌و جەوەڵ بۆرو هەنجیرەو قوتان‌و قوشقایەو شۆراو باجوان.

2- تەرحیل کردنی هەموو ئەو گوندنیشینە کوردانەی سەر بەناحیەی دوبز کە ئێستا کراوە بە ناحیەی(الدبس) پاشان نیشتەجێ کردنەوەی بە عەشیرەتە عەرەبی‌یە کۆچەری‌یەکان بەسەرۆکایەتی ( عواص صدید) ناوێك لە عەشیرەتی (الدلیم). ئەم پرۆسەی تەرحیل کردنە ئەم گوندانەی لای خوارەوەی گرتەوە(قەرە دەرو عەمشەو مەرعی‌و قەلا عەربەت‌و قوتانی خەلیفەو قوتانی کوردەکان‌و سێکانیان‌و گورگەچاڵ‌و شێخان‌و نادرائاواو

درکەی کوردەکانو قەرەهەیبەتو عەلا غێرو مامەو شێرەناو تەق تەقو کونە رێوی‌و چەخماخەو مەلحە). پاشان پرۆسەی تەرحیل‌و تەعریب ئەم گوندانەی لای خوارەوەشی گرتەوە (جاستانەو دەربەندو سەربەشاخ‌و پەرکانەو عەولاخان‌و سارەلوو شناغەو درکەی گەورەو درکەی بچووك‌و چەوت‌و کێسمەو تەل هەلالەو گەزومشان‌و گەڕاو ئەوانی تر).

3-دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەکرێکارانی کورد کە لەکۆمپانیای نەوت کاریان دەکرد یان گواستنەوەیان بۆ کۆمپانیاکانی تر لەدەرەوەی پارێزگا.

هەروەها رژێم ژمارەیەك فەرمانبەری ئاسایی گواستەوە بۆ باشوری عیراق کە لەنێویاندا مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی‌و مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی تێدا بوو.

4-بەکرێ گرتنی ژمارەیەك عەرەب‌و بەرکاهێنانیان وەك پۆلیسی ناوخۆ یان کرێکار لەکۆمپانیای نەوت, سەرەڕای نەبوونی هیچ شارەزای‌یەکی پێشتر چونکە زۆربەیان خەڵکی عەشایەر بوون.

5-دروست کردنی چەندین رەبیەی سەربازی لەسەر گردو بەرزایەکانی دەوروبەری شارەکەو لەو شوێنە نزیکانەی لەکۆمپانیای نەوت‌و ئەو شوێنانەی کردە ناوچەیەکی ئەمنی کەنەدەبوو کەس نزیکی بکەوێ پاش ئەوەی مین رێژکرا.

6-چەکدارکردنی ئەو عەشیرەتە عەرەبیانەی کەهێنرابوو تا لەگوندە کوردنیشینەکاندا نیشتەجێ بکرێن. رژێم لەعەشیرەتە عەرەبی‌یەکانی وەك (الجبور)و (العبید)و عەشیرەتە عەرەبی‌یەکانی تر چەند یەکەیەکی ملیشیاتی چەکداری دروست کردبوو بۆ یارمەتی دانی سوپا بۆ هێرش کردنە سەر پێشمەرگەو گوندنشینە کوردەکانی ئەم ناوچەیە.

7-گۆڕینی ناوی قوتابخانەو شەقامەکانی کەرکوك‌و ناچارکردنی خاوەن دوکانە بازرگانی‌یەکان تاناوی عەرەبی بۆ دوکانەکانیان بەکاربهێنن وەك



جێبەجێ کردنێك بۆ سیاسەتی تەعریب کردن کەبەشێوەیەکی ئاشکرا جێبەجێی دەکات.

8-هێرش کردنی بەرفراوان بۆ سەر زۆربەی گوندەکانی پارێزگا بەمەبەستی تۆقاندنی خەڵکەکەی‌و ناچارکردنیان تاگوندەکانیان بەجێ بهێڵن‌و عەرەب لەشوێنەکەیان نیشتەجێ بکات.

سیاسەتی تەرحیل وێران کردنی گوندە کوردنیشینەکان لەپارێزگادا جگە لەوێران کردنی گەڕەکە کوردی‌یەکان لەشاری کەرکوك‌و پاڵ پێوەنانی خەڵکەکەی تاکو شارەکە بەجێ بهێڵن بەیەکجاری‌و گواستنەوەی فەرمانبەران‌و کرێکارانی کورد بۆ ناوڕاست‌و خوارووی عیراق, سیاسەتێکی نەگۆڕی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراق بووە لەسەرەتای ساڵی (1963) تاساڵی (1968).

هەر هەمان ئەو حکومەتانە پەنایان بردە بەر هاندانی بەکرێ گیراوانی کورد تاکو کورد دابەش بکات‌و دژ بەیەك بەکاریان بهێنێ, بەدروست کردنی یەکەی ملیشیاتی سەربازی لەنێو ئەو بەکرێ گیراوانەداو پارەیەکی زۆریشی تەرخان کرد بۆ ئەوانەی کەئامادە بوون چەك بۆ رژێم هەڵگرن یان هەڕەشەکردن لەوانەی کەچەکی بۆ هەڵناگرن بەرووخاندنی گوندەکانیان.

## 3- ماوەی ساڵی 1968 تائێستا:

حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست جارێکی تر لەرێگەی کودەتایەکی سەربازی‌یەوە لە(17)ی تەممووزی ساڵی (1968) دەسەڵاتی گرتەوە دەست.

لەسەرەتادا سەرانی ئەم کودەتایە هەوڵی دڵنیاکردنی کۆمەڵانی خەڵکیان داو بەڵێنیان دا کەئەو توندوتیژی‌یەی کە لەدوای کودەتاکەی ساڵی (1963)دا گرتیانەبەر دووبارەی نەکەنەوە.

مەبەستیان لەم بەڵێن‌و دڵنیاکردنەوەیە ئەوە بوو بۆ چاکردنەوەی بارودۆخی ناوخۆیی‌و دەرەوە بەهۆی ئەو پێشەلکارییانەی کەدژ بەمافەکانی

مرۆڤ ئەنجامیان دابوو پاش وەرگرتنی دەسەلاَت لەساڵی (1963)دا. بەلاَم سیاسەتی حزبی بەعس بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەی کەرکوکو زۆرینە کردنی ژمارەی عەرەب لەدەڤەرەکەدا هیچ گۆڕانکاریی‌یەکی بەسەردا نەهات, بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم سیاسەتە زیاتر بەرفراوان کراو درێژەی پێدرا وەك سیاسەتێکی دیاریکراوی دەوڵەت. هەربۆیە رژێم پارێزگارانی کەرکوکی لەئەندامانی خۆی تەرخان دەکردو دەسەلاَتی تەواوی پێ ئەبەخشین بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن, کە بەپێی قسەی یەکێ لەپارێزگارانی پێشووی کەرکوك "ئەم سیاسەتە ببووە بەشێك لەسیاسەتی گەورە دەسەلاَتدارانی عیراق".

دوای ماوەیەکی کورت لەوەرگرتنی دەسەلاَت, رژێم ئەم کارانەی لای خوارەوەی ئەنجامدا بەمەبەستی گۆڕینی باری نەتەوەی شاری کەرکوکو تەواوی پارێزگاکە.

أ-ئەو کردەوانەی کەرژێم لەناو شاری کەرکوکدا ئەنجامی داوە:

1-گواستنەوەی پاشماوەی فەرمانبەران لەمامۆستای سەرەتاییو ناوەندیو هەروەها کرێکاران لەبەشە جیاجیاکانی دەوڵەتو لەکۆمپانیای نەوت بۆ شوێنەکانی دەرەوەی شاری کەرکوکو هێنانی فەرمانبەرو کرێکارانی عەرەبی بۆ جێگاکانیان.

---

برادەرێك, کەپەیوەندی‌یەکی برادەری کۆنی هەبوو لەگەڵ یەکێ لەپارێزگارانی پێشووی کەرکوك کەپاشانیش پۆستێکی دیپلۆماسی بەرزیشی هەبوو لەدەرەوەی عیراق, پێی ووتم کەجارێك گوێی لەم کۆنە پارێزگارە بووەو بەزمانی خۆی باسی لەو سیاسەتەی حزبی بەعس دەکرد بەرامبەر بەکەرکوکو ئەو فەرمانانەی کە لەسەرکردایەتی حزبەوە بۆ دەهاتو داوایان لێ دەکرد بەتەواوی جێبەجێی بکات. ئەو سیاسەتە بە بەشێك لەسیاسەتی دەوڵەتی بالاَدەست دادەنرا.



ئەو کوردەی کە کەرکوك بەجێ بهێڵێ جا لەبەر هەر هۆیەك بێت ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك بگەڕێتەوە بۆ ئەم شارە. ئەمەش بەسەر زۆر لەو کرێکارو فەرمانبەرانەدا هاتوو, کە بەفەرمانی ئیداری گواستراونەتەوە بۆ پارێزگاکانی تر, دواییش خانەنشین کراون یاخود وازیان لەکارەکانیان هێناوە. کاتێکیش کەویستویانە بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان, کەخانوویان هەیە بەناوی خۆیان, رێگەیان لێ گیراوەو نەیان هێشتووە بگەڕێنەوە.

2-گۆڕینی ناوی گەڕەکە کوردی‌یەکانو ناونانی قوتابخانەو شەقامو بازرگاکان بەناوی عەرەبی‌یەوە. جەخت کردنە سەر خاوەن نووسینگە بازرگانی‌یەکاندا بۆ گۆڕینی ناوی نووسینگەکانیان بۆ عەرەبی. بۆ نمونە, ناوی گەڕەکی رەحیم ئاوا گۆڕدرا بۆ (حي الاندلس). ناوی قوتابخانەی ئاسۆی سەرەتایی کوڕان گۆڕدرا بۆ (الطليعة). ناوی قوتابخانەی دواناوەندی کوردستانی کوڕان گۆڕدرا بۆ (عبدالملك بن مراون).

3-کردنەوەی شەقامی بەرین لەگەڕەکە کوردی‌یەکاندا وەك شەقامی (60) شەست مەتری لەگەڕەکی (شۆڕیجە)و لێ سەندنی خانوەکانیان بەقەرەبووی‌یەکی کەم بەبێ ئەوەی رێگە بدەن بەخاوەنەکانیان کەخانوو یاخود زەوی بکڕن لەناوشاری کەرکوك تاوەکو ناچاریان بکەن شارەکە بەجێ بێڵن.

4-زیاد کردنی لیستی تازە بۆ سەر لیستی سەرژمێری ساڵی (1957)و تۆمارکردنی ناوی ئەو عەرەبانەی کەتازە هێنرابوون تاکو

---

ئەمە یەکێك بوو لەرووداوەکانی ژیانی خۆم لەساڵی (1982)دا کاتێ کە بەزۆرداری خانەنشین کرام لەزانکۆی بەغدا, ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی. نەیان هێشت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە لەکەرکوك.

بوونی عەرەب لەساڵی (1957)وە یاخو پێشتریش, لەم شارەدا نیشان بدەن. بەم شێوەیە دەوڵەت پرۆسەی تەزویرکردنی رەسمی گرتبووە بەر کەهەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

5-رێگە گرتن لەکوردەکانی کەرکوك لەفرۆشتنی خانوو و زەوییەکانیان تەنها بۆ عەرەب نەبێت هەروەها رێگەگرتن لەکڕینی زەویو خانوو بەهەر شێوەیەك بێت. دەزگای شارەوانی مۆڵەتی دروست کردنی خانوو یاخود مۆڵەتی نوێکردنەوەی قەدەغە کرد بوو بۆ کوردەکان هەتا ئەگەر خانووەکانیش زۆر پێویستی بەنوێژەنکردنەوە هەبوایە, ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی تاکو خانوەکانیان بفرۆشن یاخود بەجێی بهێڵنو دوایش شارەکە بەجێ بهێڵن, ئەم کردەوانەش پاشان لەسەرەتای هەشتاکاندا لەسەر تورکمانیش جێبەجێ کرا.

6-هەڵبەستنی تۆمەتی جۆراوجۆر بۆ کوردەکان, لەلایەن دەزگای ئەمنەوە بەمەبەستی ترساندنو ناچارکردنیان تاوەکو شارەکە بەجێ بهێڵن, پاشانیش دەست بەسەراگرتنی سامانو خانووبەرەیان. هەروەها چەندین لاوی کورد تووشی گرتن بوون لەلایەن دامو دەزگاکانی ئاسایشەوە بەبێ دادگایی کردن یاخود بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ.

هاوولاتیان بە بەردەوامی ئوتۆمۆبیلەکانی دامو دوزگاکانی ئاسایشیان دەبینی کەتەرمی هاوولاتیانیان دەگواستەوە کەپۆشاکی کوردییان لەبەر بوو تاوەکو بیانشارنەوە لەو گۆڕستانەی کەخاڵك ناویان نابوو (غەریبان) کەنزیك جادەی کەرکوك- سلێمانییە.

7-گواستنەوەی بارەگای ئیدارەی پارێزگا بۆ بەشێکی تەعریب کراو لەشارەکە کەدەکەوێتە ئەمبەرو ئەوبەری جادەی گشتی نێوان کەرکوكو بەغدا. هەروەها بارەگای کۆمەڵەو سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکانی تری گواستەوە بۆ هەمان شوێن.



8-دروست کردنی کارگەو پێکهاتەی حکومی لەنزیك رێگای کەرکوك- حەویجە- تکریت, بەهەزاران خانووبەرەی دروست کرد بۆ ئەو کرێکارە عەرەبانەی کەلەو کارگەو پێکهاتە حکومیانە کاریان دەکرد.

9-گۆڕینی شارەکەو دەوروبەری بۆ کامپێکی سەربازی گەورە, دروست کردنی شوورەی سەربازی لەناوەوەو دەرەوەی شار, گۆڕینی قەلا مێژووینەکەی بۆ قەلایەکی جەنگی سەربازی پاش ئەوەی کردوویەتی بەپێگەیەك بۆ تۆپو مووشەکەکانی کەڕووەو گەڕەکەکانی کوردو تورکمانەکان ئاراستە کراوە, پاشانیش بەتەواوی قەلاکەی وێران کرد.

10-یەکێ لەو کردەوە گەورانەی کەرژێم پێی هەستاوە بەمەبەستی بەعەرەب کردنی کەرکوك, نیشتەجێ کردنی (دە هەزارییەکان)ە لەخێزانی عەرەبی لەزنجیرەیەك کۆمەڵگادا, پاش دابین کردنی خانوو و ئیشوکار بۆ ئەندامانی خێزانەکانیان لەبەرامبەر ئەمەشدا رژێم بڕێکی پارەی تەرخان کردبوو بۆ هەر کوردێك کە کەرکوك بەجێ بهێڵێ شوێنی دانیشتنی بۆ دابین دەکرد لەو شوێنانەی کەخۆی لەناوەڕاستو باشوری عێراق دیاری کردووە, یاخود پارچە زەوییەکی بۆ دابین دەکرد لەناوچەی ئۆتۆنۆمی (ئەم ناوە رژێم بۆ پارێزگاکانی کوردستان دایناوە جگە لەکەرکوك, کە بەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا نانرێ).

لەماوەی سالانی حەفتاکانو هەشتاکاندا رژێم چەندین گەڕەکی ئامادەکراوی دروست کرد بۆ نیشتەجێ کردنی عەرەب. زۆربەی ئەو عەرەبانە لەدەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشو ئیستخباراتو موخابەراتو سوپای عیراقیدا دامەزرێنران, یاخود وەك کرێکارێك لەدامودەزگا حکومییەکاندا. هەروەها هەندێکیانی لەمۆڵگە سەربازییەکانی دەوروبەری کەرکوك بەکاردەهێنا. ئەو گەڕەکانەی کەرژێم دروستی

کردبوون بۆ ئەو عەرەبانەی کەتازەهێنرابوون بۆ شاری کەرکوك تاوەکو کۆتایی ساڵی **1989** ئەمانەن:-

أ-دروست کردنی نزیکەی (**600**) یەکەی جێنیشین لەگۆڕەپانێ بەرامبەر بەگەڕەکی ئازادیو گەرەکی ئیسکان کەدوو گەڕەکی کوردنیشینە لەنزیك ڕێگای گشتی نێوان کەرکوكو سلێمانیو ناوی لێنرا گەڕەکی (الکرامە), لەگەڵ دروست کردنی کامپێکی سەربازی لەنزیك گەڕەکی ناوبراو بەمەستی پارێزگاریکردنی دانیشتوانەکەی. هەموو ئەمانە لەساڵی (**1970**)دا ڕوویدا پاش ماوەیەکی کورت لەئیمزاکردنی پەیماننامەی (**11**)ی ئاداری ساڵی (**1970**) لەنێوان ڕژێمو بزووتنەوەی گەلی کوردا.

ب-لەساڵانی (**1972- 1973**) ڕژێم (**500**) یەکەی جێنیشینی دیکەی دروست کرد لەنزیك گەڕەکی (الکرامە) بەناوی (المثنى)ی عەرەبی. ئەم گەڕەکە (**3**) سێ کیلۆمەتر دوورە لەکۆگاکانی فیرقەی دوو لەسەر ڕێگای کەرکوك- یارەوڵی.

ج-لەنێوان ساڵانی (**1981- 1982**)دا ڕژێم (**200**) پارچە زەوی دابەش کرد بەسەرکەسو کاری (شەهیدانی قادسیەی سەدام) لەنزیك ڕێگای کەرکوك- سلێمانی. هەروەها پارەی لەبانك بۆ دابین کردن وەك قەرزێك بەبێ قازانج بەمەبەستی دروست کردنیان کەزۆربەی ئەو خەڵکانە عەرەب بوون.

د-دروست کردنی گەڕەکێك لەژێر ناوێکی عەرەبی (الاندلس) لەنزیك گەڕەکی (ڕەحیم ئاوا) لەسەر ڕێگای کەرکوك- هەولێر بۆ ئەو عەرەبانەی کە لەکارگەی (کۆکا کولا) کاریان دەکرد کەدەکەوێتە سەر هەمان ڕێگا, ناوی (الاندلس)ی نا لەگەڕەکی تازە دروست کراو



گەڕەکی (ڕەحیم ئاوا) بەمەبەستی تەعریب کردنی ناوە کۆنەکە (ڕەحیم ئاوا).

هـ-لەساڵی (**1979**)دا نزیەکەی (**2000**) دووهەزار خانوو لەکەرکوکی تازە عەرەفە (عەرەفە ناوی کۆنی شاری کەرکوکە) دروست کرا بەبۆنەی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی حکومییەوە. (**4000**) چوار هەزار خانوی تر لەهەمان شوێن لەلایەن کۆمپانیایەکی بیناسازی بیانییەوە دروست کرا.

و-دروست کردنی فرۆکەخانەیەکی سەربازی گەورە لەگەڕەکی عەرەفە لەباشوری ڕۆژئاوای ڕێگای گشتی نێوان کەرکوك- دوبز, بەرامبەر بەو شەقامەی کەدەکەوێتە بەرامبەر بارەگای فیرقەی دوو سەر بەفەیلەقی یەکی ئێستا.

ز-دروست کردنی زیاتر لە(**1000**) هەزار خانووی دیکە لەئەمبەرو ئەوبەری ڕێگای کەرکوك- دوبز لەلایەن ڕژێمەوە بۆ کرێکارانی کۆمپانیای دەرکردنی گۆگرد, کارمەندانی پاڵاوگەی نەوت کەهەموویان عەرەب بوون. ئەم ماڵانە پیان دەوترا ماڵەکانی کاری هەرەوەزی (دور العمل الشعبي).

ح-دروست کردنی نزیکەی (**500**) پێنج سەد خانووی تر لەگەڕەکی ئەفسەران (حي الضباط) کەدەکەوێتە بەرامبەر سەربازگەی کەرکوكو فرۆکەخانەی سەربازی. ئەم خانوانە بەدرێژایی سەربازگەکە تادەگاتە هێڵی ئاسنیو وێستگەی شەمەنەفەری کەرکوك. هەندێك لەو خانوانە بۆ گەورە ئەفسەران دروست کراوە لەبەرامبەر دەروازەی (باب النظام)ی فرۆکەخانەی سەربازیو دەروازەی (باب النظام)ی فیرقەی دوو.

ط-دروست کردنی چەندین گەڕەك لەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان سەربازگەی کەرکوكو وێستگەی شەمەنەفەر تاکو گەڕەکی (تسن)و ڕێگەی

**كەركوك- حەويجە- تكريت پاشانيش ڕێگای كەركوك- بەغداو ئێزگەی تەلەفيزيۆنو تاوەكو ڕووباری خاسە, بەم شێوەی لای خوارەوە:**

**1-دروست كردنی زياتر لە(800) هەشت سەد خانوو لەگەڕەكێك بەناوی گەڕەكی بەعس (البعث).**

**2-دروست كردنی سەدان خانوو لەنێوان ڕێگای كەركوك- تكريتو ئێزگەی تەلەفيزيۆنی كەركوك بەناوی گەڕەكی (الواسطي).**

**3-دروست كردنی نزيكەی (450) چوار سەدو پەنجا خانوو لەگەڕەكی (السكك).**

**4-دروست كردنی زياتر لە(100) سەد خانوو لەهەمان شوێن بەناوی (الاشتراكية).**

**5-دروست كردنی سەدان خانوو لەدەستی چەپی ڕێگای گشتی نێوان كەركوك- بەغدا هەتا ڕووباری خاسە بەناوی گەڕەكی (غرناطە).**

**6-دروست كردنی نزيكەی (1000) هەزار خانوو لەلايەكی تری خاسە بەرامبەر بارەگای ئێزگەی تەلەفيزيۆنی كەركوك لەباشووری شار لەسەر ڕێگای گشتی كەركوك- لەيلان بەناوی گەڕەكی (الحجاج).**

**7-دروست كردنی سەدان خانوی تر لەنێوان قەسابخانەی كەركوكو گەڕەكی (الحجاج) بەناوی (حي عروبە).**

**8-دروست كردنی سەدان يەكەی جێنيشين لەباشوری گەڕەكی (قتيبة) بۆ ئەو پۆليسانە كەهێنرابوون بۆ كەركوك, بەناوی گەڕەكی (الشرطة).**

**9-دابەش كردنی هەزاران پارچە زەوی لەلايەن ڕژێمەوە بۆ فەيسەی يەكەمی ئەو عەرەبانەی كەدەست پێشخەريان كرد بۆ نيشتەجێ كردنيان لەو ناوچەيەی كەدەكەوێتە ئەولای خاڵی پشكنينی ڕێگای كەركوك-لەيلان, هەر**



**خێزانێك بڕی (19) نۆزدە هەزار دیناری[1] پێدرا بۆ مەبەستی دروست كردنی.**

**ئەمەو لەفەيسی دووەمدا بەهەزاران پارچە زەوی تر دابەش كرا بەدرێژايی (18)كم لەبەرامبەر ڕێگای كەركوك- لەيلان بەڵكو زياتريش تادەگاتە خودی ناحيەی لەيلان.**

**10-دروست كردنی (400) شوقەی جێنيشين لەنێوان گەڕەكی (مصلی)و قەسابخانەی كۆندا, هەر خێزانێكی عەرەبی بڕی (10) هەزار دیناری وەردەگرت بەمەرجێ ناسنامەی خۆی بگوێزايەوە بۆ تۆماری (سجلات)ی ناسنامەی كەركوك.**

**11-ڕژێم (200) دوو سەد پارچە زەوی تری دابەش كرد لەگەڕەكی ئيمام قاسم بەسەر كۆمەڵێ عەرەبدا هەريەكی بڕی (10) دە هەزار دیناری پێدرا وەكو بەخشيش, جگە لەقەرزی بانكی عەقاری لەپێناوی دروست كردنی ئەو پارچە زەوييانە.**

**12-دروست كردنی زياتر لە(200) دوو سەد خانووی تر لەهەمان شوێن بەناوی گەڕەكی (الوحدة). نزيكەی (150) خانوی ديكە دروست كرا بەناوی (الحرية), زياتر لە(220) دوو سەدو بيست خانووی تر لەنێوان گەڕەكی (الحرية)و گەڕەكی شۆڕيجەی كوردان بەناوی (الدار الامن)[2].**

**لەكاتی ڕاپەڕينەكەی بەهاری ساڵی (1991)دا, پێش ئازادكردنی شاری كەركوك لە(20)ی ئادارادا, (علي حسن المجيد) يەكەم ئامۆزای سەدامو وەزيری بەرگری عيراق, سەرپەرشتی گرتنی (30) سی هەزار كوردی كرد**

[1] ئەوكات يەك دیناری عيراقی سێ دۆلاری ئەمريكی دەكرد.

[2] بۆ زياتر ڕوونكردنەوە. بڕوانە چيا. ئەمنی ئيستراتيجی عيراقو سياسەتی بەعسی‌يەكان سێ كوچكەی تەرحيلو تەعريبو تەبعيس (بەزمانی كوردی), لەبڵاوكراوەكانی بەشی ڕاگەياندنی يەكێتی نيشتمانی كوردستان, 1987 ل 253- 256.

که لەنێویاندا چەندین سەربازی کورد بەمۆڵەت گەڕابوونەوە بۆ شارەکە, هەموویان رەوانەی بەندینخانەکانی تکریتو موسڵ کران.

زۆربەیان لەتونیاو لەبرسا مردن. ئەوانەش کەمانەوە تاماوەیەك پاشان ئازادکران. لەسەرەتای مانگی ئاداری (1991)دا (علي حسن المجيد) خودی خۆی سەرپەرشتی رووخاندنی نزیکەی سەد (100) خانوی هاوولاتیانی کوردو تورکمانی کرد لەگەڕەکی (الماس) نزیك گەڕەکی گاورباخی.

بەهەزاران خێزانی کورد رێگەیان لێ گیرا لەگەڕانەوە بۆ کەرکوك پاش ئەوەی بەناچاریو لەترسی بۆردومانکردنی ئاسمانیو لێدانی بەتۆپو موشەك لەلایەن یەکەکانی گاردی کۆماریو هێزی تایبەتەوە کەشارەکەیان لەدەستی پێشمەرگە سەندەوە, پاش جەنگی کەنداو. ئەو رێککەوتننامەیەی لەنێوان سەرانی کوردو رژێمی عیراقیدا لەئایاری (1991)دا ئیمزا کرا بەرِوونی باس لەگەڕانەوەی ئەوانە دەکات کەبەزۆر لەسەرماڵو جێگای خۆیان دەرکراون بۆ شوێنی رەسمی خۆیان بەهۆی بارودۆخی ناوبراوەوە. بەڵام رژێم هیچ رێزێکی لەم رێککەوتننامەیە نەگرت. زۆربەیان رێگەیان پێ نەدرا بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵی خۆیان لەکەرکوك. دەست بەسەر ماڵو سامانو ئیشوکارەکانیانیش داگیرا. هەرچی ماڵو سامانو دوکانی بازرگانی هەیە لەشاری کەرکوكو شارە کوردییەکانی تر لەلایەن گاردەکانی کۆماریو هێزی تایبەتیو عەرەبە نیشتەجێ کراوەکانەوە لەپاش گەڕانەوەیان بۆ شاری کەرکوك لەنیسانی (1991)دا تالان کرا. لەمانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا, (علي حسن المجيد) خودی خۆی سەرپەرشتی رووخاندنی ژمارەیەکی تر لەگەڕەکی شۆڕیجەی کوردان کرد. هەتاوەکو ئێستاش رژێم بەردەوامە لەراگواستنەوەو دەرکردنی کوردو تورکمان لەشاری کەرکوك. رژێم هاوولاتیانی کوردی خستوەتە نێوان دووڕییانەوە یان بەرەو باشور, لەم



حاڵەتەدا ئەتوانن هەموو ماڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن, یان بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان, لەم حاڵەتەیاندا دەست بەسەر هەموو موڵكو ماڵەکانیاندا دەگیرێت, ئەم سیاسەتە تائەمڕۆش بەردەوامە. رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لەبەریتانیا, کۆمەڵەی کەرکوك بۆ توێژینەوەو دیراسەکردن (لە لەندەن). رێکخراوو پارتە سیاسیە کوردییەکانی تر, چەندین سەرنجو تێبینیان داوە بەسکرتێری گشتی (UN)و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشو چەندین گروپی تر دەربارەی ئەم کێشەیە بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم سەرنجو تێبینیانە لەپاشکۆی ئەم توێژینەوەیەدا بەرچاو ئەکەون.

لەکۆتایی ساڵی (1996)دا پارێزگاری کەرکوك (علي حسن المجيد) جەختی کردە سەر هەموو ئەو کوردو تورکمانەکانی کەرکوك کەناوی خۆیان بەعەرەب تۆماربکەن. ناوبراو سەرکەوتوو نەبوو لەم کارەداو گواسترایەوە بۆ باشوری عیراق. پێش سەرژمێری ساڵی 1997, دەزگاکانی ئەمنی رژێم شێوازێکی تایبەتییان گرتە بەر بەناوی "گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی" بۆ هەموو نەتەوە غەیرە عەرەبییەکان لەگەڵ تەمێ کردنیان کەخۆیان بەعەرەب تۆماربکەن, بڵێن کەپێشتر بەهەڵە خۆیان بەکورد تۆمار کردووە. ئەمانیش سەرکەوتوو نەبوون لەم کارەداو دوورخرانەوە لەناوچەکە. لیژنەی لێبوردنی دەولی لەتشرینی دووەمی ساڵی (1999)دا لەڕاپۆرتێك دا باس لەبڕیارێك دەکات کە لەلایەن نووسینگەی سەرۆکایەتی عیراقەوە بڵاوبوەتەوە کەفەرمانی راگواستنەوەی (1468) خێزانی داوە لەماوەی نێوان (15)ی نیسان تا(15)ی حوزەیرانی ساڵی 1998. بۆ زیاتر روونکردنەوەی پرۆسەکەو جێبەجێ کردنی لەلایەن هێزەکانی ئەمنەوە دەڵێ:

1-پێویستە هەر خێزانێکی کوردی کەدەردەکرێت بەرەو باکور ئەندامێك لەخێزانەکەی دەستگیر بکرێت.

2-دەست بەسەراگرتنی موڵکی دەرکراو.

3-دەست بەسەراگرتنی کۆبوونی خۆراك.

4-دەست بەسەراگرتنی ناسنامەی ئەندامێتی لەدەزگاکانی حکومەت.

5-وێنەیەکی ئەم بڕیارە بۆ: بەرپرسی ئەمنی هەر قەزایەك" نووسینگەی حزبی بەعس لەهەر قەزایەك" بەرپرسی هەر گوندێك.

راپۆرتەکە درێژەی پێ دەداو دەڵێ: "موڵکە بەجێ ماوەکانیان لەکەرکوك و خانەقین لەلایەن دەسەڵاتەوە دەدرێ بەو عەرەبانەی کەپشتیوانی حکومەت دەکەن و لەشوێنەکانی تری عیراقەوە هێنراون".

بەم شێوەیەی کەباسمان کرد, بەهەزاران عەرەب لەشوێنەکانی تری عیراقەوە دەهێنێ و لەپارێزگای کەرکوك نیشتەجێیان دەکات.

لەراپۆرتێکی (US state Department) کە لەئەیلولی ساڵی (1999)دا بڵاوی کردووەتەوە دەڵێ: لەباکوری عیراقدا رژێم بەردەوامە لەهەڵمەتی بەزۆر راگواستنی خێزانی کوردو تورکمان بۆ پارێزگاکانی باشوری عیراق. لەئەنجامی ئەم راگواستنە زۆرەملێیە نزیکەی (900.000) هەزار هاووڵاتی لەسەرتاسەری ناوخۆی عیراقدا دەربەدەر بوونە. هەروەها دام و دەزگا ناوخۆیی‌یەکانی عیراق لەباشور فەرمانی گرتنی دەرکرد بۆ هەر کارمەندێك یاخود هەر هاووڵاتی‌یەك کە خۆراك و پەنایەك بۆ حەوانەوە پێشکەش بکات بەو کوردانەی کەتازە گەیشتوونەتە جێ.

زۆربەی ئەم خەڵکانە دوای سەرژمێری ساڵی 1997 دەرکران کاتێ کەرژێم فەرمانی پێ دان کەخۆیان بەعەرەب تۆماربکەن ئەوانیش رازی نەبوون و رەتیان کردەوە.

ئێستا بەدەیان هەزار خێزانی کوردی کەرکوك لەخێوەتگاو ئۆردەگاکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا, لەبارودۆخێکی زۆر خراپدا ژیان بەسەر ئەبەن, کەزۆریان لێ مردووە بەتایبەتی لەنێو منداڵان و بەساڵاچوانە. ژیانیان پەیوەستە بەو یارمەتییانەی کەرێکخراوە فریاگوزاری‌یەکان و یارمەتی‌یە



نێودەوڵەتی‌یەکان پێشکەشی دەکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش داوای, لەرێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان کە لەکوردستاندا کاردەکەن, کردووە, کەبێتە ناو کێشەکەوە لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا تاکو رێگە بدا بەهاووڵاتیانی کەرکوك بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لەژێر سەرپەرشتی و چاودێرانی نێودەوڵەتی بەپێی بڕیاری (688)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ساڵی (1991), بەڵام رژێم ئەم بڕیارەی بەتەواوی رەتکردەوە. هەتاوەکو ئێستا رژێم نەك هەر رەتی کردووەتەوە ئەم کارە ئەنجامیدا بەڵکو سوورە لەسەر دەرکردنی هەزاران خێزانی کورد لەکەرکوك و شارەکانی تر کەهەتا ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە.

بەپێی راپۆرتێك کە لە(طريق الشعب)[1]ی ئۆرگانی حزبی شیوعی عیراق دا بڵاوبووەتەوە, لەپێك دادانەکانی راپەڕینەکەی بەهاری ساڵی (1991)وە تاتشرینی یەکەمی هەمان ساڵ, (15615) خێزانی کورد کەدەکاتە (92712) کەس لەپارێزگای کەرکوك دەرکراوە بۆ پارێزگای سلێمانی. (913) خێزانی کورد کەدەکاتە (5811) کەس بۆ پارێزگای هەولێر. کۆی گشتی ئەمانە دەکاتە (108327) کەس. لەماوەی پێنج حەفتەی یەکەمی ساڵی (2000)دا, (28) خێزانی تری کورد (161 کەس)ی دەرکرد بۆ پارێزگای سلێمانی[2]. لەگەڕەکە کوردی‌یەکانی ئازادی و ئیسکان و ئیمام قاسم, دەزگاکانی ئەمن و رێکخراوەکانی حزبی بەعس دەستیان کردووە بەکۆکردنەوەی تاپۆی خانووی دانیشتوانەکانی[3] ئەمە کورتەی ئەو کارە بێ سەروبەرانەیە کەحکومەتی عیراقی پێ هەستاوە بۆ بەعەرەب کردنی شاری کەرکوك. ئەمەی لای خوارەوە چاوپێکشانێکە بەو

[1] **طريق الشعب**, ژمارە پێنجی کانونی دووەمی ساڵی (2000).

[2] گۆڤاری فایلی عیراق, ژمارە (99)ی ئاداری ساڵی (2000). ل 39.

[3] گۆڤاری "رۆژنامەنووس", کەدوو هەفتە جارێك بەزمانی کوردی دەردەچێ, ژمارە (21)ی (15)ی شوباتی (2000).

**کارانەی کەرژێمی بەعس پێ هەستاوە بۆ بەعەرەب کردنی تەواوی پارێزگای کەرکوک.**

**ب-کارەکانی رژێم بۆ بەعەرەب کردنی تەواوی پارێزگای کەرکوک:-**

**ئەو کارە سەرەکییانەی کەرژێم ئەنجامیداوە بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی لەتەواوی پارێزگای کەرکوک دا ئەمانەن:-**

**1-گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکوک بۆ (التأميم) بەبۆنەی خۆماڵی کردنی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت کە لەعیراقدا کاریان دەکرد لەیەکی حوزەیرانی (1972)دا. مەبەستی سەرەکی لەگۆڕینی ناوەکە تەعریب کردنی ناوی پارێزگاکەیە, چونکە پرۆسەی خۆماڵی کردنەکە هەموو کۆمپانیاکانی نەوتی دەگرتەوە کە لەعیراقدا کاریان دەکرد نەك هەر تەنها کەرکوك[*].**

**2-بەردەوامی رژێم لەهێنانی هەزاران خێزانی عەرەبو نیشتەجێکردنیان لەکەرکوكو دەوروبەری. سەرەڕای ئەم راستیانەش لەسەرژمێری ساڵی (1957)دا چەندین شێوەی تەزویرکردن روویدا لەهەندێ لەگەڕەکە کوردییەکانی کەرکوك کە لەلایەن هەندێ کارمەندەوە کەوەك**

[*] کێڵگەی نەوتی کەرکوك بەدەوڵەمەنترین کێڵگە دادەنرێ لەجیهاندا, کەرێژەی بەرهەمی رۆژانەی دەگاتە زیاتر لەسەد هەزار بەرمیل. کێڵگەی نەوتی کەرکوك بەپێنجەم کێڵگە دادەنرێ لەجیهاندا بەپێی ئەو رێژە نەوتەی کەلێیەتی. تەنانەت لەهەندێ لەچینەکانیدا (15) هەزار ملیۆن بەرمیل نەوتی تێدایە. ئەم کێڵگەیە بەردەوامە لەبەرهەم هێنان لەساڵی (1927)وە هەتاوەکو ئێستا. بەبێ ئەوەی هیچ هێمایەکی کەم بوونەوە یاخود وەستانی هەبێت. بڕوانە دکتۆر (محمد ازهر سعد), جوگرافیای ئابووری نەوتی عیراقی, نامەی دکتۆراکەی لەبەشی جوگرافیا لەکۆلیژی ئەدەبیات لەزانکۆی قاهرە, 1975, ل 394و 397, کە لەدکتۆر محمد هەمەوەندییەوە وەریگرتووە, سەرچاوەی پێشوو.



**سەرژمێرکارێك کاریان دەکرد لەو پرۆسەیەدا ئێمەش ئەو سەرژمێرە بە بنچینەیەك دائەنێین بۆ باری نەتەوەیی لەپارێزگای کەرکوك دا[*].**

**ئەم خشتەیەی لای خوارەوە زیاتر مەسەلەکە روون دەکاتەوە:-**

**خشتەی ژمارە (6) تایبەتە بەدانیشتوانی کەرکوك بەپێی زمانی دایكو بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957).**

| زمانی دایك | شاری کەرکوك | پارێزگای کەرکوك | کۆی گشتی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| **عەرەب** | 27.127 | 82.493 | 109.620 |
| **کورد** | 40.047 | 147.540 | 187.593 |
| **تورکی/ یان تورکمان** | 45.307 | 38.065 | 83.371 |
| **کلدانیو سریانی** | 1.509 | 96 | 1.605 |

**بەراودێکی خێرا لەنێوان خشتەی لای سەرەوەو لەگەڵ سەرژمێرەکانی تر کە لەعیراقدا ئەنجامدراوە پاش دەست پێکردنی پرۆسەی تەعریب لەناوچە کوردییەکاندا بەتایبەتی کەرکوك, هەوڵەکانی رژێم ئاشکرا دەکات لەپرۆسەی تەعریب کردنیدا. رێژەی عەرەب لە(28.2٪) لەسەرکۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بەپێی سەرژمێری (1957) زیادیکرد بۆ (44.41٪) بەپێی سەرژمێری (1977), لەهەمان کاتدا رێژەی تورکمان کەم دەبێتەوە لە(21.4٪)**

[*] لەدوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی سەرژمێری ساڵی 1957 ئەم شتە بەجوانی روون بووەوە. کاتێ ژمارەیەك لەهاووڵاتیانی کورد سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی کەرکوکیان کرد, کە بەتورکمان تۆمارکرابوون لەلایەن هەندێ لەسەرژمێرکارانەوە لەخانەی تایبەت بە(زمانی دایك), بەتایبەتی لەگەڕەکە میللییە کوردییەکان کەزۆربەی خەڵکەکەی زمانی عەرەبییان نەدەزانی, بۆیە سەرژمێرکاران لەجیاتی ئەوان فۆرمەکانیان پڕکربووەوە. کەهەندێکیان پاشان سکاڵایان بەرزکردەوە بۆ لایەنی پەیوەندی دار, هەندێکیشان سکاڵای قەزائیان بەرزکردەوە بۆ گۆڕینی ئەو مەبەستە بەبڕیارێکی قەزائی.

بەپێی سەرژمێری (1957) بۆ (16.31٪) بەپێی سەرژمێری (1977).

هەر لەهەمان کاتدا رێژەی کورد لە(48.3٪) کەمی کرد بۆ (37.53٪) ئەم خشتەیەی لای خوارەوە ئەم مەبەستە زیاتر روون دەکاتەوە:-

**خشتەی ژمارە (7) تایبەتە بەباری نەتەوەیی لەپارێزگای کەرکوك: بەراوردێك لەنێوان سەرژمێری ساڵی (1957)و ساڵی (1977)دا.**

| نەتەوە | سەرژمێری ساڵی (1957) | سەرژمێری ساڵی (1977) |
|---|---|---|
| کورد | ٪48.3 | ٪37.53 |
| عەرەب | ٪28.2 | ٪44.41 |
| تورکمان | ٪21.4 | ٪16.31 |

لەدوای سەرژمێری ساڵی (1977)وە هیچ ئامارێکی رەسمی شاری کەرکوك یاخود پارێزگای کەرکوکمان لەبەردەستتتدا نیە, هەر چەندە رژێم بەردەوامە لەنیشتەجێ کردنی عەرەب لەشارەکەو دەوروبەریداو دەرکردنی کوردو تورکمان بەکۆمەڵ.

رژێم پەنای بردە تەماح خستنەبەرو ترساندنی جووتیارانی کورد, کەخاوەن زەوی کشتوکاڵین, لەپێناو کڕینی زەوی‌و زارەکانیان. بۆ نمونە لەناحیەی

لەبەشی دووەمی نامیلکەی نهێنی کەسەنتەری سەرژمێرو پێشکەوتنی ئیداری لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (**الامن العامة**) دەری کردووە, سەرچاوەی پێشوو, هاتووە کەعەرەب رێژەی (44.41٪) لەکۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگا پێك دەهێنن. کورد بەرێژەی (37.53٪) کوردی فەیلی بەرێژەی (0.08٪) تورکمان (16.31٪) ئەرمەنی (0.11٪) سریانی (3.82٪) نادیارەکانیش (0.73٪) بڕوانە ل (60)ی نامیلکەکە.



داقوق رژێم ویستی زەوی‌یەکانیان لەرێگەی دام‌و دەزگاکانی‌یەوە، لەجوتیارانی ناوچەکە بەنرخێکی خەیاڵی بکڕێ. هەڕەشەی لەوانی تر کرد بەڕووخاندنی گوندەکانیان لەکاتێکدا ئەگەر رازی نەبوون بەفرۆشتنی. پاشان رژێم خۆی سەرپەرشتی دابەشکردنی ئەو زەوییانەو زەوی‌یە حکومی‌یەکانی تری کرد بەسەر عەشیرەتە عەرەبەکاندا بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی (قانون الاصلاح الزراعي) لەگەڵ دروستکردنی چەند گوندێکی تازە بۆ ئەو عەشیرەتە عەرەبانە جگە لەدروستکردنی بنکەی پۆلیس‌و بنکەی سەربازی لەپێناوی پاراستنیان لەهێرشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. هەروەها رژێم ویستی ئەو عەرەبانە چەکدار بکات لەکاتێکدا کەچەکی لەجوتیارانی دێیەکانی دەوروبەر بەهەموو شێوەیەك قەدەغەکردبوو.

رژێم هەرچی دەوروبەری کەرکوك‌و دەوروبەری بیرە نەوتەکان‌و کێڵگە نەوتی‌یەکانی پارێزگا هەیە کردوویەتی بەهێڵی سەربازی‌و ئەمنی پاشانیش مین رێژکردنی تاکو کەس نەتوانێ نزیکی کەوێ، پێش ئەم کارانەش رژێم هەموو گوندنشینەکانی نزیك بەم شوێنانەی راگواستەوەو سەدان رەبیەو مۆڵگەی سەربازی لەدەوروبەری کەرکوك‌و دەوروبەری ئەو رێگایانەی کە بەرەو کەرکوك دەچێت تەنانەت ئەو رێگایانەی کە کەرکوك دەبەستێت بەشارەکانی ترەوە دروستکرد.

هەروەها رژێم چوار قەزای لەکۆی حەوت قەزای شاری کەرکوك دابڕی‌و بەستی‌یەوەی بەپارێزگاکانی دەوروبەری تاوەکو رێژەی کورد کەم بکاتەوە لەشارەکەدا (نەخشەی ئیداری عیراق پێش ئەوەی بگۆڕدرێ لەلایەن رژێمەوە لەساڵی 1976" بڕوانە پاشکۆی ژمارە چوار-ا) بەم شێوەیە رژێم هەردوو قەزای چەمچەماڵ‌و کەلاری بەتەواوی بەستەوە بەپارێزگای سلێمانی‌یەوە کەنزیکن لێوەی. بەڵام قەزای کفری کە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن بەسترا بەپارێزگای سەلاحەدینەوە/ تکریت. (دەربارەی سنووری ئیداری

پارێزگای کەرکوك دوای ئەوەی ڕژێمی عێراق چوار قەزاکەی لێ دابڕی لەساڵی **1976**، بڕوانە پاشکۆی ژمارە چوار-ب) ئامانجی ڕژێم چاکسازی ئیداری یاخود بەستنەوەی شوێنە دوورەکانی پارێزگای کەرکوك بەو پارێزگایانەی کە لێوەی نزیك بووە. بۆ نمونە قەزای حەویجە نزیکە لەپارێزگای (صلاح الدین) و زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی عەرەبە، نەخراوەتە سەر ئەو پارێزگایە بەڵام قەزای دووز خورماتوو کە زۆر دوورە لەم پارێزگایەوە خراوەتە سەری ئەویش لەبەربوونی نەوت لەهەندێ شوێنی ئەم قەزایە. هەرچەندە قەزای چەمچەماڵ و دووز خورماتوو (کە بەگل بەناوبانگە) و کفری لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەپارێزگای کەرکوك بوو هەر لەکاتی عوسمانییەکانەوە تا ساڵی **1976**.

ئامانجی سەرەکی ڕژێم بەئاشکرا بۆ دابڕینی ئەو قەزا کوردییانەبوو لەپارێزگای کەرکوك تاکو بیسەلمێنێ کە کورد کەمایەتییە لەم شارە. هەروەها ڕژێم زۆربەی زۆری ئەو گوندە کوردنشینانەی کە سەر بەناوەندی قەزای کەرکوك بوو وێرانی کردیاخود عەرەبی لێ نیشتەجێکرد کە خەڵکەکەی لەلایەن ڕژێمەوە دەرکرابون. بەهەمان شێوە گوندەکانی سەر بەقەزای دووبزیش لەساڵی (**1963**)وە تەعریب کران. بەڵام قەزای حەویجە هەر لەناوەڕاستی چلەکانەوە عەرەبی لێ نیشتەجێکرا. بەم شێوەیە ئەوسێ قەزایەی کە ئێستا سەر بەپارێزگای کەرکوکە بەشێوەیەکی بەرفراوان تەعریب کراوە بەڵام ئەو چوار قەزایەی تر لەسەر پارێزگا لابرا.

ڕژێم بۆ هەمان مەبەست چەند گوندێکی سەر بەناحیەی ئاڵتون کۆپری (پردێ) کەنزیکە لەپارێزگای هەولێرەوە، دابڕی و خستیە سەرناحیەی قوشتەپە کەسەربەناوەندی قەزای هەولێرە. لەهەمان کاتدا چەند گوندێکی سەر بەناحیەی کەندیناوەی هەولێر پاش ئەوەی نەوتی لێ دۆزرایەوە کوردەکانی تێدا ڕاگواستەوەو خستییە سەر قەزای دوبز. هەروەها ڕژێم



هەولێدا کە ناحیەی تەقتەق کەسەر بەقەزای کۆیسنجاقە بخاتە سەر ناوەندی قەزای کەرکوك ئەویش پاش ئەوەی کەنەوتی لێ دۆزرایەوە ئەمەش ڕێگە خۆشکەرێك بوو بۆ وێرانکردنی هەموو گوندەکانی سەر بەم ناحیەیەو تەقتەقی کرد بەشارۆچکەیەکی بچووك بەبێ گوند. هەروەها ڕژێم نۆ دێی دیکەی لەناوچەی پاڵانی سەر بەناحیەی قەرەتەپە لەقەزای کفری بەستەوە بەناحیەی جەلەولای سەر بەپارێزگای دیالە، پاشان دانیشتوانە کوردەکەی گواستەوە بۆ پارێزگای (الانبار) و عەشیرەتی عەرەبی (الکروي) هێناو نیشتەجێی کردن لەو گوندانە. ڕژێم هەربەوەندەش نەوەستا کە عەشیرەتە عەرەبییەکان لەناوەڕاستو باشورەوە بهێنێو نیشتەجێیان بکات لەکەرکوكو زەوی کشتوکاڵیان بەسەردا دابەش بکاتو پلەو پایەی جۆراوجۆریان بداتێو چەکداریان بکات، بەڵکو سەدان گوندی وێرانکردو چەندین ناحییە کە نەیدەتوانی عەرەبی لێ نیشتەجێبکات لەبەر باری ئەمنی ڕایانی گواستەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان لەقەزاو ناحیەو پارێزگاکانی تر، کە دروستی کردبوو بۆ ئەم خەڵکانەو بەزۆر نیشتەجێیانیکرد لەوێدا، بەبێ ئەوەی کەمترین پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکات. ڕژێم ئەم خەڵکەی لەو ئۆردوگایانەدا نیشتەجێکرد کە زۆربەیان ناوی عەرەبیان لێ نراوە وەك ئۆردوگای (صمود و القدس و القادسیەو...هتد). هەموویانی خستبووە ژێر چاودێری دامو دەزگاکانی ئەمنەوە کە کەس نەیدەتوانی بەبێ پرسی ئەوان هاتووچۆ بکات. ئەم ئۆردوگا زۆرەملێیانە لەشێوەی ئەو ئۆردوگایانەدایە کە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا نازیو فاشیستەکان دروستیان کردبوو.

ئەمانەی لای خوارەوە سەرژمێرێکی ئەو گوندو ناحییانەیە کەڕژێم لەماوەی ساڵی (**1963**)وە تا ساڵی (**1989**) وێرانی کردووە:-

**أ-ناوەندی قەزای کەرکوك:-**

ئەم ناحییانەی لای خوارەوە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەناوەندی قەزای کەرکوکە: ناحیەی ئاڵتون کۆپری (پردێ) و ناحیەی شوان (ڕێدار) و قەرەهەنجیرو لەیلان (قەرەحەسەن) و تازەخورماتووو یایچی.

## 1-ناحیەی ئاڵتون کۆپری (پردێ):

شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری، کە دەکەوێتە سەر رووباری زێی بچووك لەناوەڕاستی ڕێگای گشتی کەرکوك- هەولێر، ناوەندی ئەم ناحییە پێك دێنێ. ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957)، کە تاکە سەرژمێریکی رەسمییە ئێمە پشتی پێ دەبەستین، گەیشتە (3855) کەس کە زۆربەیان کوردبوونو ئەودوای تورکمان. ژمارەی گوندنشینەکانی ئەم ناحییە بەپێی سەرژمێری (1957) گەیشتە نزیکەی (148639) کەس کەهەموویان کوردبوون. رژێم لەساڵانی 1969و 1986و 1988دا هەموو گوندەکانی سەر بەم ناحییەی وێرانکرد کەهەمووی کوردبوون تەنانەت ئەو گوندانەی کە لەمبەرو ئەوبەری ڕێگای گشتی کەرکوك- هەولێریش بوو خەڵکەکەی گواستەوە بۆ چەند سەربازگەیەکی گەورە لەنێوان کەرکوك- ئاڵتون کۆپریدا، بەسەدان خانووی لەنێویدا دروستکرد بۆ پیاوانی خۆی. لەو سەربازگانەش کە لەوێدا دروستکرا سەربازگەی دارەمان نزیك گوندی دارەمانی گەورە کە لەساڵی 1987دا رووخێنرا. سەربازگەی سەقزلیو سەربازگەی ئاڵتون کۆپری. رژێم لەساڵی (1974)دا، ئۆردوگایەکی بەکاری هەرەوەزی (العمل الشعبي) دروستکرد کە نزیکەی هەزار یەکەی جێ نشین بوو لەنزیك دارەمان بۆ نیشتەجێکردنی هێزی پۆلیس، بەڵام ئێستا چۆڵەو کەسی تێدانیە.

سەربازگەیەكو قەڵایەکی هەڵچنراو (100)سەد خانووی مۆدێرن بۆ کارمەندانی هێزی ئاسمانی لەنزیك ئەم قەڵایە دروستکرد. سەربازگەیەكو



قەڵایەکی هەڵچنراوی تر لەنزیك گوندی گەڵۆزی وێران کراو دروستکرد. دوو ئۆردوگای تر کە لە(100) سەد خانوو پێك هاتبوو بۆ جێگری ئەفسەرانو (50) پەنجا خانووی تر بۆ ئەفسەران هەرلەوێدا دروست کرا.

لەساڵی (1976)دا بەتەنها، هەردوو سەربازگەی کتکەو گورزەیی دروستکران، کە هەریەك لە(40) چل خانوو پێك هاتبوو بۆ ستافەکەی خۆی. ئەوەی جێگای سەرنجە کەرژێم ئەم سەربازگە گەورانەی لەسەر زەوی کشتوکاڵی کوردەکان دروستکردووە کە ئەمەش بووە مایەی رووخاندنی (31)سیو یەك گوندی کوردی کە (2092) دوو هەزارو نەوەتو دوو خێزانی جووتیاری لێ دەژیا. کە هەندێکیان کوژران لەپرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا.[1][2] . هەرلەوکاتەوە گەورەپیاوانی رژێم لەئەفسەرو بەرپرسانیئەم

---

[1] Shorish M. Rasool "Destruction of a nation, statistics of Atrocities in Iraqi:- kurdistan", July, 1990, pp.34& 36. Published by H. Zahawi and L. Rashid, USA.

[2] شاڵاوی بەدناوی ئەنفال ڕێگە چارەی رژێمی عیراق بوو بۆ کێشەی کورد لەعیراقدا. لەشوباتی ساڵی (1988)وە دەستی پێکردو ئامانجی رژێم لەم شاڵاوەدا لەناوبردنی گەلی کوردبوو لەلادێیەکانی کوردستاندا، بەتایبەتی ناوچەی کەرکوك.

ووشەی (أنفال) سورەتی هەشتی قورئانی پیرۆزە، بەمانای (دەسکەوت) دێت. لەئاداری ساڵی 1987دا سەدام حوسێن دەسەڵاتی تەواوی کۆنترۆڵ کردنی باکووری عیراقی (کوردستان) دابەدەست (علی حسن مجید)ەوە. ئەویش زۆر بەخێرایی، ئەو دەسەڵاتەی کە پێی درابوو قۆستییەوەو لەماوەی ساڵێکدا دەیان هەزار خەڵکی بێ تاوانی لەکوشتنی بەکۆمەڵدا لەناوبرد. لەو هێرشانەی کە دەکرانە سەر گوندەکانو خێزانەکانیان دەگرتو رەوانەی سەربازگەکان دەکرانو لەوێش جیادەکرانەوە، پیاوو منداڵی سەروی دوازدە ساڵە بەجیا، کە ئەشکەنجە دەدران پێش ئەوەی بێ سەروشوێن کرێنو جارێکی تر نەبینرێنەوە.

ژنو منداڵیش لەو ساتەدا جیاکرانەوەو رەوانەی بیابانەکانی سنووری عیراق- سعودیە کرانو هەر لەوێدا هەموویانیان خستە نێو چاڵی گەورەی ئامادە کراوەوەو گوللەباران کرانو خۆڵ کرا بەسەریاندا.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کنعان مكیە "توندوتیژو بێ دەنگی"، لەندەن، 1993 هەروەها: Jonathan C. Randal "After such knowalage, what Forgiveness", USA, 1999.

**پارێزگایە ئەو زەوی‌یە کشتوکاڵییانە کەدەکەونە دەرەوەی ئەو سەربازگانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن.**

**2-ناحیەی شوان (ڕێدار):-**

**ئەم ناحییە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی نێوان کەرکوك- کۆیسنجاق. ڕژێم، لەساڵی (1963)دا، دەستی کرد بەڕوخاندنی هەندێ لەگوندەکانی ئەم ناحییە لەوانە گوندی قزلقایەو وەلی‌پاشاو هەندێ گوندی تر.**

**پاشان ڕژێم هەموو گوندەکانی تری ڕووخاند بەناوەندی ناحییەی ڕێداریشەوە (شوان). ژمارەی ئەو گوندە ڕووخاوانەی سەربەم ناحییە گەیشتە (70) حەفتا دێ کە (2650) دوو هەزارو شەش سەدو پەنجا خێزانی جووتیاری لێ دەژیا، هەموویان لەساڵانی (1987و 1988)دا گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان لەپارێزگای هەولێر.[*] هەروەها ڕژێم ناوەندو دەوروبەری ئەم ناحییەی کرد بەسەربازگە بۆ سوپا، بەم شێوەیە تەواوی ناوچەکە بووە ناوچەیەکی سەربازی کەچوونە ژوورەوە یاخود بەمەبەستی کشتوکاڵی‌کردنی لێ قەدەغەکرا تەنها بۆ ئەندامانی سوپا یاخود بەرپرسانی پارێزگا نەبێ.**

**3-ناحیەی قەرەهەنجیر (کە تەعریب کراوە بۆ الربیع):-**

---

کاتێکیش لەئایاری (1991)دا کە نوێنەری کورد لەبەغدا بوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی کوردو دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ عیراقدا. پرسیاری دیاری‌کردنی چارەنووسی (182) هەزار قوربانی ئەو شاڵاوە بەدناوەیان کرد. (علی حسن مجید) بەتوڕەیی‌یەوە وەڵامی دایەوەو ووتی: " ئەم ژمارە خەیاڵی‌یە چی‌یە باسی دەکەن (182000)، لەسەد هەزار زیاتر نەدەبوو. هەتاوەکو ئێستا پاشماوەی ئەنفالەکان لەخزم‌و کەسانیان هیچ زانیاری‌یەکیان نیە دەربارەی چارەنووسی خێزانەکانیان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیان قبوڵ کردووە کەهەموو کوژراون‌و نەماون.

[*] سەرچاوەی پێشوو، ل39-41



**شارۆچکەی قەرەهەنجیر دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی نێوان کەرکوك- سلێمانی چەند کیلۆمەترێك لەکەرکوکەوە دوورە. ئەم شارۆچکەیە وەك سەیرانگایەك وابوو بۆ خەڵکی کەرکوك، ئەویش لەبەر دیمەنی جوان‌و کەش‌و هەوای مام ناوەندی لەهاویندا.**

**ڕژێم ئەم شارۆچکەیەی کردە ناوەندی ناحیە لەژێر ناوێکی عەرەبی (الربیع)وە بەسەدان خانووی بچووکی تێدا دروست کرد بۆ نیشتەجێ‌کردنی ئەو گوندنشینانەی کە گوندەکانیان ڕووخێنرابوو، بۆ نیشتەجێ‌کردنی سەدان خێزانی کورد کە لەکەرکوك دەرکرابوون جگە لەژمارەیەکی زۆری عەرەب کە ئەرکی بەڕێوەبردن‌و سەرپەرشتی ناحیەو ئەو ئۆردگا زۆرەملێیەی کە تێدا دروست کرابوو. ژمارەی ئەوگوندە ڕووخێنراوانەی کە سەر بەم ناحییە بوو (41) گوندەو نزیکەی (2230) دوو هەزارو دووسەدو سی خێزانی جووتیاری کورد کە هەموویان ڕاگوێزرانەوە لەساڵانی 1969و 1977و1987و 1988دا.[*]**

**4-ناحیەی لەیلان (قەرەحەسەن):-**

**شارۆچکەی لەیلان کە ناوەندی ناحیەی لەیلانە بەدووری (20) بیست کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە. بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتە (1301) کەس نیوەی کوردو نیوەکەی تریشی تورکمانی شیعە بوون، بەڵام ژمارەی گوندنشینەکانی بەپێی هەمان سەرژمێر گەیشتە (12509) کەس کە هەموویان کورد بوون.**

**لەساڵانی (1970و 1971)دا گوندی ترکەشکانی خواروو تەرجیل بوونە ئامانجی پرۆسەی بەعەرەب کردن. لەهەمان ساڵدا ڕژێم ئۆردوگایەکی**

---

[*] سەرچاوەی پێشوو، ل42-43

لەنزیك گوندی تەرجیل بۆ گامیشەوانە عەرەبەکان دروستکرد، ئەوە بوو لەساڵی (1983)دا بەجێیان هێشت پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە هێرشی‌کردە سەریان.

لەساڵی (1987)دا رژێم خانوی بۆ نزیکەی (300) سێ سەد خێزانی عەرەبی لەخودی شارۆچکەی لەیلاندا دروست کرد. ئەم ناوچەیە ئێستا بەتەواوی تەعریب کراوە. ئەو گوندانەی کە سەر بەم ناحییە بوون ژمارەیان دەگەیشتە (45) چل و پێنج گوند، هەمووی لەساڵانی 1986و 1987و 1988دا لەلایەن رژێمەوە وێرانکران. ژمارەی ئەو خێزانە جووتیارانەی کەتەرحیلکران لەو گوندە کوردنشینانە نزیکەی (2429) دوو هەزارو چوار سەدو بیست‌ونۆ خێزانی جووتیار بوون کە هەموویان بەزۆرەملێ لەئۆردوگاکانی شارۆچکەی چەمچەماڵدا نیشتەجێ کران.[1] لەناوەندی ناحییەو لەگوندی یەحیاوەی نزیك بەناحیە ژمارەیەك لەخێزانی تورکمانی شیعە دەژیان کە نیوەی دانیشتوانی شارۆچکەکەیان پێك دەهێناو کە خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون پەیوەندیشیان لەگەڵ کوردەکانی ئەم شارۆچکەیەدا باش بوو.

### 5-ناحیەی تازەخورماتوو (تازە):-

ئەم ناحیەیە یەکێکە لەو ناحییە تازە دروست کراوانەی کەدەکەوێتە نزیك شاری کەرکوکەوە، ناوەندی ئەم ناحیەیە لەشارۆچکەی تازە خورماتووە/ تازە، کەچەند کیلومەترێك لەباشوری کەرکوکەوە دوورە، لەنزیك رێگای گشتی کەرکوك- بەغدا. پێش تەعریب کردنی زۆربەی دانیشتوانەکەی تورکمان بوون. بەعەرەب کردنی ئەم ناحیەیە بەپێی هەمان سیاسەتی دارێژراو جێبەجێ‌کرا. ئەویش بەنیشتەجێ‌کردنی عەرەب لەناوەندی ناحیەکەو

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل37-38



هەردوو گوندی چەرداغلوو بەشیر، هەر زۆر ژمارەی تورکمانی لێ کەم کردەوە. ئێستا ئەم ناحیەیە بەتەواوی تەعریب کراوە.

### 6-ناحییەی یایچی:-

ئەمیش یەکێکە لەو ناحییە تازە دروستکراوانەی کەدەکەوێتە نزیك رێگای گشتی کەرکوك- حەویجە. یەکەمجار لەگوندێکی سەرەکی تورکمان (ترکەلان) و جگە لەدوو گوندی کوردی بەناوی تۆپزاواو یایچی. پاشان چەند ئۆردوگایەك بەناوی (الجمهوریە) کە زیاتر لە(100) سەد خانوو پێکهاتبوو لەم ناحیەیەدا دروستی‌کرد بۆ ئەو عەرەبانەی کە لەباشوری عیراقەوە هێنابووی. هەروەها رژێم فرۆکە خانەیەکی سەربازیشی لەم ناوچەیە دروستکردو خەڵکەکەشی دەربەدەرکرد. ئێستاش ئەم ناحیەیە بەتەواوی تەعریب کراوە. بەم شێوەیە، رژێم زۆربەی ئەو ناحییەو گوندانە بەهەندێ ناوەندی ناحیەشەوە وەکو ناوەندی ناحیەی شوان، بەتەواوی وێرانی‌کرد. دانیشتوانەکەشی گوێزرانەوە بۆ کۆمەڵگاکان. عەشیرەتە عەرەبی یەکانیش لەو جێگایانە نیشتەجێ ئەبوون کەحکومەت گرێنتی پاراستنیانی دەکرد. لەژێر چاودێری راستەوخۆی حزبی بەعس و لەگەڵ بەشداربوونی عەرەبە نیشتەجێ‌کراوەکان. رژێم بەردەوام بوو لەجێ‌بەجێ‌کردنی سیاسەتی تەعریب بەپێی پلانەکانی رژێم. لەسەرەتاوەو تا ساڵی (1991) کۆی گشتی ئەو خەڵکانەی کەزۆربەیان جوتیاربوون خێزانەکانیانیش بەزۆر دەرکران لە(218) گوند لەقەزای ناوەندی کەرکوك (61394) کەس بوون. ئەم ژمارەیەش ئەوانە ناگرێتەوە کە لەساڵی (1959)وە ناچارکراون شارەکە بەجێ بهێڵن بەهۆی ئەو سزاو گوشارو تۆقاندنەی کە رژێم خستبوویە سەریان. هەموو ئەو خێزانانەی کە دەرکران چ بەهۆی گرتنی یەکێ لەئەندامانی خێزانەکەیان بەهۆکاری سیاسی یاخود لەبەر راکردنی سەربازی یان جێهێشتنی ریزەکانی سوپا، یان راکردنی لەخزمەتی سوپای گەل

(الجيش الشعبي)ی بەعسی، یاخود پەیوەندی کردنی یەکێ لەخزمە دوورەکانی بەریزەکانی شۆرشی کوردەوە یان رایکردووەتە دەرەوەی وڵات...هتد. پێویستە ئەوەش رەچاوبکەین کەئەو کوردانەی لەکەرکوکدا دەژیان, هەر لەساڵی (1958)وە ناچارکراون کە بگوێزنەوە بۆ قەزاو ناحییەکانی پارێزگای کەرکوك، رێگەشیان پێ نەدەدرا کەسجلی تۆمارکراوی سەرژمێری ساڵی (1957) یان بگوازنەوە بۆ تۆمارگەی شارەکە. بەڵام دەبینین کەسجلی تۆماری دەیان هەزار لەو عەرەبانەی کە لەکەرکوك نیشتەجێ‌کرابوون گواستی‌یەوە بۆ سجلی کەرکوك تاکو واپیشان بدەن کە ئەمانە لەو کاتەوە، لەساڵی (1957)وە یاخود پێشتر، لەم شارەدا دەژین. رژێم تاکو ئەم پرۆسەی تەزویرکردنە بەئەنجام بدا، چەندین کارمەندی بەعسیو شارەزا لەم بوارەدا لەپارێزگاکانی ترەوە گواستەوە بۆ دائیرەی سەرژمێری (کە ئێستا فەرمانگەی باری شارستانی‌یە) پارێزگای کەرکوك. هەروەها هەرچی فەرمانبەری کوردو تورکمان هەیە لەم فەرمانگەیە دا رایگواستەوە بۆ فەرمانگەکانی تر یاخود بۆ پارێزگاکانی تر.

**ب-قەزای دووبز (تەعریب کراوە بۆ الدبس):-**

لەساڵی (1963)دا، دانیشتوانی هەموو گوندە کوردنشینەکانی سەر بەم قەزایە دەگەیشتە (4215) خێزانی جووتیار. کە لەناوەڕاستی هەمان ساڵدا راگوێزرانەوەو عەشیرەتە عەرەبی‌یەکانی (الجبور)و (الدلیم) لەجێگەیان نیشتەجێ‌کران. پاشان رژێم چەند گرۆپێك لەعەشیرەتی (الجبور)ی لەچەند گوندێکی کوردی نیشتەجێ‌کرد لەوانە گوندی جاستانو دەربەندو سەربەشاخو پەرکانەو سارەلوو کێسمەو چەرتو تەل هەلالەو گروەشان. رژێم گوندی سەرگەڕانی کردە ناوەندی ناحییەو ناوی لێنا (القدس). (150) خانوی بۆ فەرمانبەرانی ناحیەو پیاوانی ئەمنو ئەندامانی حزبی بەعس تێدا دروستکرد. رژێم ناوچەکەی کردە بنکەیەکی



سەربازی گەورەو چەندین سەربازگەو ئۆردوگای دروست کرد بۆ پیاوانی ئەمنو سوپاو ئیستخباراتو کرێکارانی کارگەی گۆگۆردو پاڵاوگەی نەوت بەم شێوەیەی لای خوارەوەو بەپێی پرۆگرامی خانوەکان سەرژمێرێکی روونو ئاشکرا کراوە:-

1-دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری خانوو بۆ فەرمانبەرانو کرێکارانی کارگەی گۆگرد، هەموویان لەو عەرەبانە بوون کە هێنرابوون بۆ ئەوێ.

2-دروستکردنی چەندین خانوو لەدووری چەند کیلومەترێك لەکارگەی گۆگردەوە بۆ پاسەوانانی کارگەی ناوبراو.

3-دروستکردنی (100) خانوو لەساڵی 1977 بەناوی (میسلون) لەنزیك گوندی چراغ.

4-دروستکردنی ئۆردوگایەکی تر لەباکوری گوندی قەرەدەرە بەناوی (الرافدین).

5-دروستکردنی کۆمەڵێ خانووی تر بۆ کارمەندانی رادیۆو تەلەفیزیۆن.

6-دروستکردنی کۆمەڵێ خانووی تر بۆ پیاوانی ئەمن.

7-دروستکردنی گەڕەکێکی تایبەت بۆ نیشتەجێ‌کردنی عەرەب بەناوی گەڕەکی (المثنی).

8-دروستکردنی گەڕەکێکی تر بۆ هەمان مەبەست بەناوی گەڕەکی (التأمیم).

9-دروستکردنی گەڕەکێکی تر بەناوی گەڕەکی (30 تەمموز).

10-دروستکردنی ئۆردوگایەکی گەورە بەناوی (حطین) کە زیاتر لە(500) خانوو پێك هاتبوو بۆ جێگری ئەفسەرو ئەو سەربازانەی کە لەبنکەی سەربازیدا کاریان دەکرد.

**ج-قەزای حەویجە:-**

ئەم قەزا تازە پێکهێنراوە بەمەبەستی نیشتەجێکردنی عەرەبەکانی هەردوو عەشیرەتی (العبید)و (الجبور)و عەشیرەتی تر لەدەشتی حەویجە دروستکرا. رژێم لەساڵی (1963)وە پارەیەکی زۆری خەرجکرد بۆ دروست کردنی چەندین پرۆژەی کشتوکاڵیو بەخێوگەی پەلەوەری گەورە جگە لەخزمەتگوزاری دیکە لەم قەزایەدا. چەندین خێزانی کورد کە بەشوێن ئیشوکاردا دەگەڕان لەم قەزایەدا نیشتەجێ بوون، بەڵام رژێم لەسەرەتای ساڵی 1995دا هەموویانی دەرکرد.

**د-قەزای چەمچەماڵ:-**

ئەم قەزایە یەکێکە لەقەزا کۆنەکان، لەسەردەمی عوسمانییەوە سەر بەپارێزگای کەرکوك بووەو دەکەوێتە نێوان کەرکوكو سلێمانییەوە. هەردوو ناحیەی ئاغجەلەرو سەنگاوی لەخۆگرتووە. بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتە (34299) کەس، کەهەموویان کوردن. رژێم هەموو گوندەکانی سەر بەم قەزایە کە ژمارەیان (164) گوندبوو لەنێویدا (102) قوتابخانەو (157) مزگەوتو (4)بنکەی تەندروستی هەمووی وێرانکرد. ژمارەی ئەو خێزانە جووتیارانەی کە راگوێزران لەم گوندانە (9866) خێزانە کە دەکاتە (51797) کەس.[1]

**1-ناحیەی سەنگاو:-**

ئەم ناحیەیە (70) گوندی لەخۆگرتبوو، لەساڵانی (1987و 1988)دا بەناوەندی ناحییەکەشەوە رژێم رووخاندی. دانیشتوانی ئەم گوندانە (2648) خێزانی جووتیار بوون. هەروەها (28) قوتابخانەی سەرەتاییو لەگەڵ دووبنکەی تەندروستیدا رووخێنرا.[2]

**2-ناحیەی ئاغجەلەر:-**

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل92و 94.
[2] کەنعان مەکییە، سەرچاوەی پێشوو.



ئەمە ناحیەیەکی کۆنەو (75) گوندە، کە (66) قوتابخانەو (73) مزگەوتو بنکەیەکی تەندروستی لەخۆگرتبوو. زۆربەی زۆری ئەم گوندانە زیاتر لەجارێك روخێنراوە لەلایەن سوپای عیراقەوە دیسان جارێکی تر دروست کراوەتەوەو دیسانەوە سوتێنراوەو رووخێنراوەتەوە. لەم ناحیەیەدا (6731) خێزانی جووتیار دەژیا کە لەلایەن رژێمەوە ناچارکران بگوازنەوە بۆ ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە بەتایبەت لەسەر رێگای کەرکوكو سلێمانی دروستکراون. هەندێ لەو خێزانانە بوونە قوربانی شاڵاوی بەدناوی ئەنفال[1]. لەئایاری ساڵی 1988دا هەندێ گوندی ئەم ناحیەیە کەوتنە بەر بۆمبارانکردن بەگازی خنکێنەرو کیمیاوی کەبووە مایەی کوشتنی سەدان منداڵو پیرو پەککەوتە بەتایبەتی لەگوندی عەسکەرو گامرادو موتلیجە[2].

هەرچەندە ئێستا قەزای چەمچەماڵ دەکەوێتە بەر ئەو ناوچە ئازادکراوانەی کوردستانی عیراق، بۆیە خەڵکی ئەم گوندە وێران کراوانە خەریکن دەست بە گەڕانەوە دەکەنو خانووەکانیان سەر لەنوێ بنیاتدەنێنەوەو گەشە بەکشتوکاڵ ئەدەن.

**ە-قەزای دووز خورماتوو (تەعریب کراوە بۆ الطوز):-**

لەسەرەتای دەسەڵاتی رژێمی پادشایەتی عیراقدا، ناوەندی ئەم قەزایە لەگوندی کۆشك بوو لەناوچەی گل. حکومەتی عیراقیش، یەکەجار، داقوقی کرد بەناوەندی قەزاو پاشانیش گۆڕی بۆ دووزخورماتو کە دەکەوێتە سەر رێگای گشتی کەرکوك- بەغدا. بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی ئەم قەزایە گەیشتە (8.978) کەس لەکوردو تورکمانی شیعە پێکهاتبوو. کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتە (68552) کەس کە زۆرینە کوردبوون پاشان تورکمانو عەرەب کە

[1] Destruetion of Nation, ibid., PP. 95-97.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل24

کەمایەتی بوون. لەناوەڕاستی حەفتاکاندا، رژێم دەستی‌کرد بەعەرەبکردنی گوندەکانی سەر بەم قەزایە، پاشانیش زۆربەیانی رووخاند بەبیانوی ئەوەی کە ناتوانێ دانیشتوانە تازەکەی بپارێزێ. هەروەها رژێم لەسالآنی (1986و 1988)دا نۆ گوندی تری سەر بەم قەزایەی رووخاند کە (1058) خێزانی جووتیاری لەخۆگرتبوو[1].

لەساڵی (1976)دا رژێم ئەم قەزایەی بەستەوە بەپارێزگای سەلاحەدینەوە (تكريت) کە ماوەیەك لێوەی دوورە پاش ئەوەی ناحیەی (داقوق)ی لێ دابڕی‌و خستیە سەر ناوەندی قەزای کەرکوك.

هەروەها رژێم چەند ئۆردوگایەکی عەرەبی لەم قەزایەدا دروست کرد لەوانە ئۆردوگای (یافا) لەنزیك گوندی (ئەلبوسەباح)، لەساڵی (1977)دا (300) خێزانی عەرەبی تێدا نیشتەجێ‌کرد. ئۆردوگای (الموحلاوي) لەنزیك شارۆچکەی دووز بۆ (500) خێزانی عەرەبی تری دروستکرد، بەڵام ئەمەیان ئێستا چۆڵە. ئەم قەزایە بەپێی سنووری ئیداری پێشوو لەچەند ناحیەیەك پێك هاتبوو" لەوانە داقوق‌و قادرکەرەم‌و نەوجول‌و سلێمانبەگ‌و ئامرلی.

### 1-ناحیەی داقوق (تاوغ):-

کۆنە شارۆچکەی داقوق دەکەوێتە باشوری کەرکوك لەسەر رێگای گشتی نێوان کەرکوك- دووز- بەغدا. لەم شارۆچکەیەدا جگە لە کورد... تورکمانی شیعەشی تێدا دەژی کە ژمارەیان بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957) دەگاتە (2760) کەس، کوردەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لەگوندەکانی ئەم ناحیەیە دەژین‌و ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی سەرژمێری ناوبراو (10567) کەسە، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی عەرەب (1370) کەس بوو کە لەگوندی (شبيچه)و چەند گوندێکی دەوروبەر دەژیان. لەسەرەتای حەفتاکاندا رژێم دەستی‌کرد بەعەرەبکردنی ئەم ناوچەیە، کەناوچەیەکی بەپیتە، بەکڕینی زەوی کشتوکاڵی لەو کوردانەی کە خاوەن

[1] بڕوانە سەرژمێری گشتی ساڵی 1957.



زەوی کشتوکاڵێن لە(15) گوند کە دەکەوێتە ناوچەی هەردوو عەشیرەتی کاکەیی‌و داوودە. پاشان رژێم دەستی‌کرد بەدابەشکردنی بەسەر عەرەبە کۆچەرییەکان‌و عەشیرەتە عەرەبییەکاندا بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی. دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری کەرکوك، کەئێستا بەپرۆژەی ئاودێری سەدام دەناسرێ، بیانوویەکی باش بوو بۆ دروستکردنی ئەم ئۆردوگایانەی لای خوارەوە:

أ-ئۆردوگای (مهاوش) کە (30) خێزانی جووتیاری عەرەبی عەشیرەتی (العلگاوی) لەخۆگرتووە. رژێم لەساڵی (1979)دا لەم شوێنەدا نیشتەجێیانی‌کردو (30) یەکەی جێ نشینی بۆیان دروستکرد.

ب-ئۆردوگای (العصریە) لەنزیك گوندی حەفتەغار، رژێم (480) خانووی بۆ نیشتەجێ‌کردنی چەندین عەشیرەتی عەرەبی لەساڵی (1976)دا، دروستکرد.

ج- ئۆردوگای حوسێن ئاغا کە (400) خانووی لێ دروستکرا بۆ نیشتەجێ‌کردنی چەندین عەشیرەتی عەرەبی.

د-ئۆردوگایەکی تری دروستکرد لەنێوان گوندی ئەلبوسەڕاج‌و حەفتەغاردا بۆ نیشتەجێ‌کردنی عەشیرەتە عەرەبییەکان.

هـ-لەساڵی (1982)دا رژێم ئۆردوگای داقوقی دروستکرد لە(500) خانوو پێك هاتبوو بۆ عەرەبی کۆچەریی لەنزیك رێگای گشتی کەرکوك-بەغدا.

و-ئۆردوگای کلیسە لە(25) خانوو پێکهاتبوو، رژێم لەنزیك داقوق بۆ عەرەبە کۆچەرییەکان دروستی‌کرد.

ز-لەساڵی (1980)دا دوو ئۆردوگای تر دروستکرا لەنزیك ئۆردوگای (العصریە) بۆ نیشتەجێ‌کردنی کۆچەرییەکان.

ح-راگواستنەوەی هەموو جووتیارانی کورد لەگوندی (لهیب)و نیشتەجێ کردنی عەرەب لەشوێنیان. هەروەك پیشەی هەمیشەیی، رژێم بەردەوام بوو لەدروستکردنی چەندین بنکەی پۆلیس لەنزیك ئەم ئۆردوگایانەو هەروەها

دروستکردنی رەبیەی سەربازی لەدەوروبەریان لەترسی هێرشی هێزی پێشمەرگە، هەروەها رژێم دەستی‌کرد بەدابەشکردنی چەك بەسەر ئەو عەشیرەتە عەرەبییانەی کە لەناوچەکەدا نیشتەجێ‌کران، لەهەمان کاتدا هەموو ئەو گوندنشینە کوردانەی،کەهێشتا دەستی تەعریبی پێ نەگەشتبوو، لەچەك دایمالی.

لەسالانی (1973و 1987)دا شەش گوند سەربەم ناحیەیە رووخێنرا کە (860) خێزانی جووتیاری لەخۆگرتبووکە رژێم هەمووی راگواستەوە .

لەسەرژمێری سالی (1977)دا رژێم هەموو کاکەی‌یەکانی بەعەرەب تۆمارکرد. ئەم عەشیرەتە (کاکەیی) لەچەند گوندێکی تایبەت بەخۆیان دەژین کەئێستا لەگەڵ چەند گوندێکی تری کوردیدا نەڕووخێنراون.

لەسەرژمێری سالی (1977)دا رژێم عەشیرەتی بەرزنجە کە لەچەند شوێنێکی پارێزگادا دەژین بەتیایبەتی لەقادرکەرەم‌و کرپچنەو ئەوانیشی بەعەرەب تۆمارکردووە. لەکۆتای سالی (1996)دا (عزت الدوري) جێگری سەرۆك کۆماری عیراق هەموو ئەو خێزانە ناودارانەی ئەم ناحیەیەو پاشانیش هی هەموو پارێزگای ئاگادارکردەوە کە هەموو خۆیان بەعەرەب تۆمار بکەن، ئەمەش وەك خۆ ئامادەکردنێ بۆ سەرژمێری سالی (1997) کاتێ کە زۆربەی زۆری کوردەکانی بەعەرەب تۆمارکرد. ئەوانیش رازی نەبوون بین بەعەرەب بۆیە هەموو راگوێزرانەوە بۆ ناوچەکانی تر.

**2-ناحیەی قادرکەرەم:-**

ئەمە ناحیەیەکی گەورەیە دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی قەزاوە. پێش ئەوەی بەتەواوی وێران بکرێ لە(281) گوندی خاوەن بەرهەم پێکهاتبوو، کە (160) خوێندنگەو (190) مزگەوت‌و (21) بنکەی تەندروستی تێدا بوو. بەپێی سەرژمێری سالی (1957) ژمارەی دانیشتوانەکەی (13426) کەس بوو کە هەموویان کوردبوون. بەلام ژمارەی خێزانە

Destruction of Nation, Ibid., p. 25.



راگوێزراوەکانی ئەم ناحیەیەو گوندەکانی نزیکەی (11694) خێزانی جووتیاربوون کە دەکاتە (61394) کەس، لەماوەی سالانی (1987و 1988)دا. هەندێکیان گواسترانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان‌و ئەوانی تر کەوتنە بەر شالاوی بەدناوی ئەنفال. پێشتریش رژێم چەندین گوندی ئەم ناحییەی سوتاند لەماوەی سالانی شەڕی نێوان کوردو رژێمی عیراقی دوایش هەموو ئەو گوندانەی لەماوەی ئەم دوو ساڵەی ئەنفالدا رووخاند .

**3-ناحیەی نەوجول:-**

ئەمەیەکێکە لەو ناحییە تازانەی کە رژێم پاش لێدانی بیرە نەوتەکانی ناوچەی زەنبوور کە سەر بەم ناحیەیە دروستی‌کرد. پاش ئەوەی رژێم دەستی‌کرد بەرووخاندنی گوندەکانی کوردستان، دێیەکانی سەر بەم ناحییەشی رووخاند کەژمارەیان (39) گوندبوو، (28) خوێندنگەو (32) مزگەوت‌و دوو بنکەی تەندروستی لەخۆگرتبوو. ژمارەی ئەو خێزانە راگوێزراوانەش (1969) خێزانی جووتیار بوون کەهەموویان راگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی ناوەندی قەزا لەماوەی سالانی (1985-1988)دا .

**4-ناحیەی سلێمان بەگ‌و ئامرلی:-**

ناحیەی سلێمان بەگ دەکەوێتە باشوری قەزای دووزخورماتوو لەسەر رێگای گشتی نێوان کەرکوك- دووز- حەمرین- بەغدا.

بەلام ناحیەی ئامرلی کە تازە دروستکراوە دەکەوێتە نزیك رێگای گشتی ناوبراو لەنێوان سلێمانبەگ‌و زنجیرە چیای‌حەمرین. لەدێیەکانی سەر بەم دوو ناحیەیە عەشیرەتی (تورکۆ- مەنگۆلی)ی بەیات (کە بەئەسڵ پێیان دەلێن پیاووت) دەژین کە زۆربەیان تەعریب کراون لەئەنجامی تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی کە لەباشورەوە هێنرابوون. زنجیرە چیای حەمرین کە

سەرچاوەی پێشوو، ل28-31

سەرچاوەی پێشوون ل26-27

سـنورێکی سروشـتی‌یە لەباشـوری کوردسـتاندا بەناحیـەی ئـامرلی‌دا تـێ ئەپەڕێ.

**و-قەزای کفری:-**

قەزای کفری یەکێکە لەقەزا کۆنەکان، کە لەسەردەمی عوسمانی‌یەکاندا بە (صلاحیە)ش ناسرابوو، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی پارێزگاوە.

بەپێی سەرژمێری (1957) ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە (64135) کەس بوو کە زۆرینـەی کـوردەو پاشـان تورکمـان‌و ئـەنجا عـەرەب. لەسـالی (1976)دا ڕژێم ئەم قەزایـەی بەسـتەوە بـەپارێزگای (دیـالی) وەك بەشـێك لەستراتیجی بچـڕانی شـوێنە گرینگـەکان لـەپارێزگای کـەرکوکی کـوردان‌و بەستنەوەی بەپارێزگاکانی نزیك لێوەی، بەمەبەستی کەم کردنەوەی کورد لەم پارێزگایەدا.

قەزای کفری لەچەند ناحیەیەك پێکهاتووە کـەرژێم هەنـدێکیانی بەقـەزای کەلارەوە بەستەوەکە قەزایەکی تازە دروستکراوە پاشان بەستێوە بـەپارێزگای سلێمانی‌یەوە، ئەو ناحییانەی کەسەر بەم قەزایەیە ئەمانەن:

**1-ناحیەی سەرقەلا یان شێروانە:-**

ئەم ناحیەیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی کفری لەسەر ڕێگای گشتی نێوان کفری- کەلار، سەرقەلاش کرا بەناوەنـدی ناحییـە. سـەرژمێری سـالی (1957) ئـەوەمان پیشـاندەدا کـە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی (23371) کەسە، کەهەموویان کوردن. ئـەو کاتـەی کـەرژێم دەسـتی کـرد بەوێرانکردنی، (25) گونـدی لـەخۆگرتبوو کـە (17) خوێنـدنگاو (18)

هەردوو مێژوو نووسی عیراقی (**عبدالرزاق الحسني**)، لەکتێبەکەیدا ((**تاریخ العراق السیاسي**))بەشی سێیەم، ل298" دکتۆر (**شاکر خصباك**)، سەرچاوەی پێشوو، زنجیرە چیای حەمرین بەسنورێکی سروشتی دادەنێن بۆ کوردستان. ئەم شتەش لەلایەن زۆر لە توێژەرە بیانیەکانەوە پشتیوانی لێ کراوە، لەوانە (J. C. Edmonds) لەکتێبەکەیدا ((کوردو تورك‌و عەرەب))، لەلایەن جرجیس فتح الله کراوە بەعەرەبی، چاپخانەی (التایمز)، بەغدا 1971، ل7.



مزگەوت‌و بنکەیەکی تەندروستی تێدابوو. ژمـارەی ئـەو خێزانـە دەرکراوانـە (982) خێزانـی جووتیـار بـوون کەهـەموویان لەسـالانی (1987و 1988)دا ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگای (الصمود)، کـە ئێسـتا جـارێکی تـر ناوی لێنراوەتـەوە بـە (ڕزگـاری)، کـە ڕژێـم لەشارۆچکەی کـەلار دروسـتی کردبوو بۆ ئەو کوردانەی کە لەگوندەکانەوە دەرکرابوون.

**2-ناحیەی کۆکز:-**

کۆکز ناحیەیەکی تازە دروستکراوە کەپێشتر خۆی‌و چەند گوندێك‌و هەندێ لەدێیەکانی ناوچەی زەنگاباد سەر بەناحییەی قەرەتەپەبوون.

لەسالانی (1976و 1987و 1988)دا هەموو گوندەکانی کـە (26) گوند بوون وێرانکران. کە (20) خوێنـدنگاو (20)مزگـەوت‌و بنکەیـەکی تەندروستی کەلەناوەندی ناحییەکە بوو، لـەخۆگرتبوو. ژمـارەی ئـەو خێزانـە دەرکراوانە (1727) خێزانی جووتیار بوون کە ڕژێم هەموویانی گواسـتەوە بۆ ئۆردوگای (الصمود) لەکەلاری تازە.

ڕژێـم عەشـیرەتی (الكـروي) عـەرەبی لەچـەند گونـدێکی ئـەم ناحییـەدا نیشتەجێ‌کرد دوای ئەوەی کە جووتیـارە کوردەکـانی لێ ڕاگـوێزراوە هـەمان شت لەگوندەکانی قەلاو بنەباغ‌و سیلەونی‌و شێخ بابەو دەروێـش موحەممەد و عەباس مەحمود و سەفەرو ئەوڕەحمان کام‌و ڕەشید بـەیخان کەهـەموویان سـەر بەعەشیرەتی (زەند)ی کوردی بـوون‌و هـەموویان گواسـترانەوە بـۆ پارێزگـای (الانبار).

لەگوندی چالاو خالید کەسەر بەم ناحیەیە کە پیان ئەوت کێلگەی گومار.

**3-ناحیەی جەبارە:-**

ئەمیش یەکێکە لەو ناحییە تازانەی کە ڕژێم دروستی کردووەو دەکەوێتـە باشـوری کفری‌یـەوە لـەنزیك هێلـی ئاسـنی شـەمەنەفەر کەئاسـکی کفـری‌و

سەرچاوەی پێشوو، "Destruction of Nation" ل9.

سەرچاوەی پێشوو، ل10

جەلەولاو بەغدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. رژێم خەڵکی هەندێ لەو گوندانەی ناچارکرد کە گوندەکان بەجێ بهێڵن تاکو عەرەبی لێ نیشتەجێ بکات. بەڵام ئەوانی تری رووخاند تەنها گوندی گەڵاباد و عەین شکورو ساریکۆی نەبێ کەسەر بەعەشیرەتی گێژن پاش ئەوەی خۆیان بەعەرەبی عەشیرەتی (القیسي) تۆمار کرد !. هەندێ جار ئەو عەرەبانەی کە لەناوچەکەدا نیشتەجێ کرابوون ئەو زەوی‌یە کشتوکاڵیانەی کە بەسەریاندا دابەش کرابوو بەکرێ دەیاندایەوە خاوەنە راستەقینەکانیو وەك کرێکارێك بۆ خاوەنە نوێیەکەی کاریان دەکرد!. ئەم دیاردەیە لەزۆر قەزاو ناحیەی تر دووبارە بووەو کە گوندەکانیان وێران کرابوونو خەڵکەکەی ناچار کرابوون چۆڵی بکەنو پاشانیش عەشیرەتە عەرەبی‌یەکان لەجێگەیان دابنێن کەزۆربەیان نەیان دەزانی کشتوکاڵ بکەن چونکە عەرەبی کۆچەری بوون.

پرۆسەی وێرانکردن لەم ناحییەدا (30) گوندی کوردی گرتەوە کە (23) قوتابخانەو (21) مزگەوتو چوار بنکەی تەندروستی تێدابوو. ژمارەی ئەو خێزانە دەرکراوانە (1637) خێزانی جووتیار بوون کە لەساڵانی (1987و 1988)دا هەموویان ناچار کران لەئۆردوگای (الصمود) لەکەلاری تازەو لەئۆردوگای قەرەتەپە ژیان بەسەربەرن .

**ناحیەی قەرەتەپە:-**

یەکێك لەو ناحیە کۆنانەی کە دەکەوێتە باشوری قەزای کفری‌یەوە لەگوندەکانی باشوری رۆژئاوای ئەم ناحییەوە عەرەبی عەشیرەتەکانی (الجبور)و (الهیب)و (بني زید)ی لێ دەژین، بەڵام جووتیارە کوردەکان لەباکوری رۆژهەڵاتی ناحییەکەوە دەژین. رژێم لەساڵی (1988)دا هەموو ئەو گوندە کوردنشینانەی وێرانکرد، وەك گوندی گاخورو قەرەبەتاغو گێژو عەین فارسو ئەوانی تر. لەناوەندی ناحییەو دەوروبەریدا تورکمانی شیعەو کورد بەبێ گیروگرفت ژیان بەسەر ئەبەن.

سەرچاوەی پێشوو، 11و12



بەپێی سەرژمێری ساڵی 1957 ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە گەیشتە (27942) کەس. هەموان، لەکوردو عەرەبو تورکمان، بەئاشتی دەژیان پێش ئەوەی رژێم دەست بەعەرەب کردنی ناحییەکە بکات بەپێی ئەو شێوازەی کەگرتویانەتە بەر بووە مایەی چاندنی تۆوی دووبەرەکیو رەگەز پەرستی لەنێو هەمواندا.

**ز-قەزای کەلار:-**

قەزای کەلار لەساڵی 1976، پاش ئەوەی رژێم قەزای کفری بەستەوە بەپارێزگای (دیالی)وە، دروستکرا. هەموو گوندەکانی سەربەم قەزایە لەساڵانی (1987و 1988)دا رووخێنرا. ژمارەی گوندە وێران کراوەکانی ئەم قەزایە (16) گوندبوو، کە لە(1174) خێزانی جووتیار پێك هاتبوو هەموویان دەرکرانو رەوانەی ئۆردوگای (الصمود) کران. ئەم ناحییانەی لای خوارەوە سەربەم قەزایەن:

**1-ناحیەی پێباز (باوەنوور):**

ئەم ناحیەیە یەکێکە لەناحییە کۆنەکان کە پێشتر سەر بەقەزای کفری بوو پاشان خرایە سەر قەزای تازەی کەلار. ناوەندی ئەم ناحییە دەکەوێتە شارۆچکەی پێباز بەرامبەر بەرووباری سیروان لەسەر رێگای گشتی نێوان دەربەندی خان- کەلار. بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانەکەی (6886) کەس بوو کەهەموویان کوردبوون. رژێم هەموو گوندەکانی سەربەم ناحییەی وێرانکرد کە ژمارەیان (52) گوندبوو کە (29) خوێندنگاو (23) مزگەوتو بنکەیەکی تەندروستی لەناوەندی ئەم ناحییەدا بوو. ژمارەی ئەو خێزانە دەرکراوانە (1045) جووتیار بوون، هەموویان ناچارکران بگوازنەوە ئۆردوگای (الصمود) لەناوەندی قەزادا .

**2-ناحیەی تیلەکۆ:**

سەرچاوەی پێشوو، ل133.

ئەم ناحیەیە... ناحییەکی تازە دروستکراوە، هەموو گوندەکانی کە لە(113) گوند پێك هاتبوو رووخێنرا کە (47) خوێندنگاو (42) مزگەوتو بنکەیەکی تەندروستی تێدابوو. لەسالآنی 1987و 1988دا رژێم (1659) خێزانی جووتیاری دەرکردو رایگواستنەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملیٚی (الصمود)[1].

لەسالّی (1991)وە زۆربەی ناحییەو گوندەکانی قەزای کەلارو بەشێکی فراوانی قەزای کفری کەوتۆتە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانەوە. بۆیە جووتیارانی کورد وردە وردە دەستیان کردووە بەگەڕانەوە بۆ گوندە رووخاوەکانو بۆ ئەوەی سەر لەنویٚ ئاوەدانی بکەنەوەو پەرە بەکشتوکالّ بدەن، سەرەڕای ئەوەی بوونەتە ئامانجی یەکە تۆپهاوێژەکانی رژێمی عیراقیلەناوچەکەدا (بەعەرەب کردنو وێران کردنی ناوچەکانی کوردستانی عیراق، لەوانە پارێزگای کەرکوك، بڕوانە پاشکۆی ژمارە چوار-ج).

## بەشی چوارەم

### ئە نجامی بەعەرەبکردنو وێرانکردن لە پارێزگای کەرکوك:

لەمیانی ئەم پێداچوونەوە خێرایەدا بەسەر ئەم شێواندنە ئیداریو وێرانکردنو راگواستنو بەعەرەبکردنی ئەو گوندانەی سەر بەقەزاو

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل134-135



ناحییەکانی پارێزگای کەرکوکن، لەنێویاندا هەندیٚ ناوەندی ناحییەو ناوەندی قەزاشی بەرکەوت. ژمارەی ئەو گوندانەی کە لەسالآنی (1987و 1988)دا وێرانیکرد (779) گوندبوو، رژێم هەندیٚ لەناوەندی ناحییەو قەزای گۆڕی بۆ ئۆردوگای زۆرەملیٚ، تاوەکو جووتیارە راگوێزراوەکان ناچار بکات لیٚی نیشتەجیٚ بن بەبیٚ ئەوەی هیچ ئیشو کارێك یان سەرچاوەیەکی بژێویان بۆ دابین بکات تەنها بڕێکی کەمی پارەو پارچە زەوییەك نەبیٚ تاوەکو بیکەن بەخانوو لەئۆردوگاکاندا. زۆر جاریش ئاژەڵو مەڕو مالآتەکانیان بەر تالآن کەوتن لەلایەن بەرپرسانی پرۆسەی ڕاگواستنەکەوە کە لەگەورە ئەفسەرانو بەرپرسانی حزبی بەعسو دامو دەزگاکانی ئەمن لەپارێزگا پێکهاتبوون لەگەلّ هەندیٚ لەسەرانی بەکریٚ گیراوی کوردا.

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە ئەو وێران کردنەمان نیشان ئەدا کە لەگوندو قەزاکانی ناوچەی کەرکوکدا رویداوە:

| ناوی قەزا | ژمارەی گوندە وێران کراوەکان | ژمارەی قوتابخانە وێرا کراوەکان | ژمارەی مزگەوتە وێران کراوەکان | ژمارەی بنکە تەندروسییە وێران کراوەکان | ژمارەی خێزانە دەرکراوەکان | ژمارەی کەسە دەرکراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزای کەرکوك و دووز | 218 | 160 | 190 | 21 | 11694 | 61394 |
| قەزای کفری/ | 81 | 60 | 59 | 6 | 4346 | 22817 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەبێ ناحییەی قەرەتەپە | | | | | | |
| قەزای دووزخورماتوو | 135 | 79 | 111 | 6 | 7942 | - |
| قەزای چەمچەماڵ | 164 | 102 | 157 | 4 | 9866 | 51797 |
| کەلار | 181 | 92 | 81 | 3 | 3878 | - |
| کۆی گشتی | 779 | 493 | 598 | 40 | 37726 | - |

خشتەی لای سەرەوە ئەوەمان نیشان ئەدا، کەکۆی گشتی ژمارەی ئەو گوندانەی کە تاکۆتایی ساڵی (1989) لەکوردستاندا وێران کران (3839) دێ بوو کە لەنێویاندا (1957) خوێندنگاو (2457) مزگەوتو (271) بنکەی تەندروستی تێدا بوو، ژمارەی خێزانە راگوێزراوەکان لەگوندو شارۆچکەکانیدا (219828) خێزان بوو کە زۆربەیان جووتیار بوون.

نەخشەیەکی ئەو گوندو شارۆچکانەی کوردستان کەوێرانکران یاخود تەعریبکران، کە لەپاشکۆی ئەم توێژینەوەیەدا بەرچاو دەکەوێ، رادەی ئەو وێرانکردنەمان نیشان ئەدا کەهەرێمی کوردستان لەماوەی چارەکە سەدەی بیستەمدا بەسەری هاتووە، بەتایبەتی لەساڵی (1988)دا، کە لەو ساڵەدا شاڵاوی بەدناوی ئەنفال روویدا. رژێمە جۆربەجۆرەکانی عیراق هەوڵو کۆششێکی زۆری داوە بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوک ئەویش لەبەر بەروبوومی نەوتو بەپیتی پێدەشتەکانی. ئەوەی ئەم رژێمانە گرتوویانەتە بەر هیچ جیاوازی‌یەکی نیە لەگەڵ ئەو حکومەتە رەگەزپەرستانەی کە لەچەندین شوێنەکانی جیهاندا بەرپای دەکەن بەتایبەتی لەبۆسنەو کۆسۆڤۆو تەیموری رۆژهەلات.



رژێمی ئێستای عیراقی بەپێی نەخشەیەکی دارێژراو دەستی کرد بەم کاولکاری‌یە بەرفراوانە، کەشارۆچکەو گوندە کوردنشینانەکانی بەشێوەیەکی درندانە، تەختکرد. ماڵو پەرستگاو خوێندنگاو ئەوچەند بنکە تەندروستی‌یەی کەهەبوون هەمووی وێرانکردو لەبووندا سڕی‌یەوە. رەزەکانی سوتاندو بیرەکانی پڕکردەوە. تەنانەت گۆڕستانەکانیشی تەختکرد. ئامانجی رژێم لەمانەدا سڕینەوەی شوێنەواری ژیانە لەم شوێنانە، نکۆڵی‌کردنە لەبوونی ئەو گوندانە، لەبەرامبەر هەر لێژنەی لێکۆڵینەوەیی جیهانی بۆ چارەنووسی ئەم شوێنانە. رژێم دەستی کرد بەهەڵوەشاندنەوەو سەر لەنوێ پێکهێنانی پارێزگا، لەپێناوی ئەوەی کورد بکات بەکەمایەتی لەم پارێزگایەدا.

لەکۆتایی ساڵی (1976)داو لەدەرئەنجامی ئەو گۆرانکاریانەی کە لەلایەنی دیمۆگرافی‌دا کران، تەنها قەزای حەویجە کە لەناوەڕاستی چلەکاندا تەعریبکرا، قەزای دووز، کە لەساڵی (1963)دا تەعریبکرا، وەك بەشێك مانەوە سەر بەپارێزگای کەرکوك کەناوەکەشی تەعریبکرا بۆ (التأمیم). بەلام سەبارەت بەخودی شاری کەرکوك، پرۆسەی بەعەرەبکردن لەسەردەمی رژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە لەکۆتایی ساڵی (1959)وە دەستی پێ‌کرد. رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقیش بەردەوام بوون لەسەر راگواستنی هەزاران لەخێزانی کوردو نیشتەجێ‌کردنی عەرەب لەشوێنەکانیان، ئەم سیاسەتەش هەتا ئەمرۆش هەر بەردەوامە. پرۆژەیەکی تری زەبەلاح، لەهەمان شێوەی پرۆژەی ئاودێری حەویجەی دروستکرد بۆ ئاودێری‌کردنی دەشتی‌یەکانی دووزو داقوقو توزخورماتوو لەباشوری رێگای گشتی کەرکوك- بەغدا تا دەگاتە زنجیرە چیای حەمرین بۆ هێنانی ئاو لەڕووباری زێی بچووك. ئەم پرۆژەیە (10) هەزار دۆنم ئاو ئەدات (دۆنمێك نزیکەی 2500م$^2$). سەرەتا ناوی پرۆژەی ئاودێری کەرکوك بوو پاشانیش ناوەکەی

گۆڕی بۆ پرۆژەی ئاودێری سەدام. کەس سودمەند نەبوو لەم پرۆژەیە تەنها ئەو جووتیارە عەرەبانە نەبێ کە لەم دواییەدا لەناوچەکە نیشتەجێکران. ئەم پرۆژەیە جیا کرایەوە لەپرۆژەی ئاودێری حەویجە.

ڕژێمی عیراقی پرۆسەی بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوکی بەدوو قۆناغ ئەنجام دا کەهەر قۆناغێك تەواوکەری ئەوی ترە:

لەقۆناغی یەکەمی ئەم پرۆسەیەدا ڕژێم کوردەکانی ناچارکرد کە شاری کەرکوك‌و شوێنەکانی تری پارێزگا بەجێ بهێڵن‌و ڕووبکەنە پارێزگاکانی تر، ئیتر ئایە لەڕێی گواستنەوەی فەرمانبەرو کرێکاران لەڕووی ئیدارییەوە یان بەڕێگەی ناچارکردنی تر. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هەر کوردێك کەرکوك بەئارەزووی خۆی یان بەناچاری بەجێ بهێڵێ بۆی نیە بگەڕێتەوە، جارێکی تر هەتا ئەگەر ناوی لەسجلی سەرژمێری باری شارستانی پارێزگاشدا بێت. ئەمەش بەسەر ئەو فەرمانبەرو کرێکارانەدا هات کە ڕاگوێزرابوونەوە بۆ پارێزگاکانی ترو ویستیان بگەڕێنەوە بۆ کەرکوك‌و جێ نشین بن دوای ئەوەی کە خانەنشینکران یاخود کاتی خزمەت کردنیان تەواوببوو، ئەمانەو چەندین خەڵکی تر هەموو ڕاگوێزرانەوە لەماوەی ساڵانی (1962-1990) هەروەها بەهەزارانیتر کەناچارکران شارەکە بەجێ بهێڵن دوای ئەوەی تۆپ بارانکرا لەلایەن هێزەکانی گاردی کۆماری لەکاتی داگیرکردنەوەیدا لەپێکدادانەکانی ڕاپەرینەکەی بەهاری ساڵی (1991).

سەبارەت بەجێبەجێکردنی قۆناغی دووەم، ڕژێم دەیان هەزار خێزانی عەرەبی لەناوەڕاست‌و باشوری عیراقەوە هێنا لەشاری کەرکوك‌و دەوروبەریدا نیشتەجێیان بکات دوای ئەوەی کە خانووو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابینکردن بە دامەزراندنیان لەدام‌ودەزگا داپڵۆسێنەرو جۆراوجۆرەکاندا وەك پۆلیس‌و سوپاو ئیستخبارات‌و موخابەرات‌و ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس‌و سوپای گەل (الجيش الشعبي) کە لەگەڵ سوپادا ئەرکی پاراستنی شاریان



پێ سپێنرابوو لەڕەبیە سەربازییەکان‌و شوراکانی تر کە شاریان پێ گەمارودابوو لەهەموو لایەکەوە. ڕژێم بەمانەی دەووت عەرەبە هاتووەکان (العرب الوافدين) بەڵام خەڵك پیانیان دەوت دەهەزارییەکان یان بیست هەزارییەکان، ئیتر بەپێی ئەو بڕەپارەیەی کە لەلایەن ڕژێمەوە وەریان گرتبوو جگە لەو پلەو پایانەی تر کە وەریان گرتبوو. ڕژێم نەیتوانی لەناوچەکانی باکورو ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوك عەرەب نیشتەجێ بکات چونکە نەیدەتوانی پاراستنیان دابین بکات، بۆیە زیاتر لە(700) گوندی لەم ناوچانە وێرانکرد. لەساڵی (1994)وە ڕژێم دەستی کردووە بەنیشتەجێکردنی عەشیرەتە عەرەبییەکان لەم ناوچانە تاکو ئێستاش بەردەوامە. هەروەها ڕژێم بەردەوامە لەوێرانکردنی گەڕەکە کوردییەکانی شاری کەرکوك. بۆ نمونە، بەسەدان خانووی ڕووخاند لەگەڕەکە گەورەکانی وەك شۆریجەو ئەڵماس‌و بلاغ‌و پیریادی‌و موسەلاّ و بەرتەکیە بەبیانووی کردنەوەی جادەی بەرین. هەرچەندە ئامانجی سەرەکی ڕژێم چەختکردنە سەر خاوەن ماڵەکان بوو بۆ ئەوەی شارەکە بەجێ بهێڵن. سەرەتا کڕین یا خود دروستکردنی خانووی تازەی لێ قەدەغەکردن لەشاری کەرکوك پاشانیش بەتەواوی لەشارەکە دەربەدەریانی کرد. هەر ڕێگە چارەیەکی پێشنیارکراو بۆ کێشەی کورد لەعیراقدا بێ سوودە ئەگەر دەسەڵاتێکی ئاشکرا نەبێ بۆ گەڕانەوەی هەموو دەرکراوەکان لەکوردو تورکمان بۆ سەر ماڵ‌و زەوی ڕاستەقینەی خۆیان. جگە لەمانەش، لەسەرەتای ساڵی (1963)وە، ئەو عەرەبانەی کە لەپارێزگای کەرکوکدا نیشتەجێکراون پێویستە بگەڕێنرێنەوە بۆ شوینی ئەسڵی خۆیان.

لەکاتی ڕاپەرینەکەی بەهاری ساڵ (1991)دا کە هەموو کوردستان‌و ناوچەیەکی بەرفراوانی عیراقی گرتەوە، زۆربەی زۆری ئەو عەرەبانە کە نیشتەجێکرابوون شارەکەیان بەجێ هێشت. تەنها کاتێك بەپاڵ پشتی

گاردەکانی کۆمارو تاقمە بەکرێگیراوەکانی موجاهیدی خەلقی ئێرانی (کە بەکرێگیراوی عیراقن). توانیان بەپاڵپشتی تۆپە دوورهاوێژەکان کە کوێرانە تۆپبارانیانکرد جارێکی تر کۆنترۆڵی شارەکە بکەنەوە. ئەمە بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە ئەم عەرەبە نیشتەجێکراوانە تەنها کاتێك دەتوانن بمێننەوە کە رژێم بیانپارێزێ. ئەم عەرەبە نیشتەجێکراوانە چ لەناوەوەو چ لەدەرەوەی شاری کەرکوك دۆخێکی پڕ لەمەترسی بۆ دوارۆژی عیراق دروست دەکەن لەپەیوەندی نێوان عەرەبو کورد. هەروەك هەمان ئەو دۆخانەی کە لەشوێنەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێن.

نەخشەی ئیداری پارێزگاکە، کە لەساڵی (1976)دا رژێم گۆڕی بەمەبەستی کەم کردنەوەی رێژەی کورد لەم پارێزگایە پێویستە بگەڕێتەوە شێوەی جارانو هەموو ئەو قەزاو ناحییانەی کە لێی جیاکراوەتەوە بگەڕێتەوە دۆخی جاران. هەروەها ئەو گوندو شارۆچکە کوردو تورکمانانەی کە رووخێنران پێویستە جارێکی تر بنیاتبنرێنەوەو خەڵکەکەشی قەرەبووی لەدەستدانی ماڵو حاڵەکەی بدرێتەوەو جارێکی تر تۆوی خۆشەویستی بچێنرێتەوە.

ناوچەی کەرکوك، جارانو ئێستاش، بەشێکی گرنگی کوردستانە. شاری کەرکوك هەتا ساڵی (1879)ش پایتەختی ولایەتی شارەزوور بوو ناوەندێکی گرنگ بوو لەسەردەمی فەرمان رەوایی عوسمانییەکاندا، پێویستە بگەڕێتەوە دۆخی جاران. هەروەها هەموو شوێنەوارەکانی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی لەم شارەدا بسڕێتەوە.

هەروەها سیاسەتی بەعەرەبکردنو جێبەجێکردنی دژی تورکمانەکان پێویستە راگیرێ. دەسەڵاتی کوردی لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، پێویستە مافە نەتەوەییو کەلتوورییەکانی خۆیان بناسن. پێویستە ئەم



مافانە بەشێوەیەکی یاسایی بنوسرێنەوەو پەیمانگای تایبەت پێك بهێنرێ بۆ دووپاتکردنەوەی پراکتیزە دیموکراتییەکانیان.

هەرچەندە تورکمان کەمایەتییەکی بچووکە لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، بەڵام ئازادییەکی تەواویان هەیە لەدروست کردنی حزبی سیاسیو رێکخراو فێرکردنی منداڵەکانیان بەزمانی خۆیان. لەبەرامبەریشدا سەرکردە سیاسییەکانیان ماوەیەك لەمەو پێش کوردیان بەوە تاوانبارکرد کە ((دەیانەوێ دەوڵەتێکی کوردی بەپشتیوانی رۆژئاوا دروست بکەن)). ئەو هاوکارییە توندوتۆڵەی نێوانیان لەگەڵ حکومەتی تورکیاداو بەکارهێنانی ئاڵای تورکیو سروودی نیشتمانی لەخوێندنگاکاندا جێگای خۆشحاڵی نیە بۆ باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورددا. هەندێ لەسەرکردە سیاسییەکانیان ئیدیعای ئەوەدەکەن کە کورد ((سۆزێکی باشیان نیە بەرامبەر بەتورکمان)) ئەمە هیچ بنچینەیەکی نییە. پێویستە لەسەر هەموان, بەکوردو

---

نووری تاڵەبانی، بۆچوونی کورد دەربارەی دەستوری ئایندەی عیراق، لەندەن، 1999- دیراسەیەکە کە گفتوگۆ لەسەر دەستوری پێشنیار کراو بۆ کوردستانی عیراق دەکات کە پێشنیاری دیاری کردنی مافی تورکمان دەکات.

گۆڤاری فایلی عیراق، لەندەن، ژمارە 30، 1994، ل24، دەقی نامەکەی سەرۆکی پارتی نەتەوەی تورکمانی کە بۆ وەزیری دەرەوەی تورکی ناردبوو بلاوکردووەتەوە کە لەرۆژنامە (زەمانی) تورکی، (11)ی ئاداری ساڵی (1994)وە وەری گرتووە. لەم نامەیەدا هاتووەو دەڵێ ((پلانی دامەزراندنی دەوڵێتێکی کوردی دانراوە لەباکوری عیراقو بەپشتیوانی رۆژئاوا، بەسۆزەوە نارِوواننە دانیشتوانی تورکمانی باکوری عیراق)). هەروەها لەنامەکەدا داوا دەکات لەسەرانی نوێنەرانی ئەمریکی تورکی لەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزە سەربازییەکانی رۆژئاوا لەبنکەی ئەنچەرلیکی تورکی ئەمە لەحوزەیرانی (1994)دا، ئیدیعای ئەوە دەکات کە

تورکمان‌و ئاشووری‌یەوە, کەپەند لەڕووداوە ناسۆرەکانی ساڵانی پەنجاکان‌و دوای ساڵانی پەنجاکان وەربگرن. کەئەم ڕووداوانە دوا ئامانجی ڕژێمی عێراقی سەلماند, ئەویش بۆ قڕکردنی کوردو تورکمان‌و ئاشووری لە ناوچەکەدا. ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ڕژێمی عێراقی کورد لەناوچەی کەرکوك دەردەکات‌و چەندین تورکمانی قەومی دژ بەکورد بەکارهێناو پاشانیش لەسەرەتای هەشتاکاندا لە تورکمان هەڵگەڕایەوە کردنی بە قوربانی‌یەکی تازەی سیاسەتە ڕەگەز پەرستی‌یەکەی خۆی.

مەبەستی ڕژێمی عێراقی لەچۆڵکردنی ناوچەکە لەنەتەوە غەیرە عەرەبی‌یەکان ڕوون بووەوە, بەپێ‌ی ئەو راپۆرتەی کە ئێستا لەمیدیاکاندا بڵاوبووەوە کە پێشنیاری ئەوە دەکات کە رژێم پلانی نیشتەجێ‌کردنی فەلەستینیەکانی کردووە لەناوچەکەدا. ئەم شتە ئاکامێکی زۆر ترسناکی لێدەکەوێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب. هەتاوەکو ئێستا ململانێ‌یەکە لەنێوان کوردو ڕژێمی عێراقی‌دا بوو, بەڵام ئەم کارە دەبێتە مایەی زیادبوونی ململانێ‌و دوژمنایەتی لەنێوان کوردو عەرەبدا.

سیاسەتی زوڵم‌و ڕەگەزپەرستی تەنانەت ئەو عەرەبانەشی گرتەوە, کەماوەیەکی زۆرە لەناوچەکەدا دەژین, پێش ئەوەی عەرەبە تازە هاتووەکان(العرب الوافدين الجدد) بهێنرێن بۆ ناوچەکە. کاتێ کەئەم عەرەبە تازە هاتووانە کۆنترۆڵی سوپاو ئیدارەکان‌و ئەمن‌و دەزگا خزمەتگوزاری‌و حزبی بەعس‌و هەروەها زۆربەی زەوی‌یە کشتوکاڵی‌و دەزگا بازرگانی‌و یەکێتی‌یە پیشەیی‌و کرێکاری‌و ڕێکخراوەکان‌و پەیمانگاکانی ناوچەکەیان کرد. ئەو عەرەبە تازە هاتووانە بەڕق‌و کینەوە مامەڵەیان لەگەڵ

---

ئەم هێزە بۆ پاڵپشتی‌کردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دانراوە لەهەموولایەکەوە تەنها ناوەکەی نەبێ.



دانیشتوانە ڕاستەقینەکەیدا دەکرد کەلەکوردو تورکمان‌و ئاشووری‌و ئەو عەرەبانەی کە لەمێژەوە نیشتەجێ‌کراوون لە ناوچەکەدا پێك هاتووە. چاوخشانێکی خێرا بەسەر هەموو ئەو دامەزراوەو پەیمانگایانەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەتاقم‌و گروپێك بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەناوچەکەوە هەبێ دەستیان گرت بەسەر هەموو شتێکداو بوونە سەرداری تەواو لە ناوچەکەدا, بەڵام خەڵکە راستەقینەکەشی بوونە بیانی لەسەرماڵ‌و خاکی خۆیان. بۆ ماوەی دەیان ساڵە کورد تاوانی ئەوە ئەدرێ بەسەریدا کە داوای جیابوونەوە دەکەن, چونکە کورد داوای مافە نەتەوەیەتی‌یەکانی خۆی دەکات. چونکە حەزناکات خاکەکەیان(کوردستان) ببینن بەدەست کەسانێکەوە کەهیچ پەیوەندی‌یەکی مێژوویيان نیە بەم خاکەوە, کەهەروەك لەشوێنەکانی تر دەبینرێ. ئەگەر دۆخەکە لەپاش سەدام حوسێن هیچ گۆڕانکاری‌یەکی بەسەردا نەیەت ناوچەکە دەکەوێتە ژێر مەترسی ئەگەری تەقینەوەیەك لەهەرکاتێکدابێت. ڕووداوەکانی جیهان, بەتایبەتی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەوەیان نیشاندا کەناتوانرێ دوو یان زیاتر لەدوونەتەوە لەولاتێکدا بە ئاشتی‌و تەبایی پێکەوە بژین. هەوڵ‌و کۆششەکانی بۆ بەزۆر ئاوێتەکردن‌و کۆنترۆڵکردن‌و سەپاندنی زۆرایەتی بەسەر کەمایەتی‌دا, هەروەك ڕژێمی عێراقی بەرپای دەکات, ئەنجامێکی سەرنەکەوتوانەی هەبوو, ئەو کارە زۆرە ملێیانەی کەرژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی, بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە گرتوویەتی‌یە بەر, ناشەرعی‌یەو بەپێچەوانەی زۆربەی بنەما یاسایی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانە. چونکە لەسەر بنەمای ڕق‌و کینەو ڕق لێ بوونەوەی ڕەگەزی‌یەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیدانە نەکردنی ئەم سیاسەتە ڕەگەز پەرستی‌یە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە دەبێتە مایەی ئاڵۆزیەکی توند لەپەیوەندی نێوان کوردو عەرەب. ئەمە زۆر

گرنگە بۆ هەموو ئەو عیراقییانەی کەدەیانەوێ کیانی عیراقی بمێنێ، دەبێ ئیدانەی ئەم سیاسەتە بکەنو کار بۆ ڕاوەستانو هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچەی کەرکوكو شوێنەکانی تر کە لەساڵی 1963 وە پیادە دەکرێو داوای گەڕانەوەی دۆخەکە بکرێ بۆ وەزعی پێشوی خۆی.



# پاشکۆکان

*پاشکۆی یەکەم:*

**نەخشەی ژمارە شازدەهەم تایبەتە بە پۆلێنکردنی دانیشتوان بەپێی ڕەگەزو زمانی دایك لەپارێزگای کەرکوك, لەسەرژمێری گشتی ڕەسمی ساڵی (1957) لە عیراق.**

| زمانی دایك | شاری کەرکوك | | | باقی لیوای کەرکوك | | | کۆی گشتی لیوای کەرکوك | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆی | نێر | مێ | کۆی | نێر | مێ | کۆی |
| عەرەب | 15008 | 12119 | 27127 | 41716 | 40777 | 82493 | 56724 | 52896 | 109620 |
| کورد | 21281 | 18766 | 40047 | 74110 | 73436 | 147546 | 95391 | 92202 | 187593 |
| ئێرانی | 60 | 41 | 101 | 17 | 5 | 22 | 77 | 46 | 123 |
| تورکی | 22564 | 22742 | 45306 | 18992 | 19073 | 38065 | 41556 | 41815 | 83371 |
| ئینگلیزی | 391 | 243 | 634 | 42 | 21 | 63 | 433 | 264 | 697 |
| فەرەنسی | 22 | 13 | 35 | 6 | - | 6 | 28 | 13 | 41 |
| هندی | 53 | 26 | 79 | 5 | 3 | 8 | 58 | 29 | 87 |
| کلدانی و سریانی | 774 | 735 | 1509 | 48 | 48 | 96 | 822 | 783 | 1605 |
| زمانەکانی تر | 226 | 192 | 418 | - | - | - | 226 | 192 | 418 |
| ئەوانەی کەئاشکرا نین | 2684 | 2462 | 5146 | 113 | 25 | 138 | 2797 | 2487 | 5284 |
| کۆی | 63063 | 57339 | 120402 | [illegible] | 13388 | 268437 | 198112 | 190727 | 388839 |

*پاشکۆی ژمارە دوو:*

ئەمە دەقی ئەو نوسراوە نهێنیەیە کە لەفەرماندەیی فیرقەی دووی سوپای عیراقی کە بارەگاکەی لەکەرکوك بوو, نێردراوە بۆ وەزارەتی بەرگری لەبەغدا, لەکۆتایی ساڵی **1958**و سەرەتای ساڵی **1959** .

**بەڵگەنامەی أ:**

فەرماندەی فیرقەی دوو
ئیستخبارات
ژمارە ح- ش- 3- 914
بەروار: 9/9/1958
/زۆر نهێنیو تایبەت/

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی سەربازی لەوەزارەتی بەرگری.

بابەت/ یاداشتنامەی مامۆستایانی کورد بۆ وەزارەتی پەروەردە دەربارەی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری بە تایبەتی لەکوردستان. نامەی داخراو وێنەیەکە لەو بەڵگەنامەیە بۆ تێروانینتان.

لەلاپەڕە(15) لەژێر ناونیشانی(ب- جێ بەجێکردن), مادەی(1) وەك لەخوارەوە دەڵێ: (دیاریکردنی ناوچەی پەروەردەی کوردی تاکو پارێزگای سلێمانیو هەولێرو کەرکوكو خانەقینو قەزا کوردییەکانی موسڵیش بگرێتەوە). دەمانەوێ سەرنجتان بۆ مەترسی ئەم دیاریکردنەی لای سەرەوە ڕاکێشینو ئەم تێبینیانەی لای خوارەوە بدەین:

ڕازی بوون لەسەر ئەو سنوورەی ناوچەی پەروەردەی کوردستان کەمامۆستایانی کورد ئامانجیانە, مانای ڕاگەیاندنی کیانی سیاسی کوردستانە.

تێکەڵکردنی پارێزگای کەرکوك لەگەڵ ناوچەی پەروەردەی کوردی(کە بەپێی یاداشتنامەکە کەرکوك کوردی نیەو زۆرینەی عەرەبو تورکو مەسیحیە). ئەم تەعبیرە ئەوە دەگەیەنێ کە کورد ڕەغبەتی دەست



بەسەراگرتنی نەوتەکەیان هەیە, کەسامانێکی نەتەوەیی کۆماری عیراقە, کەئەم سەرچاوە زیندووەی بۆ ژیانو دوارۆژی عیراق ڕزگار کردووە. هەروەها ئیدیعای یاداشتنامەکە بەکوردێتی کەرکوك مانای ئاوێتەکردنی نەتەوەکانی ترە لەپارێزگای کەرکوك, ئەمەش بەپێچەوانەی ڕۆحی دەستوری کۆماری عیراقەو لەبەرژەوەندی گشتیدا نیە کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردی دامەزرێنرێ, دروستیش نیە کەبارەگاکەی لەشاری کەرکوك بێت. پێویستە پۆستی بەڕێوەبردنی پەروەردەی کەرکوك هەمیشە بدرێ بەعەرەب, بەمەرجێك کەسێکی بێ لایەن بێتو کاربۆ بەرژەوەندی گشتی بکاتو لەخزمەتی پەروەردەو فێرکردن دابێتو بەبێ ئەوەی لایەنگری هیچ نەتەوەیەكو ڕەگەزێکدا بێت. بەڵام سەبارەت بە پاشماوەی یاداشتنامەکە , ئێمە لێ دەگەڕێین بۆ وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن, چونکە ئەوان مەرج دەسەپێنن, نەك پێشیاری چاکسازی بکەن. هیوادارم کەدەسەڵاتی بەرپرس ئاگاداری مەترسییەکانی تەڵەگرافی یاداشتنامەکەبێت کەبەناوی چاکسازییەوە ناردویانە. ئێمە نکۆڵی لەمافی برا کوردەکانمان ناکەین کەهەر داواکارییەکیان هەبێ, بەڵام دەبێ لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی دابێت, کەبنەمای پێشڕەوی هەموو کەسێکی بەوەفای ئەم وڵاتەیە.

ئیمزا
زعیم الرکن
ناظم الطبقجلی
فەرماندەی فیرقەی دوو

**بەڵگە نامەی ب:**

**فەرماندەی فیرقەی دوو**

**ئیستخبارات**

**ژمارە: ح- ش- 3- 17**

**بەروار: 6/1/1959**

**/نهێنیو تایبەت/**

**بۆ/ بەڕێز فەرماندەی گشتی سەربازی.**

**بابەت/ یەکێتی مامۆستایانی کەرکوك نوسراوێکیان بەرزکردووەتەوەو دەیانەوێ کەرکوك بکەن بەسەنتەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان.**

**خودی خۆم کۆبونەوەیەکم بەست لەگەڵ ئەندامانی یەکێتی مامۆستایان, کۆمیتەی کەرکوك( کە هەموویان لەو تورکمانانە پێك هاتبوون کە لە هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایاندا سەرکەوتوو بوون لەنێو"بەرەی قەومی‌یەکاندا" کە لەعەرەبە قەومیو بەعسیو تورکمانەکان پێك هاتبوو: نووسەر). دەڵێن کە خوێندکارانی کورد لەنێو قوتابخانەکانی شارەکەدا دەستیان کردووە بەئامادەکردنی عەریزەیەكو ناردنی بۆ وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن. داوای دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان دەکەن, کە بارەگاکەی لەکەرکوك بێت. پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەندێ لەو خوێندکارانە (کە قوتابی دواناوەندی موسەڵلابوون) ووتیان کە داواکاری‌یەکە لەکەسانێکەوە لەبەغداوە هاتووە(کە ناویان ئاشکرا نەکراوە) و داخوازی‌یەکانیان جێبەجێ دەکات.**

**ئەندامانی یەکێتی مامۆستایان لەکەرکوك ئەمەیان ڕوون کردەوە کەئەمە دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێیان, ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك, گرنگترینیان ئەوەیە کە پارێزگای کەرکوك زۆرینەی تورکمانەو لەگەڵ کەمایەتی‌یەکانی تر وەك عەرەبو مەسیحیو ئاشوریو ئەرمەنی. بۆیە دامەزراندنی, یاخود**



**هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان لەسەنتەری پارێزگاری کەرکوکدا دەبێتە مایەی نائارامیو جگە لە دڵەڕاوکێ لەنێو نەتەوە جۆراو جۆرەکاندا لەکەرکوك بەرامبەر بەم پڕۆژەیە. ئەمەش گیانی ململانێو دوژمنایەتی زیادئەکات لەنێو نەتەوەکاندا, چونکە دەبێ مل کەچی دەسەلاتی ڕێکخراوی پێشنیارکراوبێت, کەمەبەستی سەپاندنی پەروەردەو فێرکردنە بەزمانی کوردی, کەئەمەش دەبێتە مایەی ئەوکارانەی کەدەبێ بکرێن دەربارەی جۆری ئەو پەروەردەو فێرکردنە کەدەبێ لەناوچەکەدا بالادەست بێت. جگە لەمە دەڵێن کە ئێمە ئەمە دەکەین لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیو لەپێناوی یەکێتی پەروەردەو فێرکردنداو لەپێناوی دواڕۆژی وڵاتدا کەلەلایەن بوونی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکەوە هەڕەشەی لێدەکرێ, کە بنەماکانیان ناگونجێ لەگەڵ پارێزگایەکدا کە کورد تێیدا زۆرینە نیە. یەکێتی ناوبراو داوای ڕوونکردنەوەی ئەو پێشنیارەیان کرد کەلەلایەن لایەنە کوردی‌یەکانەوە پێشنیارکراوە بۆ ئەوەی کەرکوك بکەن بەبارەگای بەرێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان. منیش بەڵێنم پێ دان کەئەم بابەتە بەرزبکەمەوە بۆ جەنابت, تاوەکو ڕێ بگری لە ئاکامەکانی بڕیاردان لەسەر پڕۆژەیەکی ئاوها کەدەبێتە مایەی تێکەڵاوکردنو کۆسپێکی ئاڵۆز, من داوا لەجەنابتان دەکەم کەئەم پڕۆژەیە بدەنە لاوەو بەڕێوەبەرێکی بێ لایەنی عەرەب دیاری بکەنو بیکەن بە بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کەرکوك. هەتاکو هەموو نەتەوەکان لەپارێزگاکەدا پێکەوە کۆبکاتەوەو خەڵکی شارەکە هێور بکاتەوەو ڕێنماییان بکات کە کەلتورو دواڕۆژی سیاسی خۆیان جێبەجێ بکەن هەروەكو ئێستا. خوێندن بەزمانی عەرەبی چارەسەری گونجاوە بۆ پارێزگاری کەرکوك.**

**ئیمزا**

**زعیم الركن**

**ناظم الطبقجلی**

**فەرماندەی فیرقەی دوو**

وێنەیەك بۆ:

بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی عەسکەری.*

* ئەو یاداشتنامەیەی کە لەهەردوو نووسراوی فەرماندەیی فیرقەی دوودا ئاماژەمان بۆیکرد, پێشتر نوێنەری مامۆستایانی کوردو عەرەب لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو موسڵو دیالی پێشکەشیان کردبوو(لەلیستی پیشەییە یەکگرتووەکان کە لەدیموکراتخوازانو چەپڕەوە کوردیو عەرەبییەکان پێك هاتبوو) بۆ کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی مامۆستایان کەلەسەرەتای ساڵی 1959 لەبەغدا بەسترا. پێشتریش بۆ بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن. لەم یاداشتنامەیەدا داوای ئەوە دەکرا کە پارێزگای کەرکوکیش لەژێر چاودێری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کوردستانی عیراقدا بێت. چونکە زۆربەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بەپێی سەرژمێری ڕەسمی ساڵی(1957) کوردە. هەروەها لە یاداشتنامەکەدا باسی ئەوەیان کردووە کە تورکمانو, هەروەها کەمایەتییەکانی تریش, هەروەکو کورد مافی ئەوەیان هەیە کە خوێندنگای تایبەت بە خۆیان بکەنەوە, بە پێچەوانەی ئەو یاداشتنامەیەی کە یەکێتی مامۆستایانی تورکمان پێشکەشی فەرماندەی فیرقەی دووی کردبوو. ئەم شتەش لەساڵی(1960)دا ڕوویدا کاتێ کەچەندین قوتابخانە کرایەوە خوێندن تێیدا بەکوردی یان بەتورکمانی جگە لەعەرەبی بوو: نووسەر).



## بەڵگەنامەی ج:

**فەرمانـدەیی فیرقەی دوو**

**ئیستخبارات**

**ژمارە: 1/5/142**

**بەروار:1/1/1959**

**بۆ/ جەنابی سەرۆك ئەركانی سوپا**

**بابەت/ بارودۆخی سیاسی لەناوچەی بەرپرسێتی فیرقەی دوو.**

**1-هەرلەکاتی ڕاگەیاندنی دروستکردنی بەرەی یەکێتی حزبە کوردستانییەکان:**

**حزبی دیموکراتی (الپارتی)و حزبی شیوعیو بەرەی یەکێتی نیشتمانی (زانیاری یە سیاسییەکانی فیرقەی دوو دەربارەی حزبە سیاسییەکانی ئەوکات زۆرسادە دیارە. پارتی دیموکراتی كوردستان (KDP) بەپارتی دیموكراتی (الپارتی) ناو دەبا. بەرەی یەكێتی نیشتمانی بەحزبێكی سیاسی ناودەبا, بەڵام لەراستیدا, كۆمەڵێ حزبی سیاسی بوون لەگۆڕەپانی سیاسی عیراقدا كاریان دەكرد لەوكاتەدا : نووسەر)**

**ئەم گروپانە بەشێوەیەكی جدیو بەهاوكاری لایەنگرانو نوێنەرانیان كاریان دەكرد كە نێردرابوون بۆ قەزاو گوندەكان بۆ باسكردنی( هەرێمی كوردستان) لەنێو كۆماری عیراقدا. چەندین گروپ لەبەغداوە هاوكاری ئەم بەرەیەیان دەكرد بەپابەندبوون بەو بەرنامەیەی كەدایان نابوو وبانگەوازیان بۆ دەكرد لەبڵاوكراوەكانی ئەو حزبە نهێنیانەو كۆبوونەوە ناوبەناوەكانیاندا.**

**ئەوپلانەی كەدایان ڕشتبوو بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانیان ئەویش بەسوود وەرگرتن لەمادەی چوار لەدەستوری كۆماری عیراقی كە كوردو عەرەبی بەبەشداربوو داناوە لەم وڵاتەدا. مەبەستی ئەمان بەم شێوەی لای خوارەوەیە:**

**ا-كاركردن بەشێوەیەكی جدی لەپێناو ڕازیكردنی حكومەتی كۆماری بەدان پێنان بەداخوازییە نەتەوەیەتییەكانیان لەچوارچێوەی كوردستاندا كە**

**لەنێو حکومەتی کۆماریدا نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەمەش زۆربەی ئەو خاکە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلە تا دەگاتە کەنداوی بەسرە, هەرچەندە کەڕازین لەچوارچێوەی کیانی عیراقدا بمێننەوە.**

**ب- ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانی عیراق یەکسەر, بەپێی دەقی دەستور ئەم هەرێمە ببێتە بنکەیەك بۆ یەکخستنەوەی کوردی تورکیاو ئێران لەچوارچێوەی ئەو نەخشەیەی کەدایان ڕشتوە.**

**2-هەردوو لایەن موتەتەڕیفو مام ناوەندەکەی باوەڕیان بە پلانەکانی خۆیان هەیە بۆ کۆمارەکەیانو بۆ بەدیهێنانی دوارۆژیان ئەنجا زوو یان درەنگ بەم ڕێگەیانەی لای خوارەوە:**

**ا- دان پیانانی کۆماری عیراق بە هەرێمی ناوبراو بەشێوەیەکی ڕەسمی لەچوارچێوەی یەکێتی خاکی عیراقدا.**

**ب- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان کە ناوەندەکەی لەشاری کەرکوك بێت وڕۆشنبیری لەم ناوچەیە بەکوردییەکی ڕاستو ڕەوان بێت وزانکۆ لەکوردستاندا دامەزرێ بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی.**

**ج- دان پیانان بەیەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق بەهاوکاری لەگەڵ قوتابیانی کۆماری عیراقدا.**

**د- داواکردن بەپێك هێنانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان جگە لەبوونی یەکێتی مامۆستایانی هەڵبژێردراو لەهەر پارێزگایەك, هەروەها یەکێتی پارێزەرانو پزیشکانی کوردستان.**

**هـ- کارکردن لەپێناوی بەپیشەسازیکردنی کوردستانو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریو کۆمەلآیەتی لەم هەرێمەدا.**

**و- پێك هێنانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان بەهەموو جۆرەکانییەوە کەبە هاوکاری لەگەڵ سەندیکای کرێکارانی کۆماری عیراق دابن, مەسەلەی بەرگریو داراییو نوێنەرایەتی دەرەوە بەجێی بێڵن بۆ دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری لە بەغدا.**



**ئەمە پلانو بنەما سەرەکییەکان بوو کەلەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە دانرابوون وئەیاندا بەبای گوێی هەموو لایەکدا. ئەفسەرانی کورد هاوکارو پشتیوانی ئەم پلانانە بوون. بەرەی یەکگرتووی حزبە کوردستانییەکان* کۆك بوون لەسەر بوژانەوەی کوردستانی عیراق, هەرچەندە لەمیتۆدەکانا جیاوازبوون.**

**بۆیە هەموو لایەنەکانی هەرێم بەپێی تەوجیهی بەغدا کاریان دەکرد. بۆیە هەموو نوێنەرانو ئەفسەرانی ئەم بەرەیە لەدەوری باش کەسایەتی ئەوکاتەی خۆیان کۆبوونەوە کە(مەلا مستەفای بارزانی) بوو, لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی کوردستاندا کە لەدەوری بوون, فەرمانە ڕاستەوخۆکان یاخود ناڕاستەوخۆکان دەرکران بۆ جێبەجێ کردنی پلانە سیاسییەکان.**

**(مادەی سێو مادەی چوار پشت گوێ خرا چونکە پەیوەندی بەکەرکوکەوە نەبوو)**

**ئیمزا**
**زعیم الركن**
**ناظم الطبقجلي**
**فەرماندەی فیرقەی دوو**

وێنەیەك بۆ/
بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی.

* ئەم بەرەیە بەهیچ شێوەیەك نەبووە. بەڵکو لیژنەیەکی هاریکاری نیشتمانی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو حزبی شیوعیدا هەبوو, لە ماوەیەك پێش شۆڕشی تەمموزی ساڵی 1958. پاشان بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام بوو, ئەویش لەبەر ڕازی نەبوونی هەردوو حزبی نەتەوەیی( الاستقلال والبعث) کە پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە ناو بەرەی یەکێتی نیشتمانییەوە کە لەهەموو حزبە عیراقییە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی پاشایەتی پێك هاتبوون: نووسەر)

**دەربارەی ڕووداوەكانی كەركوك كە لە تەممووزی ساڵی 1959دا ڕوویدا :**

**1-ڕێپێوانەكە:**

هەر لەگەڵ نزیك بوونەوەی ساڵیادی شۆڕشی تەمموزی (1958)دا لیژنەیەك لەشاری كەركوك( هەروەك چۆن لەپارێزگاكانی تر) پێك هێنرا بۆ سەرپەرشتیكردنی ئاهەنگی ساڵیادەكە. ئەم لیژنەیە پێكهاتبوو لەنوێنەرانی فەرماندەیی سەربازیو هەموو دەزگا ڕەسمیو میللییەكانو بەسەرۆكایەتی جێگری پارێزگار. لیژنەكە بڕیاریدا كە ڕێپێوانێكی جەماوەری, كە هەموو لایەك بەشداربن لە عەسری(14)ی تەمموزی ساڵی 1959دا سازبكرێو, بەنێو شەقامە سەرەكییەكانی شاردا تێ بپەڕێ( حنا بە تاتۆ, سەرچاوە پێشوو, ل 915). ڕێپێوانەكە دەستی پێكرد بەو ئاراستەیەی كەلیژنەی ڕێكخەر دیاری كردبوو. زۆربەی بەشداربوان لەكوردو شیوعییەكانو لایەنگرانی پارتی دیموكراتی كوردستانو زۆربەی ئەندامانی یەكێتیو ڕێكخراوە پیشەییو سەندیكا كرێكارییەكان پێكهاتبوو. پێشەكی ڕێپێوانەكە گەیشتە دەروازەی شەقامی ئەتڵەس (الجمهوریە), كەدوكانە بازرگانیو چایخانەكانی تایبەت بەتوركمانی لێیە, كۆتایەكەشی تازە لەشوێنی دەست پێكردنەكەی جێ هێشتبوو كە زۆر دوورە لەشەقامی ناوبراوەوە:

**2-هەڵچوونی موتەتەڕیفەكان:**

بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی كەركوك( حنا بەتاتۆ, سەرچاوەی پێشوو), ژمارەیەكی زۆر لە توركمانەكان بە ئوتومبێلی سەربازی پێشیان لەڕێپێوانەكە گرت لەدەروازەی شەقامی ئەتڵەس. هەر زوو پیاوانی پۆلیس هاتنە نێو بارودۆخەكەوەو نەیان هێشت ئەم ڕووداوە ترسناكە ڕووبداو هەردوولایان جیاكردەوە. ڕێپێوانەكە بەردەوام بوو بە ئاراستەی دیاریكراو لەلایەن لیژنەكەوە. دكتۆر بەتاتۆ پرسیار لەهۆكارەكانی بوونی ئەو



توركمانانە دەكات لەنێو ئەو ئوتومبێلە سەربازییانە, بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا( حنا بەتاتۆ, سەرچاوەی پێشوو, ل 95). كاتێ كە ڕێپێوانەكە گەیشتە چایخانەی (14)ی تەمموز, كەجێ كۆبوونەوەی لاوە موتەتەریفە توركمانەكان بوو, كە دەكەوێتە كۆتایی شەقامی ئەتڵەسەوە. لە ناكاوێكدا چەند تەقەیەك لەبەردەم چایخانەكەوە كرا ڕووەو ڕێپێوانەكەو بووە مایەی سەرلێ شێواندنیانو یەكسەر شەڕ دەستی پێكرد لەنێوان جەماوەری ڕێپێوانەكەو كۆمەڵێ لەو توركمانانەی كە لەپێش چایخانەكە ڕاوەستابوون. بەدارو بەرد لەیەكیان داو پاشانیش تەقە دەستی پێكرد لەلایەن هەندێ لەو سەربازانەو ئەندامانی (المقاومە الشعبیە) كە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ڕێپێوانەكەدا بوو.

**3-بەرپرسێتی لەبەرامبەر توندوتیژییەكەدا:**

بەپێی ڕاپۆرتی ڕەسمی پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگا, ژمارەی كوژراوەكان(20) كوژراو بوو لەگەڵ (130) بریندار. ژمارەی ئەو دوكانو دەزگا بازرگانیانەی تالان كران بە(70) دوكان خەملێنران (حنا بەتاتۆ, سەرچاوەی پێشوو ل915).

بەڵام بەپێچەوانەوە لەراپۆرتێكی تردا كە لەبەرێوەبەرایەتی ئەمنی كەركوكەوە دەرچووە( بەژمارە 6694, بەرواری 20ی تەمموزی 1959) بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عامە, قوربانییەكانی بە(32) كوژراو (130) بریندار, هەرچەندە (12) لاشە زیاتر نەدۆزرایەوە( حنا بەتاتۆ, سەرچاوەی پێشوو, ل 119). هەندێ لەمیدیا عەرەبیو توركییەكان ژمارەی كوژراوەكانیان گەیاندە سەدانو بریندارەكانیش بەهەزاران.

پێدەچێ چەند لایەنێكی گێرە شێوێنو ئاژاوەگێڕ دەستیان هەبوو بێت لە گێڕانی ئەم ئاژاوەیە. بەتایبەتی لەدوای ئەوەی كە پروپاگەندەو واتە وات لەگەڕەكە كوردییەكاندا بڵاووەوەو كەتوركمانەكان تەقەیان كردووە لە ڕێپێوانكارانو ژمارەیەكیان لێ كوشتوون. ئەم هەواڵانە هەر زوو بڵاوبونەوەو هەندێك هێرشیان كردە سەر بنكەی پۆلیسی ئیمام قاسمو دەستیان گرت بەسەر چەكەكانی نێو بنكەكەدا ( حنا بەتاتۆ, سەرچاوە پێشوو, ل 917).

ئەوەی جێگای سەرنجە کە زۆربەی ئەوانەی کە بەشداریان کرد لەکوشتن‌و ڕاکێشانی تەرمەکان بۆ سەر شەقامەکان‌و دوکانەکانیان تالاّن کرد, پەیوەندیان کرد بە ریزەکانی حزبی بەعسەوە کەخزمەتی حکومەتی عیراقیان دەکرد, کە هەندێکیان ئێستاش بەردەوامن لەو جۆرە خزمەتکردنە.

### 4-لایەنە ڕەسمی‌یەکانی بەشداربوو لەم ئاژاوەیە:

لەم بوارەدا پێویستە ئەوە دووپات بکرێتەوە کە بەرپرسانی دەزگاکانی سەربازی‌و ئیستخبارات‌و ئەمن‌و فەرماندەی فیرقەی دوو و پارێزگار ڕۆڵی جۆراو جۆریان بینی لەماوەی ڕووداوەکاندا, هەریەکەو بەپێ‌ی بیرو بۆچوونی سیاسی خۆی. بەلاّم بەڕێوەبەری پۆلیس, کە عەرەبەو سەر بەهیچ لایەنێکی سیاسی نەبوو, ڕۆڵی چاودێری ژیانی هاوولاّتیان‌و کەل‌و پەلەکەیانی بینی. هەموو هەولّی خۆی خستە گەڕ لەپێناو کۆنترۆلکردنی ئاژاوەکە لەشارەکەدا. بەلاّم مودیری ئەمن, کە عەرەبێکی قەومی بوو ڕۆڵی ئەنقەستی بینی لەخۆشکردنی ئاژاوەکە. هەروەها ئەفسەرانی کورد ڕۆڵی بەرچاویان بینی لەئاسایی کردنەوەی بارو دۆخی شارەکە, ڕێگەگرتن لەدەست درێژو تەجاوز کردنە سەر ژیانی هاوولاّتیان. هەروەها هەستان بەڕێگەگرتن لەو جووتیارو کوردانەی کە لەگوندەکانی نزیک کەرکوك بوون لەهاتنە ژوورەوە بۆنێو شارەکە لەسەر لەبەیانی(15)ی تەمموزی سالّی 1959- بوونەمایەی ڕێگە گرتن لەچەندین کاری نایاسایی.

ئەگەر لێپرسراوانی ئەو ڕێکخراوە پیشەیی‌و میللییانەی شارەکە بەوە تاوەنبار بکرێن کە نەیانتوانیوە کۆنترۆلّی ئەندامان‌و لایەنگرانی خۆیان بکەن‌و ڕێگەیان لێ بگرن لەدەست درێژی کردنەسەر مالّی خەلّکی, ئەوا دەبێ بەشێك لەو تاوانەش بخرێتە سەر ئەستۆی سەرانی تورکمانیش چونکە ئەوان هانی کۆمەلّێ لاوی موتەتەریفی خۆیانیاندا بۆ بەرزکردنەوەی لافیتاتی ئیستفزازی لەو کۆبوونەوە جەماوەری‌یەدا کە لەسەر شەقامەکانی شارکران لەشەوی (13) لەسەر (14)ی تەمموز, لە بەیانی(14)ی تەمموزدا.



لەوانەیە سەرانی تورکمان لەو باوەڕەدا نەبووبێتن کە کاردانەوەی لایەنی کوردەکان بەو شێوە توندە دەبێت, ئەگەر بیانزانیبا ئەوا بەشێوەیەکی تر مامەلّەیان دەکرد. وا پێدەچوو کە دلّنیا بن لەوەی کەدەسەلاّت پشتیان دەگرێ لەکاتی ڕوودانی هەر ناکۆکی‌یەك لەگەلّ لایەنی بەرامبەردا, ئەویش لەدەرەنجامی ئەو ووتەو پالّپشتانەی کەبە بەردەوامی لەلایەن بەرپرسانی پارێزگاو فەرماندەیی فیرقەی دووەوە گوێ بیستی دەبوون لەڕۆژانی پێش ئەو ڕووداوە دلّ تەزێنە. کاتی بینیان لەمەراسیمی سەربازی کە بەسەرپەرشتی فەرماندەی فیرقە بەڕێوە دەچوو لەبەیانی (14)ی تەمموزی 1959دا, ژمارەیەك لەپیاوانی کوردو تورکمان لەوانەی کەتازە لەزیندان ئازادکرابوون لەشانی فەرماندەی فیرقەو بەرپرسان‌و میوانانی تر لەسەر مەنەسەی سلاّو لەبەرامبەر فەرماندەیی فیرقەی دوودا ڕاوەستاون.

جگە لەمەش وەکیلی فەرماندەیی فیرقەو وەکیلی پارێزگارو سەرانی دەزگاکانی ئەمن لەعەرەبە قەومی‌یەکان بوو کە بەناوبانگ بە دژایەتی کردنی حزبی شیوعی‌و پارتی دیموکراتی کوردستان‌و کۆنترۆلّ کردنی ئەم دوو حزبە بەسەر شەقامەکانی شاردا.

### 5-ڕۆلّی بەعسی‌یەکان:

واپێدەچوو کە سەرانی تورکمان لەو ماوەیەی کەلەبەغدا گیرابوون‌و دەست بەسەربوون پەیوەندیان کردبوو بەهەندێ لایەنی قەومی‌یەوە وەك بەعسی‌یەکان‌و ئەوانی تر. هەموو پێکەوە ڕێککەوتن‌و پلانی هەولّدان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمیان دارشت. هەروەها سیاسەتی ڕژێم لە نانەوەی ئاژاوەو دوو بەرەکی‌دا ڕوون‌و ئاشکرا بوو. سەرەتا ڕێگەی بەلایەنگرانی حزبی شیوعی‌دا کە کۆنترۆلّی هەموو رێکخراوەکان بکەن, بەرێکخراوی سەربازی (مقاومە الشعبیە) پاشان لەناکاودا تەنگی لێیان هەلّچنی‌و دەرگای لەپێش تورکمانەکاندا والاّکردو هانیانی‌دا بۆ گەڕانەوەی بارو دۆخەکە هەروەك چۆن لەسەردەمی (ناظم الطبقجلی)دا بوو.

لەبەرامبەریشدا شەپۆلی تەتەڕووف زاڵ بوو لەنێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی‌دا, کە بووە مایەی دروست بوونی کەش‌و هەوای ئەو دوژمنایەتی‌یەو ئەو ڕووداوە خوێناوی‌یەی لێ کەوتەوە.

**6- پشتیوانیی کۆمپانیای نەوتی عیراق (IPC) لەووروژاندنی ئاژاوەکە.**

هەموو ئەو فاکتەرانە بەشداربوون لەخولقاندنی ڕووداوەکانی تەمووزی 1959. دیاری‌کردنی فاکتەری سەرەکی ئەم ئاژاوەیە کارێکی ئاسان نیە, چونکە هەمووی تێکەڵاوو تەواوکەری یەکترن, هەر لەموتەتەریفەکانی هەردوو لاو هاندانی دەسەڵاتو عەرەبە قومی‌یەکانو بەعسی‌یەکان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکمانەکان. تادەگاتە فاکتەرە دەرەکی‌یەکان, کە کەرکوك ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی بەریتانی عیراقی بوو کەبەشی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی بەشداربوون.

ئاشکرا بوونی پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی هەندێ لە پیاوانی تورکمان وەك پارێزەر (صدیق نقاش) موقەدەمی خانەنشین کراو (یونس عمر)و موحەمەد سەڵاحی بازرگانو هەندێکی تر لەبەشی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراقی لەساڵی(1962)دا لەلایەن سەڵاح تەرزی کە تورکمانێکی چالاك بوو, کەپاشان دانی بە بەرپرسێتی کوشتنی چەندین کوردانا کە لەساڵانی 1960و 1961 ئەنجامی دابوو.

ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنانە بووە مایەی پچڕانی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان لەشاری کەرکوك کە ڕەنگدانەوەکانی تاوەکو ئێستاش ماوە. جێگای داخە کە بەرپرسانی فەرماندەی فیرقەو دامو دەزگا ئەمنی‌یەکانی شارەکە ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە وروژاندنو خۆشکردنی ئاگری ئاژاوەکەو بەرفراوانکردنی دووبەرەکی‌و ناکۆکی‌یەکان لەنێوان لایەنەکاندا. ڕۆڵیان بەجوانی ئاشکرا بوو دوای لەناوبردنی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم, چونکە زۆربەیان پەیوەندی‌یان بەکودەتای ساڵی 1963وە هەبوو, ڕۆڵی بەرچاویان بینی پلەو پایەی پاشیشیان وەرگرت لەدوای سەرکەوتنی کودەتاکە.



*پاشکۆی ژمارە چوار –أ-*


**نەخشەی ئیداری عیراق پێش ئەو دەسکاری‌یانەی کە ڕژێم لەسنوری ئیداری پارێزگاکان کردی.**




**سەرچاوە:** Iraq Undcr Qasscm, A Political History, 1958-1963 by Urici Dann,1969.

***پاشکۆی ژماره چوار –ب-***

**سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك پاش ئەوەی رژێمی بەغدا ساڵی 1976 چوار قەزای لێجیاکردەوە.**





**سەرچاوە:** Source: Statistics of Atrocities in Iraq Kurdistan



***پاشکۆی ژمارەی چوار –ج –***

**تەعریبکردن‌و تێکدانی ناوچەکانی کوردستانی عیراق، بەپارێزگای کەرکوکیشەوە.**




**سەرچاوە:** The deported and Arabized rgions Iraqi Kurdistan

## رێكخراوی مافی مرۆڤی كورد-له بەریتانیا

Po Box 479 Sutton, Surrey SM2 6ZF, UK

Fax: (0044) 207- 582. 8894.

**بەڕێز كۆفی ئەنان، سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان، نیۆرك ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش، نیۆرك**

**هەموو ڕێكخراوو كەسایەتی‌یەكانی تایبەت بەمافی مرۆڤ. حكومەتی عیراقی بەردەوامە لەشالاوی ڕاگواستنی خێزانە كوردەكان لەشارەكانی كەركوكو خانەقینو جەلەولاو دووزخورماتوو، كە لەژێر كۆنترۆڵی حكومەت دایە. ئێمە لیستی زانیاری( 1468) خێزانی كوردمان لەلایە كە لەسەرماڵو حاڵی خۆیان لەكەركوك دەركراون. لەتشرینی دووەمی ساڵی( 1997)وە بەسەدان لەو خێزانانە بەزۆر ڕاگوێزراونەتەوە بۆ ناوچە ڕزگار كراوەكانی كوردستان، كە ڕێكخراوە خێرخوازە نێودەوڵەتی‌یەكان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ كردوون. ڕژێم لەپێناو جێبەجێ كردنی پرۆسەی ڕاگواستنەكە، سەرەتا بەخێوكەری خێزانەكە دەستگیردەكات تاوەكو ڕێبگرێ لەڕاكردنی ئەندامەكانی ئەو خێزانە. پاشان دەزگای هەواڵگری عیراقیش دەست بەسەر هەموو مومتەلەكاتێكیاندا دەگرێ، لەوانە ماڵو حاڵەكەیانو هەموو فۆرمی ناسنامەیەتی. جگە لەمانەش حكومەتی عیراق سیاسەتی ڕەگەز پەرستی دەرهەق بەو كوردانەی كە لەكەركوك دەژین بەرپا دەكات" ئەویش بەبڕینی ئاوی خواردنو نەبوونی خزمەتگوزاریو كۆبوونەوەی پاشەڕۆو خاوێن نەكردنەوەی شەقامەكان. ئەمەش بۆتە مایەی زیادبوونی**



**نەخۆشی. تەنانەت لەنێو نەخۆشخانەكانیشدا ئەم سیاسەتە بەرپا دەكرێ دژبە كوردان. كورد دواكەسە كەدەبێ چارەسەر وەربگرێ تەنانەت ئەگەر نەخۆشی‌یەكەشی ترسناك بێت. هەروەها حكومەت دەستی كردووە بە نیشتەجێكردنی خێزانی عەرەب كە لەناوەراستو باشوری عیراقەوە دەیانهێنێو لەجێگای خێزانە ڕاگوێزراوەكان نیشتەجێیان دەكات. سیاسەتی پاكتاوكردنی ڕەگەزی لەساڵی(1963)وە بەبایەخەوە دەستی پێكردووە، كاتێك كە حكومەتی بەعس( 33) گوندی كوردنشینی لەدەوروبوری شاری كەركوكو بەهەزارانی‌تر لەخودی شارەكە ڕاگواستەوە. كاتێ لەساڵی(1968)داو لەكودەتایەكی تردا، بەعسی‌یەكان دەسەلاتیان گرتە دەست، ئەم سیاسەتەیان بەشێوەیەكی توندتر پەرەپێدا. ئەمەش بووە مایەی وێران كردنی (732) گوند لەماوەی ئەم بیست ساڵەی دوایدا. هەموو فەرمانبەرانی كورد ئەوانەی لەدامو دەزگا خزمەتگوزاریو كەرتە گشتی‌یەكاندا كاریان دەكرد ڕەوانەی باشوری عیراق كرانو پۆستەكانیش درا بەعەرەب. بۆیە داوا لەئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشو هەموو ڕێكخراوەكانو كەسایەتی‌یەكانی تایبەت بەمافەكانی مرۆڤ دەكەین كە ئیدانەی ئەم سیاسەتە بكەن كەدژ بەسادەترین مافەكانی مرۆڤە، بەپێچەوانەی بڕیاری ژمارە (688)ی ساڵی(1991)ی ئەنجومەنی ئاسایشە. هەروەها داوا دەكەین كە هەموو ئەو خێزانە كوردە دەركراوانەی شاری كەركوكو ناوچە كوردی‌یەكانی تر هەیە بگەڕێندرێنەوە بۆ سەرماڵو حاڵی خۆیانو لەژێر زەمانەتو كۆنترۆڵكردنی(UN)دا.**

کۆمەڵەی کەرکوك بۆ توێژینەوەو دیراسەکردن

لۆرد ئێڤر, جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لەپەرلەمانی بەریتانی پرۆفیسۆر کیڤن بۆیل, زانکۆی ئیسێکس, بەرێوەبەری سەنتەری مافەکانی مرۆڤ.

## سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەکوردستانی عیراقدا.

کێشەی ناوچەی کەرکوك لەکوردستانی عیراق, کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لەڕووی کێڵگەی نەوتیو زەوی کشتوکاڵییەوە, یەکێك بووە لەبەربەستە سەرەکییەکان لەبەرامبەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لەعیراقدا. دۆزینەوەی بڕێکی زۆر نەوت لەکەرکوك دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هۆکارێك بوو بۆ بەستنەوەی ولایەتی(موسڵ)ی عوسمانی (کەناوچەی کەرکوك بەشێك بوو لەم ولایەتە) بەدەوڵەتی پادشایەتی عیراقەوە کە لەساڵی(1921) لەلایەن بەریتانیاوە دامەزرا. حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق, بەتایبەتی لەدوای کودەتای تەموزی 1968 بەسەرکردایەتی حزبی بەعس, بەئاشکرا ئەم سیاسەتە داڕێژراوە بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی لەم ناوچەیەدا جێبەجێ دەکات. لەنێو ئەو کارانەدا کە ڕژێم ئەنجامی داوە ڕاگواستنەوەی فەرمانبەرانو مامۆستایانو کارمەندانی کۆمپانیای نەوت بۆ باشوری عیراقو دامەزراندنی عەرەب لەشوێنەکانیان. بۆ کورد قەدەغەبوو کە خانوو ماڵەکانیان بفرۆشن, تەنها بۆ عەرەب نەبێ, هەروەها قەدەغەبوو بۆ کوردان کە ماڵو مومتەلەکات بکڕن لەهەرباروو دۆخێکدا بێت. ئیدارەی شارەکە ڕازی نەدەبوو هیچ جۆرە مۆڵەتێك بدا بەکورد بۆ دروستکردنی خانوو یاخود مۆڵەتدان بە نوێژەنکردنەوەی تەنانەت ئەگەر خانووەکانیان زۆر پێویستی بە نوێژەنکردنەوەش هەبوایە. ئەمەش بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن تا خانووەکانیان بفرۆشن یاخود بەجێی بهێڵن بۆیان,



دوایش شاربەدەریان بکەن. سەرەکیترین هەنگاو لەپرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچەکە, نیشتەجێکردنی دەیان هەزار خێزانی عەرەب بوو بە شەپۆلی یەك لەدوایەكو بەگرێنتی ئیشو کارەوە. لەهەمان کاتدا چەندین یەکەی جێ نشینی ئامادەکراو, بەناوی عەرەبییەوە لەشاری کەرکوکدا دروستکرا بۆ ئەو تازە نیشتەجێ کراوانە. تەنانەت خودی ناوی کەرکوکیشی گۆڕی بۆ (التأمیم). خوێندن بەکوردی قەدەغەکرا. لەپێناو بە کەمایەتیکردنی کورد لەشاری کەرکوك چوار لەکۆی حەوت قەزای سەربە پارێزگای کەرکوك دابڕێنراو خرایە سەر پارێزگاکانی دەوروبەر. لەماوەی ساڵی 1968 تاوەکو ساڵی 1989 (779) گوندی کوردیو چەندین گوندی تورکمان لەپارێزگای کەرکوك ڕووخێنران, ئەوانەیتر درایە دەستی عەرەبە نیشتەجێکراوەکانو دانیشتوانە کوردەکەشی بەزۆرە ملێ شوێنەکانیان بەجێ هێشت. بەکۆی گشتی (37726) خێزان ڕەوانەی ئوردوگا زۆرە ملێیەکان کران کە دامو دەزگاکانی ئەمن کۆنترۆڵیان کردبوو. ئەو گوندانە (493) قوتابخانەو(598) مزگەوتو(40) بنکەی تەندروستی تێدابوو کە هەمووی وێران کران. شاڵاوی بەدناوی ئەنفال کە لەساڵی 1988دا دەستی پێ کرد, بەشێوەیەکی سەرەکی لەم ناوچەیەدا جێ بەجێ کرا. لەکاسێتێکی تۆمارکراودا کە لەنێو ئەو (17) تەنەی فایلاتی نهێنی پۆلیسی عیراقدا لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی 1991دا کەوتە دەستی کورد,(علي حسن المجید)ی ئامۆزای سەدام حوسێن کە بەرپرسی گشتی نووسینگەی باکوری حزبی بەعسی دەسەڵات دار لە ساڵی 1988 تاساڵی 1989, دەڵێ" بەم زووانە شاڵاوی ڕاگواستنەوە تەواو دەکەین دەست دەکەین بەهێرشکردنە سەریان لەهەرشوێنێك بن بەپێی پلانی داڕێژراوی سەربازی. من تەنها یەك ڕۆژ هێرش ناکەمە سەریان بەکیمیاوی بەڵکو بەبەردەوامیو بۆماوەی(15) ڕۆژ بەچەکی کیمیاوی هێرش دەکەمە سەریان".

ئەم فایلانە وردو درشتی شاڵاوەکانی ڕژێمی عیراقمان بۆ دەردەخا کەدژ بە کورد ئەنجامدراوە لەوکاتەو تادەگاتە ڕاپەڕینەکە. ئەم فایلانە ئێستا لەشوێنێکی سەلامەتدا لەزانکۆی کۆلۆرادۆ (Colorado) هەڵگیراوە.

لەماوەی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی (1991)دا,( علي حسن المجيد)و پاشان وەزیری بەرگری عیراقی راستەوخۆ بەرپرس بوون بەرامبەر بەگرتنی زیاتر لە (30)هەزار کورد لەشاری کەرکوك. هەموو ئەو گیراوانە بۆ ماوەی چەندین رۆژ بەبێ نانو ئاو مانەوەو چەندین لەنێو ئەم گیراوانەدا بەتایبەتی بەساڵاچووەکان لەدەرەنجامی ئەم کارەدا مردن. هەروەها فەرمانی رووخاندنی زیاتر لەدووسەد خانوویدا لەشارەکە. زۆربەی کوردەکان لەترسی بۆمبارانکردنی هیلیکۆپتەرە سەربازی‌یەکان تۆپەکانی ڕژێم شارەکەیان بەجێ هێشت ئەوەبوو پاشانیش ڕێگە نەدران بگەڕێنەوە سەرماڵو حاڵەکەیان. لەدوای پێك دادانەکانی ڕاپەڕینەکەی بەهاری (1991), ڕژێمی عیراقی فشاری زیاتری خستەسەر کوردەکانی ناوچەی کەرکوكو ئەو ناوچانەی تر کە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی‌یەوە تاوەکو بەزۆر شارەکە بەجێ بهێڵن. لەو کارانەی کە ڕژێم پێی هەستاوە, دەست بەسەرا گرتنی خانوو ماڵەکانی ئەو خێزانە کوردانەی کە کەسو کاریان چ لەدەرەوەی عیراقن یاخود لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەژین. پێش سەرژمێرەکەی ساڵی 1997 دەزگای ئەمن کوردەکانی ئاگادار کردووە کە لەناوچەکە دەردەکرێن ئەگەر خۆیان بەعەرەب تۆمار نەکەن. فۆرمێکی تایبەتیان دانابوو بەناوی(گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی) لەگەڵ تەمێ کردنیان کەپڕی بکەنەوەو پاشانیش ئیمزای بکەنو بڵێن کە پێشتر بەهەڵە بەکورد تۆمارکراون. ناوی هەموو ئەوانە کەڕازی نەبوون ئەم کارە ئەودیوکراوە بە لیستێكو فەرمانیان پێ کرا کە ناوچەکە بەجێ بهێڵن. بەخێوکەری ئەو خێزانە دەرکراوانە دەخرانە نێوان دوو ڕیانەوە, یا ئەوەتا بەرەو باشور, کە لەم حاڵەتەدا ڕێگەی پێ دەدرا



ماڵەکەی لەگەڵ خۆی بەرێ, یاخود بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کەلەم حاڵەتەدا هەموو ماڵەکەیانو ناسنامەکانیشی لێ دەستێنرانو دەست بەسەریدا دەگیرا, بەپێی ڕاپۆرتێك کە لەلایەن گروپێکی بەر هەڵستکاری عیراقی‌یەوە لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1999 بڵاوکراوەتەوە دەڵێ ژمارەی ئەو کوردانەی کە دەرکراون لە ئایاری ساڵی(1991)وە تا تشرینی یەکەمی ساڵی 1999 بەرەو پارێزگای سلێمانی (15615) خێزانە کە دەکاتە(92712) کەس,(913) خێزان کە دەکاتە (5811) کەس بەرەو پارێزگای هەولێر. لەوانەیە هەمان ژمارەش بەرەو باشوری عیراق دەرکرابێت. هەمان ڕاپۆرت ناوی ئەو یەکە جێ نشینانە دێنێ کە بۆ نیشتەجێ‌کردنی عەرەب دروست کراوە.

لەراپۆرتێکدا کە لەلایەن(Us Department of state) لەئەیلولی ساڵی 1999دا ئامادەکراوەو دەڵێ (لەباکوری عیراق, حکومەت بەردەوامە لەشاڵاوەکانی بۆ بەزۆر ڕاگوێزانەوەی خێزانی کوردو تورکمان بەرەو پارێزگاکانی باشور. لەدەرئەنجامی ئەم ڕاگواستنە نزیکەی (900000) هاووڵاتی دەربەدەربوونە لە سەرتاسەری ناوخۆی عیراقدا). دامو دەزگا ناوخۆی‌یەکان لەباشور فەرمانی دەستگیرکردنی هەر فەرمانبەرێك یاخود هاووڵاتی‌یەکی دەرکردووە کە ئیشو کار یان خواردن یان جێگەو ڕێگە بۆ کوردە تازە گەیشتووەکان پێشکەش بکات.

لیژنەی لێبوردنی دەولی لەتشرینی دووەمی ساڵی (1999)دا لەڕاپۆرتێکدا باس لە بڕیارێك دەکات کە لەلایەن نووسینگەی سەرۆکایەتی عیراقەوە بڵاوبووەتەوە, کە فەرمانی ڕاگواستنەوەی (1468) خێزانی داوە لەماوەی نێوان (15)ی نیسان تا (15)ی حوزەیرانی ساڵی 1998.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی پرۆسەکەو جێ بەجێ‌کردنی لەلایەن هێزەکانی ئەمنەوەو دەڵێ:

1-پێویستە هەر خێزانێکی کوردی کە دەردەکرێت بەرەو باکور ئەندامێك لەخێزانەکەی دەستگیربکرێت.

2-دەست بەسەراگرتنی موڵکی دەرکراو.

3-دەست بەسەراگرتنی کۆبوونی خۆراك.

4-دەست بەسەراگرتنی ناسنامەی ئەندامێتی لەدەزگاکانی حکومەت.

5-وێنەیەکی ئەم بڕیارە بۆ: بەرپرسی ئەمنی هەر قەزایەك" نووسینگەی حزبی بەعس لەهەر قەزایەك و بەرپرسی هەر گوندێك.

ڕاپۆرتەکە درێژەی پێ دەداو دەڵێ: "موڵکە بەجێ ماوەکانیان لەکەرکوك‌و خانەقین لەلایەن دەسەڵاتەوە دەدرێ بەو عەرەبانەی کە پشتیوانی حکومەت دەکەن‌و لە شوێنەکانی تری عیراقەوە هێنراون".

(US State Department) لەڕاپۆرتەکەیدا باس لەتەواوی وێرانکردنی کۆنەقەڵای شاری کەرکوك دەکات کە چەندین شتی زۆر بەنرخ‌و مزگەوت‌و کەنیسەی کۆن‌و مێژوویی تێدایە.

هەموو ئەو کارانەی کە حکومەتی عیراقی دژ بە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە ئەنجامی داوە ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەی بڕیاری ژمارە (688)ی ساڵی (1991) ی ئەنجومەنی ئاسایشە, کە ئیدانەی حکومەتی عیراقی دەکات دەربارەی لەناوبردنی خەڵکی مەدەنی کە هەڕەشەلە ئاشتی‌و ئاسایشی جیهان دەکات.

هەمان بڕیار داوای ئەوە لەعیراق دەکات کەدەبێ کۆتایی بەکاری کۆمەڵکوژی بهێنێ‌و ڕێگە بدات بە تەدەخولکردنی ڕێکخراوە مرۆیی‌یەکانی جیهانی بۆ هەموو ئەوانەی کە پێویستیان بەیارمەتی هەیە لەهەموو بەشەکانی عیراق.

هەتاوەکو ئەمڕۆش حکومەتی عیراقی وەڵامی نیە. نەکۆتایی هێناوە لە قەلاچۆکردنی هاووڵاتیانی مەدەنی, نە ڕێگە دەدا بەرێکخراوە دەرەکی‌یەکان



کە یارمەتی ئەو خەڵکانە بدەن کە پێویستن. ڕژێم ڕۆژانە بەردەوامە لەڕاگواستنی کوردو تورکمان لەناوچەی کەرکوك‌و نیشتەجێ‌کردنی عەشیرەتە عەرەبی‌یەکان لەسەر ماڵ‌و خاکیان. ئەمە بەشێوەیەکی ئاشکرا سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی‌یەو بەپێ‌ی پیلانێکی داڕێژراو لەناوچەکەدا جێ بەجێ دەکرێ, هەر لەو شێوەیەی کە لەبۆسناو کۆسۆڤۆو تەیموری ڕۆژهەلاتدا بەدی دەکرا, کەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاتە نێو دۆخەکەو کۆتایی پێ هێنا. ئەم سیاسەتەو هەموو ئەوانەی کەلای سەرەوە باسمان کرد بووە مایەی ئەوەی کە بەهەزاران کوردی دەرکراو ڕووبکەنە ئەوروپا بەشوێن پەناهەندەیدا بگەرێن.

بەم دوایی‌یە کۆمەڵەی کەرکوك بۆ توێژینەوەو دیراسەکردن لەلایەن گروپێك لەخەڵکی ئەکادیمی‌و تایبەت بەمافی مرۆڤ دامەزرا. ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە ئامادەکردنی توێژینەوەیە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی‌و دەرەنجامی باری دەروونی ئەو خەڵکە دەرکراوەی ناوچەی کەرکوکە. هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی ژمارەی ئەو خەڵکە دەرکراوانەی کە ئیستا لەئوردگاکاندا دەژین‌و بەهەموو هەوڵێکەوە یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەرماڵ‌و حاڵی خۆیان‌و ژیانی ئاسایی جارانیان.

لەبەر ئەم هۆیە, داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە داوا لەحکومەتەکەتان بکەن پەلە بکات لەئەنجومەنی ئاسایش کە بێتە نێو کێشەکەو ڕێگە بگرێ لەدەرکردنی دانیشتوانی ناوچەی کەرکوك‌و ناوچەکانی تری کوردستان کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی عیراقدایە. ڕێگە بدەن بەوانە کەدەرکراون بگەڕێنەوە بۆ سەرماڵ‌و حاڵیان و لەژێر چاودێری (UN)دا. ئەمەش لە چوارچێوەی بڕیاری (688)ی ئەنجومەنی ئاسایشە.

(14)ی **شوباتی** 2000

*پاشکۆی ژماره پێنج –ج –*

**بەعەرەب کردنی ناوچە کوردییەکانو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەرهەق بەدانیشتوانەکەی, لەو ناوچانەی کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی عیراقی دایە.**

**بەڕێز سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان**

**بەڕێز لێپرسراوی باڵای لیژنەی مافی مرۆڤ**

**بەڕێز سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش.**

**بەڕێز سەرۆکی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان**

**ئێمە ئەم کێشانەی گەلی کورد کە لەخوارەوە هاتووە دەخەینە بەردەم بایەخی ئێوەو, زۆر بەڕێزەوە داوای کاری بەپەلە دەکەین بەپێی بڕیاری ژمارە (688)ی ساڵی (1991)ی ئەنجومەنی ئاسایش. کێشەکەش یەکێ لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤو مافی سیاسیو مافی مەدەنی ئەو کوردانەی کە لەبەشێکی کوردستانی عیراقدا, کەهێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدایە, دەژین بەتایبەتی شاری کەرکوكو دەورو بەرەکەی. لەڕووی دەرەوە کارەکانی رژێمی عیراقی وادیارە کە کێشەی کاروباری ناوخۆی عیراق بێت بەڵام لەکاری پاکتاوکردنی ڕەگەزی کوردو تورکمان بەو لاوە هیچی تر نیە.**

**لەساڵی (1997)دا رژێمی سەدام بەفرتو فێڵ ئەندازەی سەرژمێرەکانی تەزویر کردو ویستی وا پیشان بدا کە کەرکوك شارێکی عەرەبییە. تاوەکو ئەم بەروارەش, بەرنامەی جێبەجێکردنی بەعەرەبکردنی ناوچەکە بەردەوامە, بەپێی بڕیارێك کە حکومەتی عیراقی بڕیاری لەسەرداوەو لە ئەیلودا لەلایەن (عزت ابراهیم)ی جێگری سەرۆك کۆماری عیراقەوە دووپات کرایەوە کە بەئاشکرا لەکەرکوك ووتبووی" ئێمە نایەڵین هیچ غەیرە عەرەبییەك**



**لەکەرکوك بمێنێتەوە" لەساڵی (1992)وە رژێمی عیراقی زیاتر لە (108000) کوردی لە جێگای باو باپیرانی لەکەرکوكو دەوروبەرەکەی بەزۆر دەرکردووەو ڕایگواستونەتەوەو ئەو عەرەبانەی لە جێگاکەیان نیشتەجێ کردووە کە خزمەتی رژێمی سەدام دەکەن.**

**رژێم هەموو ئەمانەی ڕاگواستەوە بۆ( ناوچەی ئارام)و تەنانەت کەلو پەلە تایبەتییەکانیانو ناسنامەکانیش رژێم دەستی بەسەرداگرتن. لەوانەیە هەمان ژمارە لەبیابانەکانی باشوردا بەرەڵاکرابێت بەنامۆیی لەگەڵ دەوروبەرەکەیداو جگە لەوەی زۆریشیان لێ کرا کەناسنامەی خۆیان بگۆڕن. لەپێناو سڕینەوەی شوێنەواری کوردێتی ئەم ناوچەیە, رژێم هەرچی گوندە چۆڵ کراوەکانی دەوروبەری کەرکوكو گۆڕستانە کوردییەکانی هەیە بەبلدۆزەر تەختی کرد. هەمان بارودۆخ لە یۆگسلاڤیای پێشوو وتەیموری ڕۆژهەڵات ڕوویدا, لەچارە سەرکردنیشدا هەنگاوی پۆزەتیڤانەی لێ کەوتەوە. بارودۆخی کوردستانیش دەکەوێتە چوار چێوەی پێناسەی شەرعی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە, لە(پێشێل کارییەکانی مافی مرۆڤ)و (جینۆساید)و (پاکتاوکردنی ڕەگەزیی). بۆیە مافی خۆمانە داوا بکەین نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێو بەپێی بڕیاری (688)ی ساڵی (1991)ی ئەنجومەنی ئاسایش حکومەتی عیراق بوەستێنێو بەرپەرچی کارەنایاساییەکانی بداتەوە. کەچی دوا بەدوای ئەم بڕیارەو پاش کۆتایی هاتنی جەنگیکەنداوو دوا بەدوای لەناوبردنی وەحشیانەی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991, کە بووە مایەی درست کردنی (ناوچەی ئارام)و پاشانیش (ناوچەی دژە فڕین)، رژێمی عیراق سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی زیاتر پەرەی پێدا.**

**ئەم ناوچەیە, لەراستیدا سەرکەوتوو نەبوو, هەروەك ستایشدەکرا, لەبەرجەستەکردنی ئاسایش بۆ گەلی کورد. نزیکیی سوپای عیراقو**

**هەڕەشەی بەردەوامی گەڕانەوەی, مەترسی‌یەکی بەردەوامە بۆ سەر گەلی کورد.**

**هەر بەم دوایی‌یەو لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمدا سوپای عیراقی سێ گوندی دیکەی کوردی لە باشوری هەولێر, کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە, داگیرکرد.**

**بەبۆچوونی ڕژێم حاڵەتی سەپاندن کارێکی نائاسایی‌یەو ڕۆژێك دێت دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. لە ڕووانگەی ڕژێمەوە باری ئاسایی ئەوە دەگەیەنێ کە بگەڕێتەوە بۆ باری تەواو کۆنترۆڵکردن‌و دووبارە کردنەوەی کارە وەحشی گەری‌یەکانی هەروەك لەشاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا لەساڵی 1988 بەدی دەکرا. کەنزیکەی 180000 هەزار هاووڵاتی کورد کوژران‌و گوندەکانیان وێرانکراو چەکی کیمیاوی بەکار هێنرا. ئێستاش دام‌و دەزگاکانی ئەمنی عیراقی چالاکانە کاردەکەن لەو ناوچانەی کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدایە, بەرپرسن بەرامبەر چەندین کاری تیرۆرستی. وەك نانەوەی بۆمب لەنێو شوێنە قەڵەباڵغەکانداو لەنێو هاووڵاتیاندا. ئەم ناوچەیە کە بە(ناوچەی ئارام) دەناسرێ لەناوچەیەکی نائارام زیاتر نیە, بەڵگەش بۆ ئەمە لە (31)ی ئابی 1996دا کاتێ کە سوپای عیراقی هەولێری پایتەختی داگیرکردەوەو چەندین کوردو چەندین لە بەرهەڵستکارانی‌عیراقی قەسابی کران, بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێك بدرێ بۆ هاتنە نێو کێشەکەو ڕاگرتنی ئەو کارە وەحشی‌گەری‌یانەی کە لەلایەن سوپای عیراقی‌یەوە ئەنجامدرا. لەم دوایی‌یەدا چەندین وڵات هەوڵی تازەکردنەوەی پەیوەندی‌یەکانیان داوە لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا ئەمەش ئەوەنیشان دەدا کەخودی (ناوچەی ئارام) بووەتە مایەی گومان.**

**لەساڵی (1991)دا ناوچەی دژە فڕین بەسەر هێڵی (36) دامەزرا بەمەبەستی پاراستنی گەلی کورد. بۆبەدبەختی, کاتێك کە ناوچەکە بەپێی**



**ئەم هێڵە دیاری‌کرا, هیچ حسابێك بۆ جوگرافیای خاکی کورد نەکرا. هەروەها ناوچەی ئارام بووبە گۆڕەپانی دەسەڵاتی ململانێی نێوان عیراق‌و ئێران‌و تورکیا. لەنێوان ساڵانی 1992 تا ساڵی 1995 (101) ئاوارەی کوردی ئێران لەم ناوچەیەدا لەلایەن دام‌و دەزگاکانی ئەمنی ئێرانی‌یەوە کوژرا. لەکۆتایی ساڵی 1995دا یەکە سەربازی‌یەکانی سوپای ئێران بەبێ بەرەنگاری‌و بەدرێژایی (80) کم هاتنە نێو ئەم ناوچەیەوە بۆ ڕاوەدوونانی دورخراوە سیاسی‌یەکانی کوردی ئێران کە لەکامپەکانی ئەم ناوچەیە دەژیان.**

**حکومەتی تورکی, لەلایەن خۆیەوە, بەئاشکرا دەست وەردەداتە کاروباری کوردستانی عیراق بەشێوەیەکی تەقلیدی دەڵێ کە ڕازین بەگەڕانەوەی دەسەڵاتی عیراقی بۆ ئەم ناوچەیە. تورکیا, چەندین جار, بەدەیان هەزار هێزی سەربازی بەپشتیوانی تانك‌و هێزی ئاسمانی ئەم ناوچەیەیان بەزاندووەو بوونەتە مایەی کوژرانی سەدان هاووڵاتی‌و ڕووخاندنی گوندە کوردنشینەکان.**

**لە(15)ی ئابی ساڵی (2000)دا بەلای کەمەوە (41) هاووڵاتی لەگەڵ خێزانەکانیاندا کە زۆربەیان شوان بوون لەئەنجامی بۆمبارانکردنی هێزە ئاسمانی‌یەکانی تورکی کوژران.**

**لەم دوایەداو لە (17)ی کانوونی یەکەمدا یەکە سەربازی‌یەکانی سوپای تورکی نزیکەی (300) کم سنووری ناوچەی دژە فڕینیان لەسنووری ئێران بەبێ ئەوەی نکۆڵی لێ بکات بەزاند.**

**هەروەها لەناوچەی ئارامدا مافی مرۆڤ پێشێلدەکرێ‌و خەڵکی بێ سەرو شوێن دەکرێن‌و دەست بەسەر ماڵ‌و حاڵیاندا دەگرێ پاشانیش بەئاشکرا نکۆڵی لێ کردوو بەبێ هیچ بەڵگەیەك. خەڵکەکەی تەحەمولی حاڵەتی نەشەڕ نە ئاشتی دەکەن‌و ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەردەوامی هێرشکردن‌و داگیرکردنەوەی سوپای عیراقی دەبنەوە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم لاوی کورد لەماڵەوە دەردەکرێ‌و بێ بەش دەکرێ لەبواری خوێندن‌و بێ ئیش‌و بێ**

کار بەنائارامی ژیان دەباتە سەر بەرێژەیەکی ڕوو لەزیادبوو هەوڵ دەدەن ڕێگەی ڕۆژئاواو هەندەران بگرنە بەر کە بەزۆریش لەرێگادا ژیانیان لەدەست دەدەن.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەسەر ڕژێمی عیراقی کۆبووەتەوە, لە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی دژ بە کوردو تورکمانو ئاشوری- کلدانی کوردستانی عیراق, پێویستە لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەنگاری ڕژێم ببێتەوەو تەدەخول بکات تاوەکو ئەو خەڵکە دەرکراوانە بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرماڵو حاڵیانو تەئکید لەسەر سەلامەتیان بکرێت. ئەم حاڵەتەش بەوە چارە سەر دەبێ ئەگەر ناوچەی دژە فڕینی ئێستا بخرێتە ژێر پاراستنی UNو هێڵەکە فراوان بکرێتەوە. تاکو بەشەکانی تر کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدایە بگرێتەوە.

ئەگەر ئەم کارە نەکرێ ئەوا بارودۆخەکە زۆر بەرەو خراپی دەچێ لەم بەشە گرنگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. تەئکیدی دەکەینەوە کە لەداهاتوودا هەر هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی زۆر گران دەبێ. لێشاوی نیشتەجێکردنی عەرەب لەناوچەی کوردان جۆرە بارو دۆخێکی نائارام دەخولقێنێ کە هەروەك لە شوێنە نائارامەکانی تری جیهاندا دەبینرێ.

لەڕۆشنایی هەموو ئەوانەی لای سەرەوە کە باسمان کرد, داوا لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین کە:

1-بەخێرایی نوێنەرێك بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان بنێرن بۆ کوردستانی عیراق. پێویستە بابەتی سەرەکی ئەم نوێنەرە ئەوەبێ کە زانیاری بەرجەستەیی لەسەر بارودۆخی خراپی دەیان هەزار خێزان ئاوارەی کەرکوكو شوێنەکانی تری کوردستان کەهێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدایە کۆبکاتەوە. بڕیاری (688) مافی ئەوە دەدات بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.



2-هەموو کوردستانی عیراق, بەو ناوچانەشەوە کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدایە بخرێتە ژێر پاراستنو چاودێری(UN)وە هەروەك چۆن لە کۆسۆڤۆو تەیموری ڕۆژهەلاتدا ڕوویدا. ئەمە تەنها گرێنتی پاراستنی هاوولاتیانی ئەم هەرێمە دەداو تەنها ئەو کاتە باروودۆخێکی ئارام دێتە کایەوە بۆئەوەی کە خەڵکی کوردستانی عیراق چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

ئەمە یارمەتی دەرێك دەبێ بۆ چەسپاندنی ئاشتیو ئاسایش ئەگەر نا ئەوا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە نا ئارامی دەمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزدا

2000/12/29

1.Kirkuk Trust for Research and Study (KTRS), London, (UK)*

2.Madame Mitterrand, President, France Liberties, Paris, (France).

3. Lord Avebury, Vice-President, Parliamentary Human Rights Group, House of Lords, London (UK).

4-Lord Rea, Vice-President, Parliamentary Huamn Rights Group, House of Lords, London, (UK).

5. Lord Dholakia, House of Lords, London, (UK).

6. Bruce Kent, Vice-President, Pax Christian, Chair of the Committee for Culture and Peace,(UK).

7.Dr.E. Murphy, Dr. Rashidian, Professor A. Ehteshami, Dr. Husni, Dr. I.Ghasari, Centre for middle Eastern & Islamic Studies, Durham University, (UK).

8.Gareth Pierce, Lawyer, (UK).

9.Kurdish Cultural Centre, London, (UK).

10.The Defence Group of Kirkuk City, Copenhagen, (Denmark).

11.Awadani, Kurdistanhilfe, Information, Beratung, und Dokumentation, Berlin, (Germany).

12.Kirkuk Identity protection Centre,Beneluxe,(Holland).

13.Kurdistan – Frizland Foundation, (Holland).

14.Kurdish House in Arnhem, (Holland).

15.The Kurdish Jorrnal“Referendum”, London, (UK).

16.Kurdish Cultural Centre- Den Haag, (Holland).

17.Kurdish Cultural Society Midiya- Rotterdam, (Holland).



18. Kurdish Society in Enschede, (Holland).

19.Iraqi Kurdistan Communist Party (IKCP), (Kurdistan).

20.Yezidis Centre Abroad, Hanover, (Germany).

21.Kurdistan Independent Labour Party (KILP), (Kurdistan).

22. Kurdistan Toilers Party (KTP), (Kurdistan).

23.Kurdistan Studies Journal, Cultural Centere for Kurdistan Studies, Uppsala, (Sweden).

24.Patriotic Union of Kurdistan (PUK), (Kurdistan).

25. Kurdistan Democrats’ Movement (KDM), (Kurdistan).

26. Kurdistan Social Democratic Party (KSDP), (Kurdistan).

27. Kurdistan Conservative Party (KCP), (Kurdistan).

28.High Committee for Iraqi Displaced People, Sulaimania, (Kurdistan).

29.Iraqi Turkman Union Party (ITUP), (Kurdistan).

30.Deportation and Arabization Challenge Center, (Kurdistan).

31.Provincial Assembly of the Sulaimania Governorate, (Kurdistan).

32.Professor Carole A. O’ Leary, American University, Center for Global Peace, Washington, (USA).

33.Hiwai Kurdistan Association, Stockholm, (Sweden).

34. Kurdistan Human Rights Organization, (Kurdistan).

35.Human Rights Bureau, (Kurdistan).

36.Committee for Homeless Faileys in Kurdistan, (Kurdistan).

37. Kurdistan Childrens’ Refuge, (Kurdistan).

38.Womens’ Union of Kurdistan, (Kurdistan).

39.Iraqi Kurdistan Womens' League, (Kurdistan).

40.United Women of Kurdistan, (Kurdistan).

41.The Chamber of Commerce, Sulamania city. (Kurdistan).

42.Faileys' Cultural Centre, (Kurdistan).

43.Engineering Union of Kurdistan, (Kurdistan).

44.Medidical Union of Kurdistan, (Kurdistan).

45.Union of Jurists in Kurdistan, (Kurdistan).

46.Shahid Rebaz Education Centre, (Kurdistan).

47.Kirkuk Social and Cultural Association, (Kurdistan).

48.Hiwa Cultural Centre, (Kurdistan).

49.Garmaser Centre, (Kurdistan).

50.The Union of Islamic Clergy, (Kurdistan).

51.Baba- Gurgur Cultural and Social Assocition, (Kurdistan).

52.Teachers' Union of Kurdistan, (Kurdistan).

53.Students' Association of Kurdistan, (Kurdistan).

54. Kurdistan Workers' Union, (Kurdistan).

55.Farmers Union of Kurdistan, (Kurdistan).

56. Kurdistan Union of United Artists, (Kurdistan).

57.Geological Society of Kurdistan, (Kurdistan).

58.Deaf and Mute Association of Kurdistan, (Kurdistan).

59.The Association for the Support of Victims of Anfal, (Kurdistan).

60.Vanguard Union of Kurdistan, (Kurdistan).

61.The Free Journalists Group, (Kurdistan).



62. Kurdistan Folklore Society, (Kurdistan).

63.Civil Service Union of Kurdistan, (Kurdistan).

64. Kurdistan Retirement Association, (Kurdistan).

65.Childrens' Arts Society, (Kurdistan).

66.Childrens' Rights Association, (Kurdistan).

67.Photographers' Union, (Kurdistan).

68.Youth Freedom Organization, (Kurdistan).

69. Kurdistan Sociology Association, (Kurdistan).

70. Association of the Handicapped, (Kurdistan).

71. Kurdistan Green Society, (Kurdistan).

72.Blood Donors' Society, (Kurdistan).

73. Kurdistan Tolassemia Society, (Kurdistan).

74.Rozh Society for the Aid of Handicapped People, (Kurdistan).

75. Accountants and Economists Union of Kurdistan, (Kurdistan).

76. Kurdistan Health Staff Union, (Kurdistan).

77. Kurdistan Society of Chemists and Physicists, (Kurdistan).

78.Agricultural Engineers' Union of Kurdistan (Kurdistan).

79.Engineering Technicians' Union of Kurdistan, (Kurdistan).

80. Union for the Blind, Kurdistan, (Kurdistan).

81.Civilian Culture Training Centre in, Kurdistan, (Kurdistan).

82. Kurdistan Agricultural Technicians' Union, (Kurdistan).

83.Biologists' Union of Kurdistan, (Kurdistan).

84. Kurdish Organisation for Human Rights in Britain, London, (Uk)

85.Identity Defence Centre for Kirkuk and other Kurdistani Deported Regions in Kurdistan, Hanovr, (Germany).

86. Kurdistan Childrens' Friend Society, Hanover, (Germany).

87.Establishment for the aid of Mine Victims in Kurdistan, Hanover, (Germany).

88.Kurdish Committee in Hanover, (Germany).

89.Hiwa Radio (The Kurdish Programme of RADIO-FLORA), Hanover, (Germany).

90. Kurdish Culture Centre (Kurdische Bibliothek), Hanover, (Germany).

91. Kurdish Aid Wales, Cardiff, (Uk).

92.Tampereen Kurdikulttuuri Yhdistys, Tampere, (Finland).

93.Ahmed Foundation for Kurdish Studies, Washington, (USA).

94.Mamosta-y Kurd, A Cultural Kurdish Journal, Sollentuna, (Sweden).

95.Peoples' Democratic Movement of Kurdistan, (Kurdistan).

96.Popular Movement of Kurdistan, (Kurdistan).

97.Workers' Organisation of Kurdistan, (Kurdistan).

98.Kurdistan Democratic Association of Youth and Students, (Kurdistan).

99.Hazhir Teimourian, Writer and Broadcaster, London,(Uk).

100.Verein Zum Schutz Menschenrechte der Kurden, Nurnberg, (Germany).

101.kurdisch Gemeinde, Nurnberg, (Germany).



102.Hugo Charlton, Green Party Spokesperson for Human Affairs and Human Rights, (Uk).

103.Baroness Sarah Ludford, Member of the European Parliament.

104.Association of Kurdish Students and Academicians, Uppsala, (Sweden).

105.Assyro-Chaldean Organization, Arbil, (Kurdistan).

106.Kurdish Democratic Union of Kurdistan, (Kurdistan).

107.Association of Turkman Intellectuals in Kurdistan, Arbil, (Kurdistan).

108.Kurdish Islamic Union, (Kurdistan).

109.Islamic Union of Kurdistan, (Kurdistan).

110. Kurdish Artist Association, Nurnberg, (Germany).

111. Kurdish Group of Mothers and Children, Nurnberg, (Germany).

**نووسەر لەچەند دێڕێکدا :**

*لەشاری کەرکوك لەدایك بووە.

*خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لەکەرکوك تەواو کردووە.

*بەکالۆریۆسی لەیاسا لەزانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

*دکتۆراکەی لەیاسا لەزانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی وەرگرتووە.

*لەچەند زانکۆیەکی عیراقدا وانەی ووتووەتەوە لەوانە زانکۆی بەغدا( کۆلیژی یاسا) لەساڵی 1968 هەتا ساڵی 1982 کاتێ لەبەر هۆکاری سیاسی خانەنشین کرا.

*دانەری یەکەم فەرهەنگی زاراوەی یاسایی‌یە بەزمانی کوردی‌و عەرەبی‌و فەرەنسی‌و ئینگلیزی.

*دانەری یەکەم پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عیراقە.

*ئێستاش سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤە لەبەریتانیاو سەرۆکی کۆمەڵەی کەرکوکە بۆ توێژینەوەو دیراسەکردن لەلەندەن.